# مەزهەبی ئەشاعیرەو ڕەواندنەوەی گومانەكان



ئامادەكردن و لێكۆڵینەوەی
باوكی غەزالی

پەیامەکانی حەق و نوور

پەیامی ١٥

# مەزهەبی ئەشاعیرەو ڕەواندنەوەی گومانەکان

ئامادەکردن و لێکۆڵینەوەی

باوکی غەزالی مەلا ڕەزوان



# ناوەڕۆك


| بابەتەكان | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەكی وەرگێڕ | ١ |
| ئەشعەریەكان كێن؟ | ٤ |
| پوختەیەك لە ژیاننامەی ئیمامی ئەشعەری | ١٣ |
| پوختەیەك لە ژیاننامەی ئیمامی باهیلی ئەشعەری | ١٩ |
| پوختەیەك لە ژیاننامەی ئیمامی ئەبو بەكری ئیبن و فۆركی ئەشعەری | ٢١ |
| پوختەیەك لە ژیاننامەی ئیمامی باقلانی ئەشعەری | ٢٥ |
| هەندێ لە زانا بەناوبانگەكانی مەزهەبی ئەشاعیرە | ٤٠ |
| بیروباوەڕی ئەشعەریەكان و ناوی هەندێ لە زانا بەناوبانگەكانیان | ٤٨ |
| بوختانێك بە ئەشاعیرەكان | ٥٣ |
| ئوصولێ ئەشاعیرەكان | ٥٦ |
| جەنگی زاراوەكان | ٥٩ |
| ریسالەی ئایە ئیمامی ئەشعەری بە سێ قۆناغ تێپەڕیوە؟ | ٦٧ |
| | |

# پێشەکی وەرگێڕ

بسم الرحمن الرحیم

خۆشەویستان، بۆ ئاشنابوون بە گەورەیی قوتابخانەی ئوصوڵی عەقائیدی ئەهلی سوننەو جەماعە، وە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو گومانە نەزۆکانەی کە ئاڕاستەی ئەهلی سوننە ئەکرێ لە لایەن هەندێ تاقمی ئەهلی بیدعەوە، ناچار بووین ئەم کتێبە وەربگێڕین و چەند بابەتانێکیش کۆبکەینەوەو بیانهێنین و تێکەڵی بکەین بەو وەرگێڕانە، ئەمەش لەبەر گرینگی بابتەکان.

کاری ئێمە لەم کتێبەدا:

ئاشناکردنی موسڵمانانە بە بیروباوەڕێکی ڕەسەنی ڕاست و دروست کە هەزار ساڵ زیاترە ئەم خەڵکە لەسەریەتی، کە سانێک ئەیانەوێ موسڵمانان بەرەو گۆمڕایی ببەن و تانەو تەشەر لە پێشەواکانی ئەهلی سوننە بدەن، جا هەردوو نووسەر حەمەد سینان و فەوزی عەنجەری هەڵساون بە کۆکردنەوەی سەدان بەڵگە لە کتێبی (أهل السنة الأشاعرة شهادة علماء الأمة وأدلتهم) تاوەکوو حەقیقەت بۆ خەڵکی بەیان بکەن و موسڵمانان نەکەونە ناو گومڕاییەوە، وە هەڵساون وەڵامی هەموو ئەو گومانانەیان داوەتەوە کە ئاڕاستەی مەزهەبی ئەهلی سووننە ئەشاعیرەکان کراون، بەبەڵگەی مێژوویی و زانستی و عەقڵی گومانەکانیان ڕەواندووەتەوە، ئێمەش بەر لە وەرگێڕانەکەی ئەوان چەند بابەتێکمان کۆکردووەتەوەو نوسیوە سەبارەت بە ئەشعەریەکان کێن و زاناکانیان کێن و ئوصوڵی عەقائیدیان چیەو پێشەواکانیان کێنە.

هیوادارم ئەم کتێبە قەبارە بچووکە کەڵێنێکی گەورەی فیکری پڕ کردبێتەوە سەبارەت بەو تەموومژەی کە بەسەر ئەهلی سوننەوەیە، خوای گەورە بیکاتە توێشووی قیامەتی هەموو موسڵمانان و هەموو پێشەواکانمان، لەسەرووی هەمووشیان حەزرەتی رسول اللّٰه صلی اللّٰه علیه وسلم.

**باوکی غەزالی مەلا ڕەزوان**

**٢٠٢٠/٧/٢٢**

## ئەشعەریەکان کێن؟

مەبەست لە (ئەشعەری) ئەوانەن کە ڕێگای ئیمام (ئەبو لحەسەنی ئەشعەر)ییان گرتۆتەبەر لە عەقیدە و بیروباوەردا، ئەویش نەك بەتەقلید (لا تقليداً بل اهتداءً) چونکە ئیمام ئەبولحەسەنی ئەشعەری _ هەروەك ئیمام تاج الدين السبكي_ دەفەرموێت بووچونێکی تازەی دانەهێناوە، وە مەزهەبێکی تازەی پێك نەهێناوە، بەڵکوو ڕێبازەکەی درێژەپێدەری ڕێبازی سەلەفی صالح بووە، سەرخەری ئەو عقیدەیە بوو کە صحابە و سەلەفی صالحی لەسەر بوون. شەیخی ئیسلام، سوڵتانی زانایان (عز الدينی کوڕی عبد السلام) دەفەرمووێت (أن عقيدة الأشاعرة اجتمع عليها الشافعية والمالكة والحنفية وفضلاء الحنابلة) واتە: عەقیدەی ئەشاعیرە هەرچی شافیعی و حەنەفی و مالیکی هەیە لەگەڵ بەرێز و عەقیدە چاکانی حەنابیلەکان (نەك غولاتەکانیان) لەسەری کۆکن.

ڕێبازی ئەشعەرییەت، ڕێبازی زۆرینەی ئوممەی ئیسلامی و پێشەوایانی بووەو لە ئیستاش زۆرینەی موسڵمانانی جیهان ئەشعەرین بە عەوام و زاناکانیانەوە، زۆرینەی فوقەها و موفەسیرین و موتەکەلمین و موحەددیینی ئەم ئوممەتە ئینتیمایان هەبووە بۆ ڕێبازی ئەشعەرییەت، نمونەی (الباقلاني ، وابن فورك ، والإسفراييني ، والحافظ أبي الحسن الدارقطني ، وأبي نعيم الأصفهاني ، والحاكم النيسابوري صاحب المستدرك ، والحافظ البيهقي ، وابن حبان ، والخطيب البغدادي ، والقرطبي ، وابن الصلاح الشهرزوري ، والنووي ، وابن حجر العسقلاني ، والسيوطي ، وإمام الحرمين ، و الإمام الغزالي ، ...الخ)

ئەمانە نمونەی مشتێکن لە خەرواری ئەگینا گەر ناوی زانا و پێشەوایانی ئیسلام لە دین و زانست و جیهادا بنوسین پێویستی بەکتێبێکی سەربەخۆ هەیە، بگەرێوە سەر پەرتوکی ( تبيين كذب المفتري فيما نسب إلي الإمام الأشعري) الحافظ ابن عساكر و (طبقات الشافعية، ترجمة أبي الحسن الأشعري ). الإمام السبكي

بیریاری گەورە (دکتور محمد عمارة) وای دەبینێت کە (ئەشعەرییەکان نوێنەرایەتی سەدا نۆهەت و نۆی ئەهلی سوننە و جەماعەت پێك دەهێنن) فتنه التكفير. الدكتور محمد عماره

بڵاوبونەوەی ڕێبازی ئەشعەریەت بۆ میانگیری (الوسطية) دەگەرێتەوە کە ئیمامی ئەشعەری و ئەشعەریەکان پەیڕەویان لێ کردووە، ڕێبازەکەیان نغرۆ نەبووە لە عەقڵ و تەئویلی بێ وێنەی موعتەزیلییەکان، لە هەمان کاتیشدا نغرۆ نەبوونە لە بەدەست گرتن بەنەقڵ و کارکردن بە ڕووکەش و زاهیری نەص وەك موجەسیمەکان، لەبەر ئەوە ئەشعەرییەکان ڕەخنە لە موعتەزیلە و موجەسیمەکان ئەگرن، بەمەنهەجێکی میانگیریانە لە نێوانیان وەستاون، میانگیریەك کە ڕێز لەعەقڵ و نەقڵ دەگرێت، وەك موعتەزیلە تەنها کار بە عقڵ ناکا و وەك حەشەویە موجەسیمەکانیش تەنها کار بە نەقل ناکات. (قال الإمام الحافظ ابن عساكر : الأشاعرة هم المتمسكون بالكتاب والسنة ، التاركون للأسباب الجالبة للفتنة، لايتركون التمسك بالقرآن والحجج الأثرية، ولايسلكون في المعقولات مسالك المعطلة القدرية، لكنهم يجمعون في مسائل الأصول بين الأدلة السمعية وبراهين العقول، ويجتنبون إفراط المعتزلة، وتفريط المجسمة الحشوية. فمذهبهم أوسط المذاهب، ومشربهم أعذب المشارب، ومنصبهم أكرم المناصب، ورتبتهم أعظم المراتب، فلايؤثر فيهم قدح قادح، ولايظهر فيهم جرح جارح).

واتە ئەشاعیرەکان ئەوانەن کە دەستیان بە قورئان و سوننەتەوە گرتووە، وە وازیان لەو هۆکارانە هێناوە کە ئەبنە مایەی هاتنی فیتنە، واز لە دەستگرتن لە قورئان و بەڵگە ئەسەریەکان ناهێنن، وە ڕێگای تاقمی موعەتتیلە پەکخەرەکان و قەدەریەکانیش لە بەڵگە عەقڵیەکان ناگرن، بەڵکوو ئەوان بابەتە عەقیدەییەکان کۆئەکەنەوە لە نێوان بەڵگە بیستەنیەکان کە قورئان و فەرموودەیە لەگەڵ بەڵگە عەقڵیەکاندا، وە خۆشیان ئەپارێزن لە ئیفراتی موعتەزیلەکان، وە لە تەفریتی حەشویەکانیش، مەزهەبەکەیان میانڕەوترینی مەزهەبەکانە، وە کانیاوی خوارەوەی زانستەکەشیان خۆشترین کانیاوە، وە پۆستەکانیان ڕێزدارینی پۆستەکانە، وە پلەو پایەشیان گەورەترینی پلەو پایەکانە، هەر بۆیەش ئەوەی عەیبداریان ئەکات کاریگەری لەسەریان نابێ، وە هەرگیزیش ئەوەی بیەوێ برینداریان بکات برینیان لێ دەرناکەوێ.

ئیمام (المرتضي الزبيدي) لە (اتحاف السادة المتقين) کەشەرحی (احیاء)ی ئیمام غەزالی کردووە دەفەرموویت: کە گوترا (ئەهلی سوننە) ئەوا مەبەست پێیان ئەشعەری و ماتوردییەکانن.

ئیمام و فەقیهی گەورەی ئیسلام (الامام ابو اسحق الشيرازي) دەربارەی ئیمام ئەشعەری دەفەرموویت (ابو الحسن الاشعري امام اهل السنة، وعامة اصحاب الشافعي علي مذهبة، ومذهبه مذهب اهل الحق) طبقات الشافعية الكبري . تاج الدين السبكي

واتە :ئیمامی ئەشعەری ڕابەری ئەهلی سوننەیە، بەگشتی هاوەڵانی شافیعی و شوێنکەوتوانی لەسەر ڕێبازەکەی ئەون، وە ڕێبازەکەی ڕێبازی ئەهلی حەقە.

لەسەرەوە ئاماژەم بەوەکرد کە زۆرینەی زانایان لەگشت بوارەکان ئەشعەری بووینە، یەکیك لەوانەی کە حەز ئەکەم ئاماژەی پیٚ بدەم ئیمام(ابن کثیر)ی موفەسیرە ـ کە تەفسیرەکەی شوێنی خۆی کردووەتەوە لە مێژووی کتێبخانەی ئیسلامیدا، لە لایەکی تر ڕێزێکی زۆری لای موجەسیمەکانی سەردەم هەیە، لە زۆرینەی کاتەکاندا لە کتێب و وتارەکانیان بۆ تەفسیرەکەی ئەو دەگەڕێنەوە، ئەوە لە کاتێکدا موجەسیمەکانی سەردەم (ئەشعەرییەکان)یان بە گومڕاو موبتەدیع ناودەبەن، حەقیقەتەکە سەراوگێر بووە، ئەوەی ئەهلی سوننەیە پێی دەگوترێت موبتەدیع، ئەوەیش کە عقیدەی تجسیمی هەیە پێی دەگوترێت ئەهلی سوننە!!!!!!

جا ئەلێرەدا بۆتانی ڕوون ئەکەینەوە کە چۆن ئیمامی (ابن کثیر) خودی خۆی دانی بەئەشعەرییەتی خۆی هێناوە، هەم تەفسیری چەند ئایاتێکی صیفات رادەگوێزین بۆ ئەوەی بزاندرێت ئیمامی ابن کپیر لەسەر ڕێبازی ئەشاعیرە بووەو مەنهەجی تەفویزو تەئویلی پیادەکردووە.

ئیمام (الحافظ ابن حجر العسقلاني) لە باسی ابن القیم دەفەرمووێت: (إبراهيم بن محمد بن قيم الجوزية بن أبي بكر بن أيوب بن قيم الجوزية ولد سنة ٢٦ وأحضر علي أيوب الكحال وغيره وسمع من جماعة كابن الشحنة ومن بعده واشتهر وتقدم وأفتي ودرس وذكره الذهبي في المعجم المختص فقال تفقه بأبيه وشارك في العربية وسمع وقرأ واشتغل بالعلم ومن نوادره أنه وقع بينه وبين عماد الدين ابن كثير منازعة في تدريس الناس فقال له ابن كثير أنت تكرهني لأنني أشعري فقال له لو كان من رأسك إلي قدمك شعر ما صدقك الناس في قولك أنك أشعري وشيخك

ابن تيمية وقال ابن رافع شرح ألفية ابن مالك وقال ابن كثير كان فاضلا في النحو والفقه علي طريقة أبيه ودرس بأماكن وكانت وفاته في صفر سنة٧٦٧)[١] .

شێخمان حافیزی ئیبن و حەجەر ئەفەرمووێ: ابراهیمی کوڕی محمدی کوڕی ئەبو بەکری کوڕی ئەیوبی کوڕی قەیمی جەوزی لە دایکبووی ساڵی ٧٢٦ کۆچیە، لای ئەیوبی کەحجال و غەیری ئەویش ئامادە ئەبوو بۆ وانە خوێندن، وە گوێبیستی کۆمەڵێکیش لە زانایان بووە وەکوو ئیبن و شوحنەو دوای ئەویش، وە ناوبانگی پەیا کردو پێشکەتوو فەتوای داو وانەی ئەگوتەوە. وە زەهەبیش لە کتێبەکەی خۆی(المعجم المختص) ئەفەرمووێ: فێری زانستی فیقهـ بوو بەهۆی باوکیەوە (کە ئیبن ولقەیمە) وە بەشداریشی کردووە لە زمانی عەرەبی، وە گوێبیست بووەو خوێندوویەتی و خەریکی زانست بوو، وە یەکێ لە شتە نادیرەکانی کێشەو ناکۆکیەك کەوتە نێوان ئەو و عماد الدین ئیبن و کەپیر لەسەر بابەتی وانە گوتنەوە بە خەڵکی، جا ئیبن و کەپیر بەوی گوت: تۆ ڕقت لێمە لەبەرئەوەی من ئەشعەریم، ئەویش گوتی: ئەگەر لەسەرتەوە تا پێت هەمووی پرچ بێ خەڵکی پێت بڕوا ناکەن کەوا تۆ ئەشعەری بی، لە کاتێکدا شێخەکەت ئیبن و تەیمیەیە. وە ئیبن و ڕافیعیش ئەفەرمووێ: شەڕحی ئەلفیەی ئیبن و مالیکی کردووە. وە ئیبن و کەپیریش ئەفەرمووێ: کەسێکی چاك بوو لە نەحو و فیقهـ لەسەر ڕێگاکەی باوکی وە لە چەند شوێنێکیش وانەی گوتووتەوە، وەفاتیشی لە سەفەری ساڵی ٧٦٧ کۆچی بووە.

خوێنەرانی خۆشەویست سەیری ئەو قسەیەی ئیمام ابن كثير بکەن کە دەفەرمووێت (تۆ بۆیە ڕقت لە منە چونکە من ئەشعەریم).

---

[١] (الدرر الكامنة)(ب١/ل٦٥/ذ١٥٥) ط. دائرة المعارف العثمانية

بەرێزان (ابن كثير) سەرپەشتیاری (دار الحديث الأشرفية)ی کردووە، مەرجی خاوەنی مەدرەسەکەش ئەوە بووە کە دەبێت ئەوەی دەبێتە سەرپەرشتیاری ئەم مەدرەسەیە (ئەشعەری) عەقیدە بێت، بروانە(الطبقات الشافعية، السبكي) لەوەشدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە ئەگەر ابن كثير ئەشعەری نەبوایە چۆن ڕێگە ئەدرا لەم مەدرەسەیەی ئەشعەرییەکان سەرپەرشتیار و مامۆستا بێت.

بەراستی عەقیدەی ئیمام ابن کپیر عەقیدەی ئەهلی سوونە و جەماعەت (ئەشعەرییەکان)بووە، بە بەڵگەی گوتاری خۆی کە ئیمامی ابن حجر العسقلانی باسی کردووە، وە بە بەڵگەی پەرتوکەکانی خودی ئیمام ابن كثير، فەرموون ئەمەش چەند نمونەیەکە:

١_ لە تەفسیری صیفەتی (الاستواء) لە کتابەکەی(تفسير القران) دەفەرموێت: وَهُوَ إِمْرَارهَا كَمَا جَاءَتْ مِنْ غَيْر تَكْيِيف وَلَا تَشْبِيه وَلَا تَعْطِيل وَالظَّاهِر الْمُتَبَادِر إِلَي أَذْهَان الْمُشَبِّهِينَ مَنْفِيّ عَنْ اللَّه) واتە: بەسەریدا تێپەڕ ئەکرێ هەروەك ئەوەی هاتووە، بەبێ لێکچواندن و چۆنیەتی، وە بەبێ پەکخستن، وە ئەو زاهیرەش کە بەسەر زیهن و خەیاڵی شوبهێنەرەکانیش دادێ کە هەمووی نەفی کراوە لە خوای گەورە.

کە ئەمەش مەزهەبی سەلەفی صالحە، کە (تفويض) مەعانی صیفاتی خوا دەکەن و بێ دەنگ دەبن لێی، ئەمەش لینکەی وتەکەی ئیمام ابن کپیرە، بۆ دڵنیابوون دامانناوە[٢]

[٢] بڕوانە:

215http://quran.al-islam.com/Portals/al-islam_com/Loader.aspx?pageid=

کەچی موجەسیمەکانی سەردەم ،کە بانگەشەی متهجی سەلەف ئەکەن ،نێوانی ئاسمان و ڕێسمانیان دووره ،ئەوانە دەڵێن (استواء) واتە (العلو والاستقرار) بەرزی و جێگیری لەسەر عرش، وە بەیەکێك لە صیفاتی زات دادەنێن، وەدەڵێن لەسەر عەرش دانیشتووە (والعیاذ بالله من قولهم).

٢_ موجەسیمەکانی سەردەم (تأویل)بە گومڕایی دادەنێن و ئەشعەرییەکانیش بەهۆی تەئویل بەگومرابوو دائەنێن، دە سەیری بکە ئیمام ابن کپیر چۆن تەئویلی ئایاتی صفات ئەکات

لە تفسیری ئایەتی (قُلْ إِنَّ الْفَضْلَ بِيَدِ اللَّهِ يُؤْتِيهِ مَنْ يَشَاءُ) دەفەرموویت: (قُلْ إِنَّ الْفَضْل بِيَدِ اللَّه يُؤْتِيه مَنْ يَشَاء " أَيْ الْأُمُور كُلّهَا تَحْت تَصَرُّفه وَهُوَ الْمُعْطِي الْمَانِع يَمُنّ عَلَي مَنْ يَشَاء بِالْإِيمَانِ وَالْعِلْم وَالتَّصَرُّف التَّامّ وَيُضِلّ مَنْ يَشَاء فَيُعْمِي بَصَرَهُ وَبَصِيرَته وَيَخْتِم عَلَي قَلْبه وَسَمْعِهِ وَيَجْعَل عَلَي بَصَره غِشَاوَة وَلَهُ الْحُجَّة التَّامّة وَالْحِكْمَة الْبَالِغَة)[٣] .

تەئویلی (بید الله)بەوە لێك ئەداتەوە کە هەموو کاروو بارێك لەژێر دەستی ئەوە، خۆی بەخشەرو لێسەنەرەوەیە، هەرکەسێکی بیەوێت ئیمانی پێ دەبەخشێت، ئەوەیشی بیەوێت گومڕای ئەکات و چاو و گوێی کەڕ و لاڵ ئەکات و مۆر ئەدا لە دڵی. بەداخەوە کەچی لەو لاشەوە موجەسیمەکان پر بەدەنگیان لەسەر مینبەرو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و نوسراوەکانیان هاوار دەکەن خوا دەست و قاچ و پەنجەو دوو چاوی هەیە، وە لەسەر عەڕشیش جێگیرەو خودی خۆیشی دێتە ناو ئاسمان. پەنا بەخوا لەو عەقیدە بە جەستەدانانە، کە کاتی خۆیشی بیروباوەڕی یەهودی و نەصڕانیەکان بوو خوای گەورەیان بەرجەستە کرد، ئیتر ئەو بەرجەستە

[٣] بڕوانە: 0http://quran.al-islam.com/Tafseer/Di…EER&tashkeel=

کردنەش هاتە ناو هەندێ تاقمی ئوممەتی ئیسلام و ئوممەتی پێیەوە گیرۆدەی فیتنە کرد.

٣_ لە تەفسیری (إِنَّ الَّذِينَ يُبَايِعُونَكَ إِنَّمَا يُبَايِعُونَ اللَّهَ يَدُ اللَّهِ فَوْقَ أَيْدِيهِمْ) دةفةرموويَت: (يَد اللَّه فَوْق أَيْدِيهمْ أَيْ هُوَ حَاضِر مَعَهُمْ يَسْمَع أَقْوَالهمْ وَيَرَى مَكَانهمْ وَيَعْلَم ضَمَائِرهمْ وَظَوَاهِرهمْ فَهُوَ تَعَالَى هُوَ الْمُبَايِع بِوَاسِطَةِ رَسُول اللَّه صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)[٤].

مەبەست لە وەی کە دەستی خوا لەسەر دەستیانە (واتە لەگەڵیان حازرەو قسەکانیان دەبیستێت و شوێنەکانیان دەبینێت و ئەوەیشی کە بە دڵ و دەرونەکانیان دادێ ئاگادارە پێیان، لەوەوە خوای گەورە خۆی بەیعەتی پێدراوە لە ڕێی پێغەمبەری خواوە صلی الله علیه وسل). سەیرکەن بە ئاشکرا تەئویلی صیفەتی یەد ئەکات، ئەمەش لای موجەسسیەمەکان وەکوو کوفر وایەو پەکخستنی سیفەتی خوایە. بەڵام کارەکە بەوجۆرە نیە کە ئەوەی ئەوان بۆی چوونە.

٤_ لە لایەکی دیکە (ید) بە قوەت و توانست تەئویل ئەکات ، لەتەفسیری ئایەتی (وَالسَّمَاءَ بَنَيْنَاهَا بِأَيْدٍ وَإِنَّا لَمُوسِعُونَ) دەفەرمووێت: (بِأَيْدٍ "أَيْ بِقُوَّةٍ قَالَهُ اِبْن عَبَّاس وَمُجَاهِد وَقَتَادَة وَالثَّوْرِيّ وَغَيْر وَاحِد)[٥].

واتە: (بأید) بە هێزەوە، هەروەك ابن عباس و موجاهید و قەتادەو سەوری و جگە لەوانیش وایان فەرمووە.

---

[٤] بڕوانە: 0http://quran.al-islam.com/Tafseer/Di…EER&tashkeel=

[٥] بڕوانە: 0http://quran.al-islam.com/Tafseer/Di…EER&tashkeel=

کەوابوو کە ابن کثیر لە تەفسیرەکەیدا صیفەتی (ید) بەقوەت و توانست تەئویل ئەکات بەر لەویش تەرجومانی قورئان ابن عباس کە حەزرەت صلی الله علیه واله وسلم دوعای بۆ فەرمووە (اللهم علمه تأویل القران) وە ئیمامی سەوری کە خاوەن مەزهەب بووە بەڵام تەدوین نەکرایە ئەم تەئویلەیان فەرمووە، کەوابوو موجەسیمەکانی ئاخر زەمان قسەیان سەنگی نابێت.

٥_ ابن کثیر لە سەرەتای پەرتووکی (البدایة والنهایة) ئەم ڕیوایەتەی هێناوەتەوە (وروي البیهقي، عن الحاكم، عن أبي عمرو بن السماك، عن حنبل، أن أحمد بن حنبل تأول قول الله تعالي: {وَجَاءَ رَبُّكَ} ﴿الفجر: ٢٢﴾ أنه: جاء ثوابه. ثم قال البیهقي: وهذا إسناد لا غبار علیه)[٦].

بەیهەقی ریوایەتی کردوە لە حاکم، ئەویش لە ابی عمرو بن السماك، ئەویش لە ئیمام ئەحمەدی کوری حەنبەلەوە کە تەئویلی هاتنی خودای کردووە لە ڕۆژی دوایی{وَجَاءَ رَبُّكَ}﴿الفجر: ٢٢﴾ بە هاتنی پاداشت، لە پاشان بەیهەقی دەفەرمووێت (ئەم ئیسنادە هیچ لێڵیەکی لەسەر نییە، واتە: سەنەدێکی حەسەن و صەحیحە)[٧].

[٦] بڕوانە: ...3s#172&CID=251http://www.al-eman.com/Islamlib/view

[٧] ئەم بابەتە لەگەڵ هەندێ نوسینەکانی خۆم تێکهەڵکێشم کردووە، بەڵام نەمزانی کێ نوسیویەتی ئەگینا وەکوو ئەمانەتی زانستی ناوەکەیم ئەنووسی. باوکی غەزالی

# پوختەیەك لە ژیاننامەی ئیمامی ئەشعەری

## ١. ناو و ڕێزداری ڕەچەڵەکی.

ئیمامی پایەرز عەلی کوڕی اسماعیلی کوڕی اسحاقی کوڕی سالیمی کوڕی اسماعیلی کوڕی عبد الله کوڕی موسای کوڕی بیلالی کوڕی ئەبو بوردەی کوڕی ئەبو موسای ئەشعەر هاوەڵی بەڕێزی پێغەمبەری خوایە صلی الله علیە وسلم. لە ساڵی ٢٦٠ کۆچی لە دایکبووە، وە لە ٣٢٤ کۆچیش وەفاتی کردووە.

لە فەرموودەی صەحیحیشدا هاتووە کاتێ ئەو ئایەتە دابەزی {فَسَوْفَ يَأْتِي اللَّهُ بِقَوْمٍ يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَهُ}الْمَائِدَةِ: ٥٤. واتە: لە مەودوا خوای گەورە قەومێك ئەهێنێ کە خوای گەورە ئەوانی خۆش ئەوێ، وە ئەوانیش خوایان خۆش ئەوێ، جا پێغەمبەری خوا صلی الله علیە وسلم ئاماژەی بە ئەبو موسای ئەشعەری کرد ڕەزای خوای لێ بێ.

حافیزی بەیهەقی تەعلیقی لەسەرداوە کە ئەفەرمووێ: "ئەمەش لەو گەورەیی و پلەداریە ڕێزداریەی تێدایە بۆ ئیمامی ئەبو لحەسەنی ئەشعەری ڕەزای خوای لێ بێ، چونکە ئەویش لە قەومی ئەبو موساو ئەولادەکانیەتی ئەوانەی کە زانستیان پێدراوەو فەهمیان پێ بەخشراوە".

## ٢. نوێکەرەوەی سەدەی سێی کۆچی بووە.

زاناکان ڕاجیان لەوەی کە کێ نوێکەرەوەی دین بووە لە سەدەی سێی کۆچی، هەندێکیان گوتویانە: زانای فیقهزان ئیبن و سورەیجە، وە هەندێکی تریان گوتویانە: ئەبو لحەسەنی موتەکەللیمی ئەشعەریە، هەتا حافیزی ئیبن و عەساکیری دیمەشقی لە کتێبی (تبيين كذب المفتري) ئەفەرمووێ: "ئەو وتەیەی کە دەڵێ ئەبو لحەسەنی

ئەشعەریە صەوابترە، لەبەرئەوەی هەڵسانی بە سەرخستنی سوننەت بۆ نوێکردنەوەی دین نزیکترە، ئەو بوو کە پەلەی کرد لە ڕەددی موعتەزیلەکان و تێکڕای تاقمە بیدعەچیەکان".

هەتا ئیمامی ئەبو بەکر اسماعیلی ئەفەرمووێ: "خوای گەورە دینەکەی خۆی گەڕاندەوە دوای ئەوەی کە ڕۆیشت ـ واتە: زۆرینەی ـ بەهۆی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل و ئەبو لحەسەنی ئەشعەری و ئەبو نوعەیمی ئیستیڕاباژیەوە" [٨].

وە ئیمامی مەحامیلی لە بارەی ئەبو لحەسەنی ئەشعەریەوە ئەفەرمووێ: "گەر بە پڕایی زەوی بە گوناهەوە بە خوا بگات تکام وایە خودا لێی خۆش دەبێ، لەبەر بەرگریکردن لە دینەکەی".

## ٣. مەوسوعە زانستیەکەی.

ئەبو ئیسحاقی ئیسفەڕاینی ئەفەرمووێ: "لە لای شێخ ئەبو لحەسەنی باهیلیەوە بووم وەکوو دڵۆپێك بووم لە تەنیشت دەریایەکەوە، وە گوێم لە ئەبو لحەسەنی باهیلیەوە بوو کە ئەیفەرموو: من لە تەنیشت شێخ ئەبو لحەسەنی ئەشعەریەوە بووم وەکوو دڵۆپێك بووم لە دەریایەك"[٩].

بە قازی ئەبو بەکری کوڕی طەیب گوترا: وتەو کەلامی گەورەترو ڕۆشنترە لە وتەی ئەبو لحەسەنی ئەشعەری، ئەویش فەرمووی: والله گەورەترین حاڵی من ئەوەیە لە وتەی ئەبو لحەسەن تێبگەم ڕەحمەتی خوای لێ بێ"[١٠].

---

[٨] بڕوانە: (تاریخ دمشق)(ب٣٧/ل٩٩).

[٩] بڕوانە: (تبين كذب المفتري)(ل١٧٨).

[١٠] بڕوانە: (سير الأعلام النبلاء)(ب١٥/ل٨٦).

## ٤. دینداری و عیبادەتی.

وازی لە مەزهەبی موعتەزیلی هێنا بەهۆی خەوێکەوە کە حەزرەتی پێغەمبەری خوای لە خەویٚ بینی، وە پێی فەرموو بوو: ئەی عەلی ئەو مەزهەبانە سەر بخە کە لە منەوە ڕیوایەتکراوە، چونکە حەقن". تاج الدینی سبوکی ئەفەرمووێ: "گوتویانە: شێخ ئەبو لحەسەن ڕەزای خوای لێ بێ، گەورەو سەید بووە لە تەصەوف، وە لە ئیعتیبارکردنی دڵەکان، هەروەکوو گەورەو سەیدیش بووە لە زانستی کەلام جۆرەکانی زانستدا". وە سوهەیلیش ئەفەرمووێ: "گوێم لە ئەبو لحەسەنی سودەوی بوو کە ئەیفەرموو: بیست ساڵان ئەبو لحەسەنی ئەشعەری نوێژی بەیانی بە دەستنوێژی عیشاوە ئەیکرد، وە لە بەروبوومی ئەو دێیەش ڕۆزی ئەخوارد کە بیلالی کوڕی بوڕیدەی کوڕی ئەبو موسای ئەشعەری باپیری وەقفی کردبووە سەر نەوەکانی"[11].

## ٥. پارێزەری سنووری سوننەو سەلەف بوو لە دژی تاقمە بیدعەچیەکان.

قازی ئەبو بەکری صەیرەفی ئەفەرمووێ: "موعتەزیلەکان سەریان بەرز کردەوە هەتا ئەو کاتەی کە خوای گەورە ئەشعەری دەرخست و ئەوانی لە کونی ڕێویەکانی پەستاو حیجزی کردن"[12].

وە ئیمامی قورتوبی ئەفەرمووێ: "پیاوانێکی ئەهلی سوننە وەکوو شێخ ئەبو لحەسەنی ئەشعەری و عبد الله کوڕی کوللاب و ئیبن و موجاهیدو موحاسەبی و هاوشێوەکانیان بەدەمەوە چوون و ڕۆچوون لەگەڵ بیدعەچیەکان لە زاراوەکانیان، پاشان ئەوانیان کوشتن هەر بە چەکەکانی خۆیان، وە هەر وەها کۆمەڵەکەسێکی

---

[11] بڕوانە: (تشنيف المسامع)(ب٤/ل٨٥٠).

[12] بڕوانە: (تاريخ بغداد)(ب١١/ل٣٤٦).

که ڕێگەی بەرپەرچدانەوەیان گرتەبەر لە موسڵمانانی ئەم ئوممەتەو پشتیان لە گومانی مولحیدەکان کردو بەبێ تێروانین و لەبەرچاو گرتنی باسی جەوهەرو عەرەزیات کە ئەوە ڕێگەی سەلەفی ساڵح بووە بەڵکوو بەدەست گیرانیان بە کیتاب وسوننەتەوە، جا هەر کەسێ ئێستاکە سەیری زاراوەی موتەکەللیمینەکان بکات تاوەکوو بەهۆیەوە بەرگری و پارێزگاری لە دین بکات ئەوە پلەو پایەکەی نزیکە لە پێغەمبەران"[١٣].

وە ئەبو عەباس ئیبن و خەلەکان ئەفەرمووێ: "ئەبو لحەسەنی ئەشعەری خاوەنی ئوصوڵبوو، وەستاوبوو بۆ سەرخستنی سوننەت"[١٤]. وە زەهەبیش لە پێناسەی ئەبو یەحیای ساجی ئەفەرمووێ: "ئەبو لحەسەنی ئەشعەری ئوصوڵی لەوەوە پوختەی وتەی ئەهلی حەدیس و سەلەفی وەرگرتووە"[١٥].

جا لەوەوە بەگەورەزانینی پێشەواکانی ئیسلام بۆ ئیمامی ئەبولحەسەنی ئەشعەری دەرئەکەوێ کە چەندە بە گەورەیان زانیوە، وە کەسێك بووە زانستەکانی مەزهەبەکانی ئەهلی سوننەو حەدیس و سەلەفی صاڵحی زیندوو کردەوە دوای ئەوەی کە تاقمەکانی ئەهلی بیدعە ئەیان ویست لەناوی ببەن، بۆیە هەر کەسێك وا گومان ببات کە ئیمامی ئەشعەری پێچەوانەی ئەهلی حەدیس و سوننەتە ئەوە نەزانە بە زانست، خوای گەورەش زاناترە.

---

[١٣] بڕوانە: (تفسیر القرطبِي)(ب٢/ل٢١٤).

[١٤] بڕوانە: (وفیات الأعیان)(ب٣/ل٢٨٤).

[١٥] بڕوانە: (تذكرة الحفاظ)(ب٢/ل٣٠١).

## مامۆستاکانی

١ .عبد الرحمن بن خلف الضيي البصري.

٢ . أبو خليفة الجمحي.

٣ . ابن سريج.

٤ . زكريا بن يحيي الساجي.

٥ . محمد بن يعقوب المقرئ.

٦ .أبو إسحاق المروزي.

## قوتابیەکانی

١ .أبو عبد الله بن مجاهد الطائي.

٢ . أبو الحسن الباهلي.

٣ .بندار بن الحسين.

٤ .أبو محمد الطبري العراقي.

٥ .أبو بكر القفال الشاشي.

٦ .أبو سهل الصعلوكي.

٧ .أبو زيد المروزي.

٨ .محمد بن خفيف الشيرازي.

٩ .أبو بكر الجرجاني الإسماعيلي.

١٠.أبو الحسن عبد العزيز بن محمد بن إسحاق الطبري.

١١.أبو الحسن علي بن محمد بن مهدي الطبري.

١٢.أبو جعفر السلمي البغدادي النقاش.

١٣.محمد بن القاسم.

١٤.عبد الواحد بن أحمد بن القاسم بن محمد بن عبد الرحمن الزهري.

١٥.أبو بكر البخاري.

١٦.أبو منصور بن جمشاد.

١٧.أبو الحسين بن سمعون البغدادي.

١٨. أبو عبد الرحمن الشروطي الجرجاني.

١٩.أبو علي زاهر بن أحمد السرخسي.

٢٠.أبو الحسن السكري الحربي

لەو قوتابییانەوەش هەزاران زاناو پێشەوا پێگەیشتوون بۆ خزمەتی ئیسلام و موسڵمانان.

لە دوای خۆشی کتێب گەلێکی چاك و باشی بۆ خزمەتی ئیسلام بەجێ هێشت. هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی ئەو و پێشەواکانی تری ئیسلام . باوکی غەزالی ئەم مەقالەی نوسیوە.

## پوختەیەك لە ژیاننامەی ئیمامی باهیلی ئەشعەری

زاناو عەللامە شێخی موتەکەللیمین ئەبو لحەسەنی باهیلی بەصریە، کە قوتابی ئیمامی پایەبەرزمان ئەبو لحەسەنی ئەشعەریە، ساڵی لە دایکبوونی دیار نیە.

دەستێکی زۆر باڵای هەبوو لە زانستە عەقلّیەکان، وە کە سێکی ژیتەڵ و زمانپاراو پیاوچاك و خواناس و زاهیدو خواپەرست بووە.

ئیمامی باقلانی ئەفەرمووێ: "من و ئەبو ئیسحاقی ئیسفەرایینی و ئەبو بەکری فۆرك لە وانەی ئەبو لحەسەنی باهیلی بووین کە هەموو هەینیەك دەرسێکی بە ئێمە ئەگوت، ئەبو لحەسەنی باهیلی پەردەیەکی لە نێوان ئێمەو خۆیدا دائەنا لەبەر زۆری سەرقاڵ بوونی بەخوای گەورە، کە وەکوو شێت و دێوانەی لێ هاتبوو، وە نەی دەزانی ئەندازەی دەرس خوێندنمان چەندە تا پێمان دەگۆت، وە پرسیاری هۆکاری ئەو پەردەیەشمان لێی ئەکرد، ئەویش وەڵامی ئەدایەوە بەوەی کەوا ئێمە بازاڕ ئەبینین خەڵکی بازاڕیش غافلّ و بێ ئاگان، جا ئێوەش بەو چاوە سەیری من دەکەن کە تەماشای ئەوان دەکەن".

ئەبو لفەزڵ محمدی کوڕی عەلی سەهلوکی ئەفەرمووێ: "ئەبو لحەسەنی باهیلی کەنیزەکێکی هەبوو خزمەتی دەکرد، جا حاڵی ئەو کەنیزەش وەکوو حاڵی ئەوەکانی تر بوو، کە خۆی پەردەپۆش ئەکرد لەویش".

ئەبو ئیسحاقی ئیسفەراینی ئەفەرمووێ: "لە لای شێخ ئەبو لحەسەنی باهیلیەوە بووم وەکوو دلۆپێك بووم لە تەنیشت دەریایەکەوە، وە گوێم لە ئەبو لحەسەنی باهیلیەوە بوو کە ئەیفەرموو: من لە تەنیشت شێخ ئەبو لحەسەنی ئەشعەریەوە بووم وەکوو دلۆپێك بووم لە دەریایەك".

له ساڵی ٣٧٠ کۆچی وەفاتی کردووە.

زۆر قوتابی هەبووە بەڵام لە هەمووان ناودارتر سێ نوێکەرەوەی دینە کە لەسەر دەستی ئەو تەخەرەجویان کردووە:

١. قازی ئەبو بەکر باقللانی ئەشعەری.

٢. ئەبو ئیسحاقی ئیسفەراینی ئەشعەری.

٣. ئوستاز ئیبن و فۆرکی ئەشعەری شەهید کە ژەهر دەرخواردرا لە لایەن تاقی کەڕڕامیە بیدعەچیەکانەوە[١٦].

---

[١٦] بڕوانە: (تبين كذب المفتري)(ل١٧٨). (عيون التواريخ)(ب١١/ل٣٢٠). (الوافي بالوفيات)(ب١٢/ل٣١٢). (الطبقات الشافعية)(ب٣/ل٣٥١ ـ ٣٦٩) ط. هجر

## پوختەیەك لە ژیاننامەی ئیمامی ئەبو بەکری ئیبن و فۆرك

ناوی محمدی کوڕی حەسەنی کوڕی فۆرکە، ئوستاز ئەبو بەکری ئەصبەهانی فیقهزان و موتەکەللیم و نەحوی و ئوصولیە.

فەرموودەی ئەگێڕایەوە لە: ئیبن و جەریری ئەهوازی، وە گوێبیستی موسنەدی ئەبو داودی تەیالیسی بووە، لە عبد اللە کوڕی جەعفەری ئەصبەهانی، لە یونسی کوڕی حەبیبەوە، وە ڕێگای ئەبو لحەسەنی ئەشعەریشی وەرگرتووە لە ئەبو لحەسەنی باهیلی و غەیری ئەویش، وە باسی ئەوەیشی کردووە کە هۆکاری سەرقالبوونی زانستی کەلامی بۆ ئەو فەرموودە گەڕاندووەتەوە (الحجر الاسود يمين اللة في الأرض).

ئیمامی حاکمیش لەوەوە فەرموودەی گێڕاوەتەوە، وە پێش ئەویش مردووە، وە حافیزی ئەبو بەکری بەیهەقی و ئەبو قاسمی قوشەیری و زانایانی تر لێیەوە فەرموودەیان گێڕاوەتەوە.

قازی شمس الدين ئیبن و خەلەکان لە (الوفيات) ئەفەرمووێ: "ئوستاز ئەبوبەکری موتەکللیمی ئوصولی ئەدیبی نەحوی واعیزی ئەصبەهانیە، لە عێڕاق ماوەیەك خوێندوویەتی، پاشان چووە ڕەی، لەوێ بیدعەچیەکان کە پێیا زانی و گوێبیستی بوون خەڵکی نەیسابوور نامەیان بۆ نارد، ئەویش چووە لایان، قوتابخانەیەکیان بۆ دروستکرد لەگەڵ خانوویەك، بەرەکەتی بەدەرکەوت بەسەر ئەوانەی کە خەریکی زانستی فیقهـ بوون، وە دانراوەکانیشی دەگاتە سەد دانراو، وە بانگهێشتی شاری غەزنەش کراو لەوێ چەندین مونازەرەی کرد، بۆچوونەکانی بەرامبەر کەڕامیە موجەسسیمەکان زۆر بەهێزو توند بوون، دواتر گەڕایەوە نەیسابوور، لە ڕێگادا ژەهر دەرخواردرا، ئەوەبوو لە نزیك بەست لە ساڵی ٤٠٦

کۆچی وەفاتی کرد، وە گوازرایەوە بۆ نەیسابوور، گۆڕەکەشی لە حیرەیە کە گەڕەکێك بووە لە نەیسابوور غەیری ئەو حیرەیە کە نزیکە لە کوفەی عێراق، وە گۆڕەکەی جێگای سەردانی کردنی خەڵکەو دوعا وەرگیراوە لای و داوای باران بارینیش لە خودا ئەکرێ بەوەوە.

ئوساز ئیبن و فۆرکیان بردە لای سوڵتان سەبەکتین لە لایەن کەڕامیەکانەوە کە هەندێ درۆو دەلەسەیان بەناوی ئەو لەلای سوڵتان کردبوو کە گوایە کوفری کردووە بەناوی پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم تاوەکوو بیکوژێ، جا لەوێ مونازەڕەی لەگەڵ کردن، لەوێ ویستیان بیکوژن بەڵام وازیان لێ هێنا، جا کاتێ لە لای ئەو گەڕایەوە ژەهری ناردووە تاوەکوو بیکوژێ.

ئەم ڕووداوە بە حیساب ئیبن و حەزم و ئەبو لوەلیدو ئیبن و صەڵاح گێڕاویانەتەوە، هەروەك ئیبن و کەپیر فەرموویەتی، بەڵام لە حەقیقەتدا شێخولئیسلام تاج الدینی سبوکی ئەو چیرۆکە هەر بەدرۆ ئەزانێ و هیچ ئەسڵ و ئەساسێکی نیە، وە ئەوەیش کە کوفر لە ئیبن و فۆرك بینرابێ، چونکە بۆ ناشیرینکردنی ئەشعەریەکان ئەمە هەڵبەستراوە، لە کاتێکدا کە نزیکترین قوتابی ئیبن و فۆرك ئیمامی قوشەیریە کەچی هیچ شتێکی لەو بارەوە نەگێڕاوەتەوە. وە ڕەددی ئەو بێ ئینسافیەی ئیمامی زەهەبیش ئەداتەوە لەگەڵ ئەوەی مەدحی کردووە بیدعەشی داوەتە پاڵ، کە ئەمەش یەکێکە لەو ناحەقیانەی کە بەرامبەر نوێکەرەوەیەکی دین کردوویەتی، خودا لێی ببوورێ.

ئەبو قاسمی قوسەیری لە (الرسالة القشيرية) ئەفەرمووێ: "گوێم لە ئەبو عەلی دەققاق بوو کە ئەیفەرموو: چوومە لای ئەبو بەکری ئیبن و فۆرك کاتێ منی بینی چاوەکانی پڕ فرمێسك بوون، پێم گوت: خوای گەورە بێ بەڵات دەکات و شیفات

دەدات، پێی گوتم: وا ئەبینی کە لە مردن ئەترسم، بەڵکوو بۆ قۆناغی دواوەوەی مردن ئەترسم.

ئەبو عوسمانی مەغریبی یەکێك بوو لە گەورە زاهیدەکانی ئەم ئوممەتە، کاتێ کە هاتە بەغدا گوێی لە وتارەکانی ئوستاز ئیبن و فۆرك بوو، بڕوای بە لاو جیهەتی خواش هەبوو کەوا خودا لە شوێنێکە لەسەر عەرشەو دێتە ئاسمانیش، جا دوای گوێبیستبوونی لەم ئوستازە مەزنە پەشیمان بۆوە لەو بیروبڕوا فاسیدەی کە هەیبوو، وە بۆ هاوەڵاکانی مەککەشی نوسی شایەت بن من لە نوێوە موسڵمان بووم. وە بەر لەوەی بشمرێ وەسیەتی کرد کەوا ئوستاز ئیبن و فۆرك نوێژی لەسەر بکات.

وە لە ئوستاز ئیبن و فۆرکەوە ڕیوایەتکراوە کەوا لەو ژوورە نەدەخەوت کە قورئانی لێ نەبایە، ئەمەش وەك بە گەورە زانینی قورئان.

کتێبەکانی

ـ مجرد مقالات الشيخ أبي الحسن الأشعري.

ـ تفسير القرآن (تفسير ابن فورك). کە لە نەزەری قازی ئەبو بەکری عەرەبی دەقیقترین و ئیبداعترین تەفسیرە.

ـ شرح أوائل الأدلة للكسبِي في الأصول.

ـ كتاب الحدود في الأصول. چاپکراوە لە بەیروت لە ساڵی ١٣٢٤هـ.

ـ النظامي في أصول الدين. دەستنووسە، لە أصول الدين، بۆ نیزامی مولکی نووسیوە.

ـ مشكلة الحديث وغريبه. ئەمەش یەكێكە لە چاكترین كتێبەكانی سەبارەت بەو فەرموودانەی كە كێشەیان لەسەر هەیەو وشەكانیان نامۆن.

ـ مشكل الآثار.

ـ دقائق الأسرار.

ـ طبقات المتكلمين[١٧].

---

[١٧] ئەو بابەتە باوكی غەزالی نوسیویەتی بڕوانە: (طبقات الفقهاء الشافعيين لإبن كثير)(ب١/ل٣٥٤). وة (طبقات الشافعي للسبكي)(ب٤/ل١٢٧). (الرسالة القشيرية) ترجمة أبو عثمان المغربي.

# پوختەیەك لە ژیاننامە ئیمامی باقلانی ئەشعەری

یەکێ لە شێخەکانی ئیسلام، کە جێگای شانازی هەر چوار مەزهەبەکەی ئیسلام بووە، جگە لە شیعەو خەواریج و جەهمیەو کەڕڕامی و موشەببیهەو موجەسسیمەو حەشویەکان و قەدەریەکان و مولحیدەکان و ئەهلی بیدعەتەکانی تر نەبێ.

## ناوی

محمدی کوڕی طەییبی کوڕی محمدی جەعفەری کوڕی قاسمی قازی بەصریە، ناسناوی شەیخی سوننەو، زمانی ئوممەتی لێنراوە، یەکێکە لە موتەکەللیمینەکانی ئەهلی سوننەو جەماعە، وە ئەهلی فەرمووده، وە ڕێگای ئەبولحەسەنی ئەشعەری، (لە دایکبووی ساڵی ٣٣٨ کۆچیە ـ وە ساڵی وەفاتیشی ٤٠٢ کۆچیە). یەکێکە لە زاناو موجتەهیدەکانی مەزهەبی ئیمامی ئەشعەری، وە لە سەردەمی ئەودا سەرۆکی ئەو قوتابخانە فیکریە بووە، وە لەدوای ئەبولحەسەنی ئەشعەریش بە گەورەترین زانا دا ئەنرێ لەو بوارەوە، وە یەکێکە لە نوێکەرەوەکانی سەدەی چوارەمی کۆچی.

## سەنای زاناکان لە بارەیەوە

ئیمامی یافیعی لەبارەیەوە فەرموویەتی: "شمشێری سوننەت و سەرخەری ئوممەت ئیمامی گەورە زانای بەناوبانگ، زمانی موتەکەللیمینەکان، وە ڕوونکەرەوەی بەڵگەکان، وە زەبوونکردنی بیدعەچیەکان، وە بڕەڕی باتڵەکان، قازی ئەبو بەکر محمد کوڕی طەییبی بەناوبانگ بە کوڕی باقلانی ئوصوڵی موتەکەللیمی مالیکی ئەشعەری موجەددید بووە بۆ دینی ئوممەت لەسەری

سەدەی چوارەم لەسەر قەولی صەحیح، وە ئەوەشم ڕوونکردووەتەوە، جا ئەفەرمووێ: چاکەکانی ژوورەوەی قازی ئەبو بەکری باسکراو زۆرترە لە چاکە ئاشکراکانی، هەموو شەوێ زیکرو ئەوڕادەکانی تەواو دەکرد سی و پێنچ لاپەڕەی ئەنووسی لە حیفزی خۆی، وێنەی نەبووە لە سەردەمی خۆی لە فەننی خۆی، وە دانرەوەکانیشی مەشهورە، وە سەرۆکایەتی ئەو زانستەشی بۆ لای ئەو هەڵدراوە، دەستێکی باڵای هەبووە لە ڕوونکردنەوەی عیبارەت، مەشهوورە بەوە، هەتا لە نێوان ئەو ئەبو سەعیدی هیلالیەوە ڕۆژێکیان مونازەرەیەك ڕوویدا، قازی ئەبو بەکر قسەو کەلامی زۆر کردو درێژی کردەوە، وە تەوسیعەشی کرد لە عیبارەت، وە موبالەغەشی کرد لە ڕوونکردنەوە دواتر ڕووی لە ئامادەبوان کردو گوتی: شایەت بن ئەگەر دووبارە کاتەوە نالێم بۆئەوەی ڕوونکردنەوەکە بگۆڕم، وە داوای وەڵامیش ناکەم، هاڕوونیش گوتی: شاهێدبن ئەگەر قسەکانی خۆی دووبارە بکاتەوە ئەوە تەسلیمی دەبم لەوەی کە ئەیلێ.[١٨]

حافیزی ئەحمەدی کوڕی عەلی بەغدادیش ئەفەرمووێ: کەسێکی متمانە پێکراوەو زاناترین کەسە بە زانستی کەلام، وە هەستەوەرترینیانە لە خاتیرەو ئەوەی بەسەر دڵ و دەروونداا دێ، وە لە زمانیش پاراوترینیانە، وە عیبارەشی صەحیحترینیانە، کۆمەڵێکی زۆر دانراوی هەیە لە ڕەددی ڕسواکان لە ڕافیزەو موعتەزیلەو جەهمیەو خەواریج و غەیری ئەوانیش، وە ئەفەرمووێ: بۆم باسکرا کەوا کوڕی موعەللیم شێخی ڕافیزە شیعەکان و موتەکەللیمی ئەوان لە مەجلیسی هەندێ لە زانا تێڕامانکەرەکان ئامادەبوو لەگەڵ هاوەڵەکانی، ئەوەبوو قازی ئەبو بەکریش چووە لایان و کوڕی موعەللیم ڕووی تێ کردو گوتی: ئەوە شەیتان هاتە لاتان، قازیش گوێی لە قسەکەی بوو، وە دووریش بوو لە مەجلیسەکە، جا کاتێ

---

[١٨] (وفيات الأعيان)(ب٤/ل٢٦٩).

قازی دانیشت ڕووی له کوڕی موعەللیم کردو گوتی: {أنا أرسلنا الشياطين علي الكافرين تؤزهم أزا} ﴿مريم: ٨٣﴾.واته: ئێمه شەیتانەکان ئەنێرین بۆ سەر کافرەکان، که زاڵمان کردوون بەسەریانداو به خەیاڵاتی پڕو پووچ ئەیانجولێننەوه. واته ئەگەر من شەیتان بم ئەوه ئێوەش کافرن

ئیبن و عیمادی حەنبەلی له ئیبن و لئەهدەلەوه نەقڵ ئەکات کەوا له بارەیەوه فەرموویەتی: "شمشێری سوننەت، قازی ئەبو بەکری کوڕی باقللانی ئوصوڵی ئەشعەری مالیکی، موجەددیدی دین لەسەری سەدەی چوارەم لەسەر قەوڵی صەحیح، وه گوتراویشه: هەردووکیان موجەددیدن لەگەڵ ئەبی سەهلی صەعلوکی، کۆمەڵێك کتێبی دانا لەسەر تاقمه گومڕاکان که دانراوەکانی فراوان بوو له ڕەتدانەوەی ئەو تاقمانه، هیچ هەڵخلیسکانێکی لیٚ نەبینراوه، وه کەم و کوڕیشی لیٚ نەبینراوه، ژوورەوەی ئاوەدان بوو به خواپەرستی و دینداری و خۆپارێزی."

تۆ سەیرکه حەنبەلیەکی مەزن بەوجۆره تەعامولی لەگەڵ زانایەکی مەزنی ئەشعەری مالیکی کردووه، منداڵێکیش دیٚ لەو سەردەمه بەسووکی بەسەردەمی دادیٚ ئەشعەری هیچ نین کافرن، یان موعەطیلەن. یەکیٚ نەزانیٚ تەوحید بەس لای ئەوان گرتبوویتەوه.

وه ئیبن و خەلەکان و صلاح الصفدیش بەجوانترین شێوه وەکوو زاناکانی سەرەوه مەدح و ستایشیان کردووه.

وه حافیزی زەهەبیش بەوجۆره وەصفی کردووه: "ئیمامی عەللامه، بیٚ وێنەترینی موتەکەللیمینەکان، پێشخراوی ئوصولێیەکان، قازی ئەبو بەکر محمدی کوڕی طەییبی کوڕی محمدی باقللانی، خاوەنی دانراوەکان، کەسیٚ بووه له زیرەکی

و تێگەیشتنیا بەنموونە ئەهێنرێتەوە....، کەسێکی متمانە پێکراوەو ئیمامێکی لێهاتوو و شارەزا بوو، کتێبی دانا لە ڕەددی ڕافیزەو موعتەزیلەو خەواریج و جەهمیەو کەڕڕامیە، وە ڕێگای ئەبولحەسەنی ئەشعەری بەسەرخست، وە لە هەندێ بەرتەسکیش پێچەوانەی ئەو ئەکات، چونکە هاوشانی ئەبولحەسەنی ئەشعەری بووە، زانستی نەزەڕو تێڕامانی لە هاوەڵانی خۆی وەرگرت، ئینجا هەمان وتەکانی قازی عیازی نەقلْ ئەکات کە شمشێری سوننەت بووە ا کۆتاییەکەی."

ئەبو بەکری خەتیبی بەغدادی ئەفەرمووێ: "ویردو ئەزکاری قازی هەموو شەوێك بیست تەڕاویح بووە چ لە ماڵی خۆی بووە وە چ لەسەردا بووبێ، جا کاتێ لە ویردەکانی ئەبوویەوە ٣٥ لاپەڕەی ئەنووسی لە دانراوەکانی. گوێم لە ئەبو لفەڕەجی کوڕی عیمڕان بوو کە ئەیفەرموو: گوێم لە عەلی کوڕی محمدی حەڕبی بوو ئەیفەرموو: هەموو ئەو شتانەی کە ئەبو بەکری کوڕی باقللانی باسی ئەکات لە ڕاجیایی نێوان خەڵکی هەمووی لە حیفزی خۆیەوە دایناوە، وە هیچ کەسێکیش کتێبی ڕاجیایی دانەناوە ئیللا پێویستی بە موتاڵەعەکردنی کتێبی پێچەوانکەرەکان هەبووە، جگە لە کوڕی باقللانی نەبێ، خەتیبی بەغدادیش ئەڵێ: قازی ئەبو بەکر زانستە عەقڵیەکانی لە ئەبو عبد الله محمدی کوڕی ئەحمەدی کوڕی موجاهیدی گائیەوە وەرگرتووە کە هاوەڵی ئەبولحەسەنی ئەشعەری بووە.

قازی عیازیش دوای سەنا کردنێکی زۆر ئەفەرمووێ: "چوومە بەغدایێ لە کاتێکدا شەڕع فێربووم لە وڵاتی مەغریب و ئەندەلوس لای ئەبو لحەسەنی قابسی و ئەبو محمدی ئەصیلی کە هەردووکیان زانا بوون لە ئوصولْ، جا کاتێ ئامادەی مەجلیسی قازی ئەبو بەکر بووم، وە قسەکانی ئەوم بینی لە بارەی ئوصولْ و فیقهەوە، وە موئالیف و موخالیفەوە، زۆر نەفسی خۆم بەگچکە دانا، وە گوتم:

هیچ شتێك نازانم لەبارەی زانستەوە، ئیتر وەکوو کەسێکی سەرەتا لەلای گەڕامەوە."

ئیمامی ڕازیش نازناوی ئیمامی ئوصولێیەکانی لێناوە.

## چوونی بۆ وڵاتی ڕۆم

خەتیبی بەغدادی ئەفەرمووێ: ئەبو لقاسم عەلی کوڕی حوسێنی کوڕی عەلی ئەبو عوسمانی دەققاق و غەیری ئەویش بۆیان باسکردین کەوا پاشا عضد الدولە قازی ئەبو بەکری باقللانی ڕەوانە کرد بە نامەیەکەوە بۆ لای پاشای ڕۆم، کاتێ کە گەیشتە شارەکەیان پاشا هەواڵی هاتنەکەی زانی، وە بۆشی دەرکەوت پێگەو مەکانێتی زانستیەکەی لە چ ئاستێکایە، بۆیە بیری لەوە کردەوە ئەو پیاوە کوفری بۆ ناکات کاتێ کە دێتە لای، هەروەکوو چۆن دارودەستەکەی لەبەردەستی خۆیان بۆ دەچەمێننەوەو زەوی بۆ ماچ دەکەن، ئەوەبوو بیری لەوە کردەوە کەوا شوێنی جێگەکەی لە دوای دەرگایەکی بچووکەوە کە وەکوو کوخێك بێ بۆ دانێتن، کە هەرکاتێ هاتە ژوورەوە ناچار ئەبێ پشتی خۆی بچەمێنێتەوەو لە کاتی هاتنە ژوورەکەی دەکەوێتە بەرامبەر پاشا، تا ئەو چەمانەوەی بەزۆر پێ بکات لە ڕێی ئەو دەرگا بچووکەوە، پاشا پیلانەکەی داناو بانگی قازی کرا بۆئەوەی لەو دەرگایەوە بچێتە ژوورەوە بۆلای پاشا، قازیش لە پاشا زیرەکتر بوو کە سەیری کرد زانی پاشا مەبەستی چیەو ئەیەوێ چی پێ بکات، بۆیە ڕووبەڕوو پشتی خۆی نەچەماندەوە بەڵکوو پشتی لەدەرگاکە کردوو پشتاو پشت هاتە ژوورەوە تا

گەیشتە لای پاشا، ئینجا سەری بەرزکردەوەو ڕووی کردە پاشا، پاشاش کە ئەو شتەی لە قازی بینی زۆر پێی سەرسام بوو ترسی لێ نیشت لەبەر هەیبەتی[١٩].

وە ئیبن و عەساکیریش لە قازی ئەبولمەعالی عەزیزی کوڕی عبد الملك گێڕاویەتەیەوە کەوا گوتراوە ڕۆژێکیان قازی چووە لای پاشا کە چووە ژوورەوە هەندێ لە موطاڕەنەو ڕەهبانی لەلابوو (موطاڕەنە، سەرۆکی هەموو قەشەو ڕاهیبەکانە)، جا قازی بە گاڵتەوە پێی گوت: چۆنی چاکی ماڵ و منداڵت چۆنە؟ پاشاش سەرسام بوو بەو پرسیارە، وە گوتی: ئەوەی تۆی بەو نامەیەوە ناردووە نوسیویەتی تۆ زمانی ئوممەتی، وە پێشخراوی بەسەر هەموو زاناکانی میللەت (واتە: میللەتی ئیسلام)، ئایا نەتزانیوە

ئێمە ئەوانە پاکڕائەگرین لە ماڵ و منداڵ؟ قازیش فەرمووی: ئێوە خودا بە پاکڕاناگرن لە ماڵ و منداڵ پاکی و بێگەردی بۆ ئەو کەچی ئەوانە پاکڕائەگرن وەك بڵێی ئەوانە لاتان پیرۆزترو بەرزترن لە خوای گەورە پاکی و بێگەردی بۆ ئەو، لەوەوە سام و هەیبەت لە دڵی نیشت.

وە ئەفەرمووێ: پێم گەیشتووە کەوا تاغوتی ڕۆم ویستی شەرمەزاری بکات بۆیە پێی گوت: هەواڵم بدەرێ لە بارەی چیرۆکی عائیشەوە خێزانی پێغەمبەرەکەتان ـ صلى الله عليه وسلم، ئەوەی کە لەبارەیەوە گوتراوە (کەوا زینای کردووە پەنا بەخوا)، قازیش فەرمووی: ئەمانە دووانن کە قسە لەبارەیانەوە گوتراوە، ئەوەی بە خێزانی پێغەمبەرمان ـ صلى الله عليه وسلم، وە بە مەڕیەمە گوترا، هەرچی خێزانی پێغەمبەرمانە ـ صلى الله عليه وسلم، منداڵی نەبوو، بەس مەڕیەمە بەخۆی و منداڵێکەوە هات کە بەسەر شانیەوە هەڵی گرتبوو،

---

[١٩] (تاريخ بغداد)(ب٥/ل٣٧٩).

کەچی هەردووکیشیان خوای گەورە پاکی ئەوانی بەیان کردو لەوەی کە بۆیان هەڵدرابوو، ئەوەبوو تاغوتی ڕۆم قسەی بڕاو دەمی تەقەی لیَ هات و هیچ وەڵامێکی نەبوو[٢٠].

وە لە عبد الله حوسێنی کوڕی محمدی دامغانیەوە گێڕدراوەتەوە کەوا فەرمووی: کاتێ کە قازی ئیمام ئەبو بەکری باقللانی گەیشتە بەغدا شێخ ئەبولحەسەن تەمیمی حەنبەلی بانگهێشتی کرد کە ئەبولحەسەن ئیمامی سەردەمی خۆی بووە لە مەزهەبەکەی، وە شێخی شارەکەی خۆیشی بووە لەناو دەستەو تاقمەکەی، جا شێخ ئەبو عبد الله کوڕی موجاهید لەگەڵ شێخ ئەبولحوسێن محمدی کوڕی ئەحمەدی کوڕی سەمنوون، وە ئەبولحەسەنی شەڕعزان لەو مەجلیسەدا ئامادەبوون، بابەتی ئیجتیهاد هاتە گۆڕێ لە نێوان قازی ئەبو بەکرو ئەبو عبد الله کوڕی موجاهید، قسە لەسەر ئەو بابەتە کرا تا بەری بەیان، ئەوەبوو قسەکەی قازی دەرکەوت و صەوابتر دەرچوو بەسەر قسەکانی ئەبو عبد الله، ڕەحمەتی خوایان لیَ بیَ.

## بیروباوەڕی

بێگومان بیروباوەڕی لەسەر ئوصولێ ئەشعەریەکانە و خۆی سەرکردەیە لەو قوتابخانە پاکەدا، کە پێی وایە خوای گەورە بیَ شوێن و مەکان و زەمانەو وە ئەندام و لاشە نیەو خوای گەورە نەفەصڵە وە نەوەصڵە، وە عەرش بەمانای جیَ و شوێنی خوا نایێ و بەڵکوو ئیستیوای کردووە. ئەو ئیستیوایەش بەمانای لەسەربوون و جێگاو بەریەککەوتن و دانیشتن نایێ. بەڵکوو خوای گەورە بەرزەو پاکە لەجەستەو جسمانیەت، وە ئەگەر بێت و لە هەموو شوێنێکیش بایە ئەوە

[٢٠] (تبين كذب المفتري)(ل٢١٨ـ ٢١٩).

لەناو جەستەی ئاژەڵان و دەم و لوتی مرۆڤ و ناوسکی ئینسانیشدا ئەبوو بەڵکوو خوای گەورە پێویستی بەشوێن و مەکان نیە، چونکە مەکان دروستکراوەو پێویستی بە ڕاگیرکردن هەیە، ئەوە خودایە بەتوانستی خۆی ماددەو گەردوونی ڕاگیرکردووە. هیچ شتێك وەکوو خودا نیە، (ليس كمثله شيء). بەر لە گەردوون بێ نیاز بوو لە شوێن، دوای گەردوونیش هەر بێ نیازە لە شوێن. ئەم ئیمامەو هەزارەهای وەکوو ئەم ئیمامە لەسەر ئەم عەقیدە پاکە مردن.

## کتێب و دانراوەکانی

زۆرن لە هەموو جۆرە زانستەکان، بە تایبەتی لە ڕەتدانەوەی جەهمی و خەواریج و کەڕڕامییەکان ئەوانەی کە دەیانگوت خودا دەست و قاچی هەیە بەس ئێمە درکی پێ ناکەین یاخود لە خۆی بووەشێتەوە، ڕەددی هەموو ئەو تاقمە گومڕایانەو ئەهلی بیدعەی دایەوە، جا نزیکەی لەسەرووی پەنجا دانراوی هەن، کە زۆرینەیان ونبوون و لەناوچوون جگە لە چەند دانراوێك نەبێ، وە گرینگترین دانراوەکایشی.

١ـ الإنصاف فيما يجب اعتقاده ولا يجوز الجهل به.

٢ـ تمهيد الأوائل وتلخيص الدلائل.

٣ـ التقريب والإرشاد.

٤ـ إعجاز القرآن.

٥ـ كيفية الاستشهاد في الرد علي أهل الجحد والعناد.

٦ـ شرح اللمع في الرد علي أهل الزيغ والبدع.

٧ـ الفرق بين معجزات الأنبياء وكرامات الصالحين.

٨ـ الإبانة عن إبطال مذهب أهل الكفر والضلالة.

٩ـ كيفية الاستشهاد، في الرد علي أهل الجحد والعناد.

١٠ـ الرد علي المعتزلة فيما اشتبه عليهم من تأويل القرآن.

١١ـ الرد علي الرافضة والمعتزلة والخوارج والجهمية.

١٢ـ المقدمات في أصول الديانات.

١٣ـ الإنصاف في أسباب الخلاف.

١٤ـ هداية المسترشدين.

١٥ـ التعديل والتجوير.

١٦ـ الإمامة الكبيرة.

١٧ـ شرح أدب الجدل.

١٨ـ مسائل الأصول.

١٩ـ دقائق الكلام.

٢٠ـ مناقب الأئمة.

٢١ـ الإيجاز.

٢٢ـ الكسب.

## نوێکەرەوەی دین بووە

وەك شێخمان جلال الدینی سیوطی لە شیعرەکەی خۆیدا کە ناوی نوێکەرەکانی دینی هێناوە بەدرێژایی سەدەکان.

١ـ سەدەی یەکەم عومەری کوڕی عبد العزیزە.

٢ـ ئیمامی شافیعیە.

٣ـ ئیمامی ئەبولحەسەن ئەشعەریە.

٤ـ ئەبو نوعەیمی ئیستڕاباذی

وە گوتراویشە کەوا ئیبن و سوڕەیجە.

وە ئەبو ئیسحاقی ئیسفەڕاینە لەگەڵ ئوستاز سەهلی صەعلوکی

وە ئیمامی باقلانیە.

٥ـ ئیمامی حوججەتولئیسلام ئەبو حامید غەزالیە.

٦ـ ئیمامی فخر الدینی ڕازی و ئیمامی ڕافیعیە

٧ـ ئیمامی ئیبن و دەقیقی عیدە.

٨ـ ئیمامی سیڕاج الدینی بولقینی لەگەڵ ئەحمەدی غوززی، وە لەگەڵ حافیزی عیڕاقی

٩ـ سەدەی نۆی کۆچیش سیوطی خۆی داناوە.

## وەفاتی

خاوەنی کتێبی (الوفیات) دەفەرمووێ: قازی ئەبو بەکر کۆتاییی ڕۆژی شەممە وەفاتی کرد، وە لە ڕۆژی یەکشەممەشدا نێژرا لە ٧ زولقەعدەی ساڵی ٤٠٣ کۆچی لە بەغدایێ، وە کوڕەکەی خۆی نوێژی لەسەر کرد، وە لە خانووەکەی خۆی نێشتی کە لەسەر ڕێگای مەجوسیەك بوو واتە خانووەکەی، پاشان لە دوای ئەوە نەقلێ کرا لە گۆڕستانی بابولحەڕب نێژرا.

حافیزی ئیبن و عەساکیر نەقڵی کردووە لە ئەبو عبد الله حوسێنی کوڕی محمدی دامغانی، کە ئەبو لحەسەنی تەمیمی حەنبەلی بە هاوەڵەکانی ئەفەرموو: دەست بەو پیاوەوە بگرن واتە باقللانی ـ بێ نیازتان ناکات لە سوننەت واتە ئەوەندە شارەزایە بە سوننەت و دەستی بەسوننەتەوە گرتووە، وە ئەبو عبد الله ئەیفەرموو: گوێم لە ئەبولفەزڵی تەمیمی عبد الواحیدی کوڕی ئەبولحەسەنی کوڕی عبد العزیزی کوڕی حاریس بوو کە ئەیفەرموو: "سەرم لەگەڵ سەری قازی ئەبو بەکری باقللانی کۆبوویەوە لەسەر یەك سەرین حەوت ساڵان. جا ئەبو عبد الله فەرمووی: لەو ڕۆژەی کە قازی وەفاتی کرد ئەبولفەزڵی تەمیمی بۆ تەعزیەکەی بە پێخواسی بوو لەگەڵ هاوەڵ و براکانی لە کاتی جەنازەدا، وە فەرمانی کرد هاوار بکرێ لەبەردەم جەنازەکەی: ئەمە سەرخەری سوننەت و دینە، ئەمە ئیمامی موسڵمانانە، ئەمە بەرگری لە شەریعەتی ئەکرد بەرامبەر زمانی پێچەوانکەرەکان، ئا ئەمە بوو کە هەزار لاپەڕەی نووسی لە ڕەددی مولحیدەکان، ئینجا سێ ڕۆژانیش بۆ تەعزیەکە دانیشت لەگەڵ هاوەڵەکانی، وە نەڕۆیشت، وە هەموو هەینیەك سەردانی گۆڕەکەی ئەکرد لە ماڵەکەی"[٢١].

---

[٢١] (تبيين كذب المفتري)(ل٢٢١).

وە ئیبن و عەساکیریش ئەفەرمووێ: گواستراوە بۆ بابولحەرب، وە لە نزیك گۆڕی ئیمام ئەبو عبدالله ئەحمەدی کوڕی حەنبەل نێژرا خودای گەورە لێیان ڕازی بێ، وە لەسەر ئالآیەکیش نەخشێندراوە کە لەلای سەریەوەیەتی: ئەمە گۆڕی قازی ئیمامی خۆشبەخت، فەخرو شانازی ئوممەت، زمانی میللەت، شمشێری سوننەت، کۆڵەگەی دین، سەرخەری ئیسلام ئەبو بەکر محمدی کوڕی گەییبی بەصری قدس الله روحه. وە بە پێغەمبەرەکەی خۆی بیگەیەنێ صەڵات و سەلامی لەسەر بێ، وە گۆڕەکەشی سەردانی ئەکرێ و لەکاتی باران نەباریندا تەوەسسوولی پێ ئەکرێ و تەبەڕڕوکی پێوە ئەکرێ.

## دوای وەفاتی

ئیبن و عەساکیر ئەفەرمووێ: ئەبو قاسمی عەکبەری هەواڵی پێیداین، لە قازی ئەبو لمەعالی عبد الملك کە فەرمووی: گوێم لە قازی ئەبو بەکر بوو لە خەودا ئەوەبوو بۆم ڕێککنەوت، (واتە: ببینێ و بەتەواوی گوێی لێ بێ)، شەو هەڵسام صەڵەواتم لەسەر پێغەمبەر لێدا ـ صلى الله عليه وسلم، وە خەوتم، جا کە بووە کاتی سەحەڕ لە خەودا کۆمەڵە خەڵکێکم بینی، جلی جوانیان لەبەردا بوو، ڕوخساریان ئەدرەوشایەوە، بۆنیان خۆش بوو، دەم بە پێکەنین بوون، پێیان گوت: ئێوە لە کوێوە هاتوون؟ گوتیان: لە بەهەشتێوە، گوتم: چیتان کردووە؟ گوتیان: سەردانی قازی ئەبوبەکری ئەشعەریمان کردووە، گوتم: خوای گەورە چی لێ کرد؟ گوتیان: خوای گەورە لێی خۆش بوو، وە بەرزی کردەوە لە پلەوپایەکان، جا منیش ئەو کۆمەڵە خەڵکەم بەجێ هێشت و ڕۆیشتم، وەك بڵێی قازی ئەبو بەکرم بینی بێ، جلێکی جوانی لەبەردا بوو، وە لە نێو باخچەیەکی سەوزدا دانیشتبوو، منیش حەزم کرد پرسیاری لێ بکەم لە ئەحواڵی، گوێم لێ بوو بەدەنگێکی بەرز

ئەیخوێندەوە: (هَاؤُمُ اقْرَءُوا كِتَابِيَهْ { ١٩ } إِنِّي ظَنَنْتُ أَنِّي مُلَاقٍ حِسَابِيَهْ { ٢٠ } فَهُوَ فِي عِيشَةٍ رَاضِيَةٍ { ٢١ } فِي جَنَّةٍ عَالِيَةٍ). سورة الحاقة آية ١٩-٢٢. واتە: ها کتێبەکەم بخوێننەوە کە بەدەستی ڕاستا وەرمگرتووە، من یەقینم بەخودا هەبوو کە ڕۆژێ دێ بەخودا ئەگەم و حیساب و کیتابم لەگەڵ ئەکات، جا ئەو کەسە لە ژیانێکی خۆشگوزەرانی ڕازی کراودایە، لە بەهەشتی بەرزەکان. جا ئەو خەوە زۆر دڵخۆشی کردم. الحمدلله.

ئەم مەقالەیە باوکی غەزالی نوسیویەتی، جگە لەو سەرچاوانەی کە نوسیمان، پشتم بە زانیاریەکانی ویکیبیدیا موسوعە الحرە لە ئینتەرنێت وەرگرت، ئەمانەش سەرچاوەی ویکیبیدیایە.

## سەرچاوەکان


—http://data.bnf.fr/ark:/12148/cb15045137h - تاريخ الاطلاع: ١٠ أكتوبر ٢٠١٥ —— الرخصة: رخصة حرة

ـ مصادر ترجمته في تاريخ بغداد للخطيب ٣٧٩/٥ ـ ٣٨٣. تبيين كذب المفتري لابن عساكر ٢١٧-٢٢٦، الوفيات لابن خلكان ٦٠٩/١. اللباب لابن الأثير ٩٠/١. تذكرة الحفاظ للذهبي ١٠٧٩. الوافي بالوفيات للصفدي ١٧٧/٣ ـ ١٧٨. الديباج لابن فرحون ٢٦٧ ـ ٢٦٨. البداية والنهاية لابن كثير ٣٥٠/١١ ـ ٣٥١. وغيرها. انظر تاريخ التراث العربي فؤاد سزكين م١ ج٤، مطبعة بهمن ـ قم، الطبعة الثانية، سنة ١٩٨٣م، ص٤٨. الوافي بالوفيات، صلاح الدين خليل بن أيبك الصفدي(ت٧٦٤هـ)، تحقيق أحمد الأرناؤوط وتزكي مصطفى، طبعة بيروت ـ لبنان دار إحياء التراث العربي، سنة ١٤٢٠هـ ٢٠٠٠م، ج ٣ ص١٤٧.

ـ نظرية المقاصد عند الإمام الشاطبي: وهو الملقب بشيخ السنة ولسان الأمة، إمام وقته، ويعد مجدد المائة الرابعة.نسخة محفوظة ١٩ سبتمبر ٢٠١٦ على موقع واي باك مشين.

ـ القاضي أبو بكر الباقلاني، وآراؤه الكلامية والفلسفية ص: ٣٦

ـ مركز أبي الحسن الأشعري للدراسات والبحوث العقدية. نسخة محفوظة ٠٧ أغسطس ٢٠١٦ على موقعواي باك مشين.

ـ القاضي أبو بكر الباقلاني، وآراؤه الكلامية والفلسفية ص: ٤١.

ـ ابن العماد، شذرات الذهب في أخبار من ذهب.نسخة محفوظة ٢٠ أغسطس ٢٠١٦ على موقع واي باك مشين.

ـ رسالة الفتوى الحموية الكبرى، ص: ٧٦.

ـ إعجاز القرآن للباقلاني. نسخة محفوظة ١٨ أبريل ٢٠١٧ على موقع واي باك مشين.

ـ الذهبِي، سير أعلام النبلاء. نسخة محفوظة ١٠ مايو ٢٠١٧ على موقع واي باك مشين.

ـ تبيين كذب المفتري فيما نسب إلى الإمام أبي الحسن الأشعري. نسخة محفوظة ٢٦ أغسطس ٢٠١٦ على موقع واي باك مشين.

ـ اليافعي، مرآة الجنان وعبرة اليقظان في معرفة حوادث الزمان. نسخة محفوظة ٢٠ أغسطس ٢٠١٦ على موقعواي باك مشين{| .

ـ عون المعبود شرح سنن أبي داود. نسخة محفوظة ٢٩ يونيو ٢٠١٧ على موقع واي باك مشين.

ـ البحر المحيط في أصول الفقه ٦/١.

ـ ترتيب المدارك وتقريب المسالك ٤٦/٧-٤٧.

ـ إيضاح المحصول من برهان الأصول، ص:٢٨١.

ـ تاريخ بغداد، ج٥، ص: ٣٨٠.

ـ الباقلاني وآراؤه الكلامية، رسالة دكتوراه، إعداد الدكتور محمد رمضان عبد الله، مطبعة الأمة - بغداد، ١٩٨٦، ص: ١٩٦.

ـ "تحفة المهتدين بأخبار المجددين".

## هەندێ لە زانا بەناوبانگەکانی مەزهەبی ئەشاعیرە

ئیبن و عەساکیری دیمەشقی ناوی زانا مەشهورەکانی مەزهەبی ئەشاعیرەو سەنەدی زانست و ئەدەبیانی هێناوە کە ئەگاتەوە سەر بە ئەبو لحەسەنی ئەشعەری ئەمەش بە گوێرەی چینەکانیان.

### چینی یەکەم :لە قوتابیانی ئەبو لحەسەنی ئەشعەری

١. أبو عبد الله بن مجاهد البصري.

٢. أبو الحسن الباهلي البصري.

٣. أبو الحسين: بندار بن الحسين الشيرازي الصوفي.

٤. أبو محمد الطبري المعروف بالعراقي.

٥. أبو بكر القفال الشاشي.

٦. أبو سهل الصعلوكي النيسابوري.

٧. أبو زيد المروزي.

٨. أبو عبد الله بن خفيف الشيرازي.

٩. أبوبكر الجرجاني المعروف بالإسماعيلي.

١٠. أبو الحسن عبد العزيز الطبري.

١١. أبو الحسن علي الطبري.

١٢. أبو جعفر السلمي البغدادي النقاش.

١٣. أبو عبد الله الإصبهاني.

١٤. أبو محمد القرشي الزهري.

١٥. أبو بكر البخاري الاودني.

١٦. أبو منصور بن حمشاد النيسابوري.

١٧. أبو الحسين بن سمعون البغدادي المذكر.

١٨. أبو عبد الرحمن الشروطي الجرجاني.

١٩. أبو علي الفقيه السرخسي.

**چینی_دووەم: کە زانست و ئەدەب و مەزهەبی ئەشعەریان لەو قوتابییانەوە وەرگرتووە:**

٢٠. أبو سعد بن أبي بكر الإسماعيلي الجرجاني.

٢١. أبو الطيب بن أبي سهل الصعلوكي النيسابوري.

٢٢. أبو الحسن بن داود المقري الداراني الدمشقي.

٢٣. القاضي أبو بكر بن الطيب بن الباقلاني.

٢٤. أبو علي الدقاق النيسابوري شيخ أبي القاسم القشيري.

٢٥. الحاكم أبو عبد الله بن البيع النيسابوري.

٢٦. أبو نصر بن أبي بكر الإسماعيلي الجرجاني.

٢٧. الأُستاذ أبو بكر بن فورك الإصبهاني.

٢٨. أبو سعد بن عثمان النيسابوري الخركوشي.

٢٩. أبو عمر محمد بن الحسين البسطامي.

٣٠. أبو القاسم بن أبي عمرو البجلي البغدادي.

٣١. أبو الحسن بن ماشاذه الإصبهاني.

٣٢. أبو طالب بن المهتدي الهاشمي.

٣٣. أبو معمر بن أبي سعد الجرجاني.

٣٤. أبو حازم العبدوي النيسابوري.

٣٥. الأُستاذ أبو إسحاق الإسفرائيني.

٣٦. أبو علي بن شاذان البغدادي.

٣٧. أبو نعيم الحافظ الإصبهاني

٣٨. أبو حامد أحمد بن محمد الاستوائي الدلوي.

**چینی_سێیەم: مەزهەبی ئەشاعیرەیان لە چینی دووەم وەرگرتووە:**

٣٩. أبو الحسن السكري البغدادي.

٤٠. أبو منصور الأيوبي النيسابوري.

٤١. أبو محمد عبد الوهاب البغدادي.

٤٢. أبو الحسن النعيمي البصري.

٤٣. أبو طاهر بن خراشة الدمشقي المقري.

٤٤. الأُستاذ أبو منصور النيسابوري البغدادي.

٤٥. أبو ذر الهروي الحافظ.

٤٦. أبو بكر الدمشقي المعروف بابن الجرمي.

٤٧. أبو محمد الجويني والد الإمام أبي المعالي.

٤٨. أبو القاسم بن أبي عثمان الهمداني البغدادي.

٤٩. أبو جعفر السمناني قاضي الموصل.

٥٠. أبو حاتم الطبري المعروف بالقزويني.

٥١. أبو الحسن رشا بن نظيف المقري.

٥٢. أبو محمد الإصبهاني المعروف بابن اللبان.

٥٣. أبو الفتح سليم بن أيوب الرازي.

٥٤. أبو عبد الله الخبازي المقري النيسابوري.

٥٥. أبو الفضل بن عمروس البغدادي المالكي.

٥٦. الأُستاذ أبو القاسم الإسفراييني.

٥٧. الحافظ أبو بكر البيهقي.

**چینی_چوارەم: کە مەزهەبی ئەشاعیرەیان لە چینی سێیەمەوە وەرگرتووە:**

٥٨. أبو بكر الخطيب البغدادي.

٥٩. الأُستاذ أبو القاسم القشيري النيسابوري.

٦٠. أبو علي بن أبي حريصة الهمداني الدمشقي.

٦١. أبو المظفر الإسفرائيني.

٦٢. أبو إسحاق إبراهيم بن علي الشيرازي.

٦٣. الإمام أبو المعالي الجويني.

٦٤. أبو الفتح نصر بن إبراهيم المقدسي.

٦٥. أبو عبد الله الطبري.

چینی_پێنجەم: کە مەزهەبی **ئەشاعیرەیان** لە چینی چوارەمەوە وەرگرتووە:

٦٦. أبو المظفر الخوافي النيسابوري.

٦٧. الإمام أبو الحسن الطبري المعروف بالكيا الهراسي.

٦٨. الإمام حجة الإسلام أبو حامد الطوسي الغزالي.

٦٩. الإمام أبو بكر الشاشي.

٧٠. أبو القاسم الأنصاري النيسابوري.

٧١. الإمام أبو نصر بن أبي القاسم القشيري.

٧٢. الإمام أبو علي الحسن بن سليمان الإصبهاني.

٧٣. أبو سعيد أسعد بن أبي نصر بن الفضل العمري.

٧٤. أبو عبد الله محمد بن أحمد بن يحيي بن جني العثماني الديباجي.

٧٥. القاضي أبو العباس أحمد بن سلامة المعروف بابن الرطيي.

٧٦. الإمام أبو عبد الله الفراوي النيسابوري.

٧٧. أبو سعد إسماعيل بن أحمد النيسابوري المعروف بالكرماني.

٧٨. الإمام أبو الحسن السلمي الدمشقي.

٧٩. أبو منصور محمود بن أحمد بن عبد المنعم ماشاذه

٨٠. أبو الفتح محمد بن الفضل بن محمد بن المعتمد الإسفرائيني.

٨١. أبو الفتح نصر الله بن محمد بن عبد القوي المصيصي.

٨٢. الحافظ إبن عساكر الدمشقي.

ئەمانە حافیزی ئیبن و عەساکیر باسی لێوە کردوون.

**ئەمما چینی شەشەم و حەوتەم تاج الدين ئەبو نەصر عبدالوهابی سبوکی باسی لێوە کردوون کە ئەمانەن:**

**چینی شەشەم:**

٨٣. الإمام فخر الدين الرازي.

٨٤. سيف الدين الآمدي.

٨٥. شيخ الإسلامي عز الدين بن عبد السلام.

٨٦. الشيخ أبو عمرو بن الحاجب المالكي.

٨٧. شيخ الإسلام عز الدين الحصيري الحنفي، وصاحب «التحصيل والحاصل»

٨٨. الخسرو شاهي.

**چینی حەوتەم:**

٨٩. شيخ الإسلام تقي الدين ابن دقيق العيد.

٩٠. الشيخ علاء الدين الباجي.

٩١. الشيخ الإمام الوالد تقي الدين السبكي.

٩٢. الشيخ صفي الدين الهندي.

٩٣. الشيخ صدر الدين بن المرحل.

٩٤. ابن أخيه الشيخ زين الدين.

٩٥. الشيخ صدر الدين سليمان عبد الحكم المالكي.

٩٦. الشيخ شمس الدين الحريري الخطيب.

٩٧. الشيخ جمال الدين الزملكاني.

٩٨. الشيخ جمال الدين بن جملة.

٩٩. الشيخ جمال الدين ابن جميل

١٠٠. قاضي القضاة شمس الدين السروجي الحنفي.

١٠١. القاضي شمس الدين بن الحريري الحنفي.

١٠٢. القاضي عضد الدين الإيجي الشيرازي.

سەدانی تریش هەن بەس ئەمانە مەشهورەکانن، وە هەتا چینی حەوتەمن، جا گەر تا ئیمڕۆکە هەژمار بکرێن چینەکان زۆر دەبن، ئیتر مەزهەبی ئەهلی سوننەو جەماعە بە پێی مەزهەبی ئەشاعیرە زانستی عەقائید بەو جۆرە بە ئێمە گەیشتووە، سوپاس بۆ خوا[٢٢].

[٢٢] ئەم مەقالەیەش باوکی غەزالی نوسیویەتی، بڕوانە: (البحوث في الملل والنحل للشيخ أبو جعفر السبحاني)(ب٢/ل٣٦٦ـ ٣٧٢).

## بیروباوەڕی ئەشعەریەکان و ناوی هەندێ لە زانا بەناوبانگەکانیان.

ئەشعەریەکان ئەوانەن کە پێیان وایە خودا بێ شوێن و مەکان و زەمانە، هیچ شتێك وەکوو خودا نیەو مرۆڤ خاوەن ویست و ئیرادەیەو خەلْقی کردەوەکانیش عایدی خوایەو خودا قسان ئەکات بەکەلامێکی نەفسی بەبێ پیت و دەنگ ئەوە نیە  کە لەلای ئێمەی مرۆڤ مەشهورە. وە هەموو سیفاتەکانی خودا قەدیمەو بەر لە خودا هیچ شتێك وجودی نەبووە، مادده بوونی نەبووە، خوداش پێچەوانەی هەموو بوونەوەرانیەتی، وە دابەشکردنی تەوحید بۆ ئولوهیەت و ڕبوبیەت و ئەسمائو سیفات لەو مەنهەجە پاکە بوونی نیە، بەڵکوو بڕوایان بەوانە هەیە بەس جیایان نەکردووەتەوە، ئەوەیشی جیای کردەوە بیدعەیەکی داهێنا، چونکە تەکفیرکردنی موسڵمانانی لەسەر دامەزراوە بۆیە ئەو دابەشکردنە قەدەغەیە. وە بڕوایان بە هەرچوار خەلیفەو عەدلی صەحابە هەیە، وە بڕوایان بەڕۆژی دوایی هەیە، وە بەهەمووغەیبیاتەکانیش، وە هیچ موسڵمانێك لە ئەهلی قیبلە نابەنە دەرێ مەگەر کوفر بکات، ئەمەش عەقیدەی ئەهلی سوننەو جەماعەیە هەر لەسەردەمی سەرووەرمانەوە تاوەکوو ئیمڕۆکە، ئەوانەی کە لەسەر ئەم عەقیدەیەش بوون ئەو زانا بەرزانەی خوارەوەن:

الإمام أبو بكر البيهقي أشعري

الإمام عبد القاهر التميمي أشعري

الإمام الحافظ فخر الدين ابن عساكر أشعري

الإمام القاضي تقي الدين السبكي أشعري

الإمام القاضي تاج الدين السبكي أشعرى

الإمام اللغوي المفسر فخر الدين الرازي أشعري

الإمام المفسر جلال الدين السيوطي أشعري

الإمام المفسر شمس الدين القرطيي أشعري

الإمام المفسر عبد الله النسفي أشعري

الإمام المفسر ابن حيان الأندلسي أشعري

الإمام المفسر إبن كثير الدمشقي

الإمام الحافظ شرف الدين النووي أشعري

الإمام الحافظ ابن حجر العسقلاني أشعري

الإمام العز بن عبد السلام أشعري

الإمام بديع الزمان الشيخ سعيد النورسي الكردي

السلطان صلاح الدين الأيوبي أشعري

المجاهد سيف الدين قطز أشعري

المجاهد عمر المختار أشعري

ئەمانە کەمێکن لە زۆرێك.

❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊

**هەندێ لەزانا ئەشعەریەکان وە صۆفیەکان کە لە هەموو بوارەکان دەستێکی بالآیان هەبووە**

(أبو إسحاق الإسفراييني / أبو نُعَيم الأصبهانيّ/ الشيخ أبو محمد الجوينيّ / عبد الملِك أبو المعالي الجوينيّ/ أبو منصور التماميّ / الإسماعيليّ/ البيهقيّ /الدارقطنيّ / الخطيب البغداديّ/ أبو القاسم /القشيريّ وابنه أبو النصر/ أبو إسحاق الشيرازيّ/ نصر المقدسيّ/ الإمام الغزاليّ/ الفراوي أبو الوفاء ابن عقيل الحنبليّ/ الدمغانيّ / الإمام أبو الوليد الباجيّ/ أحمد الرفاعيّ/ أبو القاسم ابن عساكر/ السلافي/ القاضي عياض المالكيّ/ الإمام النوويّ/ الإمام فخر الدين الرازيّ/ القرطبيّ/ عزُّ الدين ابن عبد السّلام / أبو عمروِ ابن الحاجب/ القاضي ابن دقيق العيد/ الإمام علاء الدين الباجيّ / تقي الدين السبكيّ/ العلائيّ/ زين الدين العراقيّ/ ابن حجر العسقلانيّ/ الإمام مرتضي الزبديّ/ زكريا الأنصاريّ/ بهاء الدين الرواس/ وليّ الله الدهلويّ/ محمد عليش المالكيّ/ الشيخ عبد الله الشرقاويّ/ أبو المحاسن القاوقجيّ/ الإمام حسين الجسر الطرابلسيّ). وه زۆرێکی تریش

## له ئەهلی تەفسرو زانستەکانی قورئانیش

(القرطبِي، وابن العربي، والرازي، وابن عطية، والمحلي، والبيضاوي، والثعالبِي، وأبو حيان، وابن الجزري، والزركشي، وابن كثير، والسيوطي، والآلوسي، والزرقاني، والنسفي، والقاسمي، والشعراوي، وابن عاشور)، وه غەیری ئەوانەش کە گەلێك زۆرن.

## له ئەهلی فەرموودەو زانستەکانی

الحاكم، والبيهقي، والخطيب البغدادي، وابن عساكر، والخطابي، وأبو نعيم الأصبهاني، والقاضي عياض، وابن الصلاح الشهرزوري، والمنذري، والنووي، والعز بن عبد السلام، والهيثمي، والمزي، وابن حجر، وابن المنير، وابن بطال، وة

ڕاڤەوانانی هەر صەحیحەین، وە ڕاڤەوانانی سونەنەکان، والعراقي وابنه، وابن جماعة، والعيني، والعلائي، وابن فورك، وابن الملقن، وابن دقيق العيد، وابن الزملكاني، والزيلعي، وابن كثير، والسيوطي، وابن علان، والسخاوي، والمناوي، وعلي القاري، والبيقوني، واللكنوي، والزبيدي، وە زۆرێکی تریش لە غەیری ئەمانە.

## لە ئەهلی فیقهو ئوصوڵەکەی

لە حەنەفیەکان : (ابن نجيم، والكاساني، والسرخسي، والزيلعي، والحصكفي، والميرغناني، والكمال بن الهمام، والشرنبلالي، وابن أمير الحاج، والبزدوي، والخادمي، وعبد العزيز البخاري، وابن عابدين، والطحطاوي)، زۆرێکی تریش لە غەیری ئەمانە.

وە لە مالیکیەکانیش: (والقرافي، والشاطبِي، وابن الحاجب، وخليل، والدردير، والباقلاني، والدسوقي، وزروق، واللقاني، والزرقاني، والنفراوي، وابن جزي، والعدوي، وابن الحاج، والسنوسي، وابن عليش، والعز بن عبد السلام)، زۆرێکی تریش لە غەیری ئەمانە.

وە لە شافیعیەکان: الجوینی، وە کوڕەکەی، والرازي، والغزالي، والآمدي، والشيرازي، والاسفرائيني، والمتولي، والسمعاني، وابن الصلاح، والنووي، والرافعي، وابن الرفعة، والأذرعي، والإسنوي، والسبكي، وە کوڕەکەی، والبيضاوي، والحصني، وزكريا الأنصاري، وابن حجر الهيتمي، والرملي، والشربيني، والمحلي، وابن المقري، والبجيرمي، والبيجوري، وابن القاسم، وقلوبي، وعميرة، والغزي، وابن النقيب، والعطار، والبناني، والدمياطي، وآل الأهدل، والشعراني). زۆرێکی تریش لە غەیری ئەمانە وەك باسی لێوە کرا.

**وە لە ئەهلی تاریخ و سیرەو ژیاننامەکان**

(القاضي عياض، والمحب الطبري، وابن عساكر، والخطيب البغدادي، وأبو نعيم الأصبهاني، وابن حجر، والمزي، والسهيلي، والصالحي، وابن كثير، والسيوطي، وابن الأثير، وابن خلدون، والتلمساني، والصفدي، وابن خلكان)، زۆرێکی تریش لە غەیری ئەمانە.

**وە لە ئەهلی لوغەش**

(الجرجاني، والغزويني، وابن الأنباري، والسيوطي، وابن مالك، وابن عقيل، وابن هشام، وابن منظور، والفيروزآبادي، والزبيدي، وابن الحاجب، والأزهري، وأبو حيان، وابن الأثير، والجرجاني، والحموي، وابن فارس، والكفوي، وابن آجروم، والحطاب، والأهدل)، زۆرێکی تریش لە غەیری ئەمانە.

**وە لە سەرکردەکانیش**

(نورالدين الشهيد، وصلاح الدين الأيوبي، والمظفر، وقطز، والظاهر بيبرس، وسوڵتانە ئەیوبیەکان و مەمالیکەکان، والسلطان محمد الفاتح و گشت سوڵتانە عوسمانیەکانیش ئەوانەش لەسەر عەقیدەی ماتۆریدین کە هەمان شتن وەکوو ئەشعەریەکانن. جگە لە چەند خیلافێکی بچووك نەبێ.

وە زۆرن گەلێك زۆر[٢٣].

[٢٣] ئەو مەقالەیەش باوکی غەزالی وەریگێڕاوە بە دەستکاریەوە.

## بوختانێك بە ئەشاعیرەكان

یەكێ لە بوختانەكانی ئەهلی بیدعە ئەوەیە دەڵێن: ئەشاعیرەو ماتۆریدیەكان بناغەی كەلامیان لەسەر ئوصولی فەلاسیفەكان داناوە، پاكی بێگەردی بۆخوا لەو بوختانە گەورەیە.

بەكورتی پوختی پێیان دەڵێین:

خوای گەورە ئەفەرمووێ: (ام خلقوا من غير شيء ام هم الخالقون). واتە: ئایە ئەمانە هەر لەخۆڕا دروستبوونە یانیش بۆ خۆیان خودان و خۆیان بەدی هێناوە.

(الله احد الله الصمد لم يلد ولم يولد. ولم يكن له كفوا احد). واتە: خوای گەورە تاكە لەزات و سیفات و كرداری، لە هیچ شتێك نەبووەو هیچ شتێكیشی لێ نابێ، وە هیچ شتێكیش لەم وجودە هاوشانی ئەو نیەو پێچەوانەی وجودی باری تەعالایا.

(ليس كمثله شيء وهو السميع البصير). واتە: هیچ شتێك وەكوو خودا نیە، لەگەڵ ئەوەش ئەبیستێ و ئەبینێ.

جا ئەشاعیرەو ماتۆریدیەكان كە دوو مەزهەبی گەورەی ئەهلی سوننەو جەماعەن، وە زۆرینەی ئەم ئومەتەش لەسەر ئەم دوو مەزهەبەن بەتایبەتی ئەشاعیرە، چونكە شافیعیەكان و مالیكیەكان لە ئوصوڵی عەقائید لەسەر یەك بیروڕان، وە حەنەفیەكانیش ماتۆریدین.

ئەم دوو مەزهەبە گەورەیە بنەماكانی عەقیدەو كەلامیان لەسەر ئەم ئایەتانەو وێنەی ئەم ئایەت و فەرموودە صەحیحەكاندا داناوە.

**وە چەندین ئیستنباتی یاسای عەقڵیان کردووە لەسەر ئەساسی قورئان و سوننەتدا لەوانە:**

١ـ قانون الدور (یاسای دەور) بۆ سەلماندنی وجودی خودا.

٢ـ قانون التسلسل (یاسای زنجیرەو یەك بەدوای یەك). ئەویش هەروا.

٣ـ قانون ترجیح بلا مرجح (یاسای پەسند کردنی زاڵکەرێك بەبێ بوونی زاڵکەرێك واتە: بوون و نەبوونی یەکسان بێ) ئەویش هەروا.

٤ـ علة الغائیة (یاسای مەبەست لە عیللەتی وجودی بوونەوەران).

٥ـ نفي المشابهة (نەفی کردنی پێکچواندنی خودا).

٦ـ نفی القدم (نەفی کردنی هەر هەبوویی بوونەوەران لەگەڵ خودا).

٧ـ نفی الحلول والاتحاد (تێکەڵ نەبوون و یەکگرتنی لەگەڵ کائینات).

٨ـ نفي المكان والزمان (نەفی کردنی زەمەن و شوێن بەر لە وجودی).

٩ـ نفي الشرك (نەفی کردنی هاوبەشی دانان بۆی).

١٠ـ نفي الجوارح والجسم (نەفی کردنی ئەندامدانان و جەستە بۆی).

١١ـ نفي التجدد العلم والارادة وباقي الصفات (نەفی کردنی نوێبوونەوەو زانست و ئیرادەو باقی سیفاتەکانی تری).

١٢ـ اعظم من هذه اثبات الصانع (لە هەموویشی گەورەتر سەلماندنی زاتی خوا).

چەندەها یاسای تریش

بەڕاستی جێگای نیگەرانیە لەو بوختانانەی کە بە ئێمە ئەهلی سوونەو جەماعەی مەزهەبی ئەشاعیرِ ئەدرێ، چاوتان بکەنەوەو حەقیقەت ببینن[٢٤].

[٢٤] ئەم مەقالەیە باوکی غەزالی نوسیویەتی.

# ئوصولّی ئەشاعیڕەکان

ئوصولّی ئەشاعیڕەکان ئەتوانین لە نۆزدە خالّدا کورتی بکەینەوە:

١. سەرچاوی وەرگرتنی عەقیدە -لە لای ئەشاعیڕە- قورئانی پیرۆز و سوننەتی موتەواتیر (یەك بەدوای یەك) لەگەلّ بەلّگەو دەلالەتە عەقلّیە بڕەڕو یەکلایی کەرەوەکانە.

٢. بەلّگە بڕەڕو یەکلایی کەرەوەکان، یەکانگیرن نەك دژ بەیەك.

٣. فەرمایشتە ئاحادەکان (تاکەکان)، بەلّگەی سەربەخۆ نین لە بنەما عەقائیدیەکان.

٤. ڕووکەشی لەفزی دەقەکان کە پێچەوانەی دەقە موحکەم و بەلّگە بڕەڕو یەکلایی کەرەوە عەقلّیەکان بن وەرناگیرێ و دەبێ تەئویل بکرێت (واتە: مانایەکی تری بۆ ئەخوازرێت چونکە لەفزەکان هاوبەشن چەندین مانا لە خۆ دەگرن).

٥.خودای بالّادەست وەسف ناکرێت بە شتێ کە ئاماژە بێ بەوەی پێکهاتووی بەش بەشە، بۆیێ ناگوترێ: خودا دەموچاو و چاو و دەست و پەنجە و قۆلّ و قاچ و پێ و تەنیشت و هتدی.. هەیە.

٦. ئیمان بەڕاستزانینی دلّە هاوشان لەگەلّ ملکەچی و پەسەندکردندا، کردەوەی چاکیش بەرهەمی ئیمانە.

٧. قوڕئان گوتەی اللە یە، کە گفتێکی نەفسیەو وەستاوە بە زاتی خوای بالّادەست، وە قەدیم و هەر هەبووەو دروستکراو نییە.

٨. خواردن خۆی تێرت ناکات، ئاگریش خۆی ناتسوتێنێ، دەرمانیش خۆی شیفا نابەخشێ، خودای باڵادەست تێربوون و سوتان و شیفا دروست دەکات (لە ساتی ئەم هۆکارانەدا)

٩. تەکلیف و پاداشت و سزا وابەستەیە بە فەرمانی خودایی و نێردراوی پەیامبەران، نەك بە چاکە و خراپەی شت.

١٠. هەندێ لە دەقەکان، بەگوێرەی مانای موفرەدات فەهم ناکرێت، بەڵکو بەگوێرەی سیاق و مانای لێکدراوی لێی تێدەگەین ، مانا وەرگیراوەکانی موفرەداتی جیاجیا لە سیاقدا تەئویل دەکرێت، گەر بەڵگەیەك هەبێ لەسەر ئەوەی ماناکە مەبەست نییە.

١١. هەر شتێ دەقی قورئانی و نەبەوی ئاماژەی پێ بکات، پێویستە ئیمانی پێ بهێنرێت، ئیلا مەگەر پێچەوانە بێت لەگەڵ حوکمێکی قەتعی و بڕاوە لە شەرع و عەقڵدا، ئەمەش بە واتای ئەوەی پێویستە ئەو دەقە تەئویل بکرێت، یاخود تانە لە جێگیربوونی بدرێت گەر فەرمایشتی ئاحاد (تاك) بێت.

١٢. کوفر پێچەوانەی ئیمانە، چونکە دەگەرێتەوە بۆ بە درۆخستنەوەی هەموو فەرمانێکی خودا و پێغەمبەرەکەی (صلی الله علیه وسلم) کە جێگیربووە لە ڕووی قەتعیەوە.

١٣. هاوەڵانی پێغەمبەری خودا (صلی الله علیه وسلم) ڕەزای خوایان بۆ بەکار ئەبردرێ و بەخراپە باس ناکرێن.

١٤. خەلیفەو جێنشین لەدوای پێغەمبەری خودا (صلی الله علیه وسلم) ئیمامی ئەبوبەکرە، ئینجا ئیمامی عومەرە، ئینجا ئیمامی عوسمانە، ئینجا ئیمامی عەلیە، ڕەزای خوایان لیٚ بێت، وە پێشەواو خەلیفەش لە قورەیشە.

١٥. پێویستە خودای باڵادەست پاکڕابگیریٚ لە سیفاتە دروستکراوەکان وەکو شوێن و لا و جوڵە و گواسترانەوە و دابەزین و بەرزبوونەوە هەست پیٚ کراوەکان.

١٦. خودای گەورە تاکە هەر لە ئەزەلەوە، واتە: خودا هەبوو، هیچ شتیٚ نەبوو جگە لەو نەبیٚ، وە هیچ شتێکیش نەبووە لە پێش ئەو، وە لەگەڵ ئەویش، وە عەرش و غەیری ئەویش جگە لە خودا نەبیٚ هەموویان پەیدابوو و دروستکراون.

١٧. ئەوە دەچەسپێنن کە خودا بۆخۆی چەسپاندووە، لە هەمان کاتدا ئەوەش ڕەتدەکەنەوە کە زاتی خوا بە سیفاتی دروستکراوان بچوێندریٚ، بۆیٚ سیفەتی (الاستواء) دەچەسپێنن و دەڵێن: جێگیربوون و پێوەنوسان نییە.

١٨. خودای گەورە پاك ڕائەگرن لەوەی کە گۆران و تەبدیلی بەدوادا بێت.

١٩. قورئان: خودای گەورە دایبەزاندووە، بە زوبانی عەرەب، بەپێی ڕێگاکانی ئەوان بۆ بەکارهێنانی لەفزو لێکدراوەکان، بۆیٚ دەقەکانی قورئان فەهم ناکرێت (بەهەمان شێوە دەقەکانی سوننەتیش) ئیلا مەگەر بەپێی ئوسلوب و ڕێگاکانی عەرەب نەبێت لە بەیان دا[٢٥].

[٢٥] ئەو مەقالەیە لە لایەن شێخ صلاح الدین کوڕی ئەحمەدی ئیدلیبیەوە نوسراوە، مەلا یاد نوڕسی وەریگێڕاوەو باوکی غەزالیش پێداچوونەوەی بە دەقە عەرەبی و کوردیەکەدا کردووە.

## جەنگی زاراوەکان

ئەمە ناسناوێکە بە ئەهلی سوننەت گوتراوە ئەوانەی کەوا شوێن ڕێچکەی شێوازی بەڵگە هێنانەوەکانی ئەبولحەسەنی ئەشعەری کەوتوون، وە لێرەشدا پرسیارێك خۆی گریمانە ئەکات، ئەگەر ئەم تاقمە شوێن سەلەفی صالح و ئەهلی سوننەو جەماعە کەوتووە، ئەی بۆچی ئەدرێنە پاڵ ئیمام ئەشعەری؟

وەڵام: بێگومان درانە پاڵیان بۆ لای ئەم ئیمامە لەبەرئەوەی تێکۆشا بۆ سەرخستنی عەقیدەی سەلەف بە نەقل و عەقڵەوە لەسەر شێوازێك کە هیچ کەسێك پێشی نەکەوتووە، جا ئەو درانە پاڵەش لەبەر بەربڵاوەتیەکەی بووە، هەروەکوو ئێمە ئەڵێین: خوێندنەوەی عاصم، خوێندنەوە نافع، وە درانە پاڵی ئەو جۆرە خوێندنەوانەش بۆلایان مانای ئەوە نایێ کەوا دایان هێنابێ، بەڵکوو لەبەر جێ بەجێ کردن و کۆکردنەوەو دیراسەکردن و گرینگی پێدانیان بەو قیرائەتانە ئیتر دراونەتە پاڵیان (پێیان ئەگوترێ: قیرئەتی عاصم، یان قیرائەتی حەفص....هتد).

وە هەروەکوو ئەڵێین: مەزهەبی مالیك و مەزهەبی شافیعی و مەزهەبی ئەبو حەنیفەو مەزهەبی ئەحمەد، ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێ کەوا مەزهەبەکانیان بچڕاوەو پەیوەندی لە نێوانیاندا نەماوە لەگەڵ هاوەڵان و تابیعیەکان.

ئیمامی تاج الدینی سوبوکی لە (الطبقات الشافعیة الکبری) ئەفەرمووێ: "درانە پاڵ (ئیمامی ئەشعەری) بەو ئیعتیبارەیە کەوا پشتێنەی بەستووە لەسەر ڕێگای سەلەف و دەستی پێوە گرتووە، وە بەڵگەو بورهانەکانی لەسەر بونیات ناوە، ئیتر ئەو کەسەی کەوا شوێنی کەوتووە لەو جۆرە بیروبۆچوونە وە ڕێگای ئەوی گرتووە لە بەڵگەکان ئەوە پێی گوتراوە ئەشعەری".

وە لەگەڵ مندا بیر لە وتەی ئیمام و حافیزو شەرعزان بەیهەقی بکەوە کە فەرموویەتی: "تا گەیشتە شێخمان ئەبولحەسەنی ئەشعەری کە هیچ شتێکی لە دینی خوا دانەهێنا، وە هیچ بیدعەیەکی نوێشی نەهێنا، بەڵکوو وتەکانی هاوەڵان و تابیعیەکان و ئەوانەی دوای ئەوانیش لە پێشەواکان وەرگرت سەبارەت بە ئوصوڵی دین (واتە: زانستی عەقیدە) بۆیە ئەویش ئەو بیروباوەڕەی سەرخست بەهۆی شەرحێکی زیاترو ڕوونکردنەوەیەکی زیاترەوە.

وە لەبەر چاکی بەڵگەکانی ئیمامی ئەشعەری بۆ عەقائیدی سەلەف بۆیە ڕێگای گەورە زاناو شەرعزانەکان و حافیزەکان لە بەڵگە هێنانەوە شوێنی ئەو کەوتن وەکوو ئەبو بەکری ئیسماعیلی و بەیهەقی و ئیبن و حیببان خاوەنی (صحیح إبن حبان)، وە ئیبن و عەساکیری دیمەشقی، وە نەوەوی، وە قورتوبی، وە ئیبن و حەجەری عەسقەلانی، وە ئیمامی فخر الدینی ڕازی، وە ئیبن و دەقیقی عید.

جا بەگشتی شوێنکەوتووانی سەوادی ئەو ئوممەتەن واتە: زۆرینەی ئوومەت لەسەر ئەو ڕێگایەیە، ئیمامی تاج الدین عبد الوهابی سوبوکی ئەفەرمووێ: "شافیعیەکان و مالیکیەکان و حەنەفیەکان و زانا بەڕێزەکانی حەنبەلیەکان ئەشعەرین ئەمەش دەستەواژەی سوڵتانی زاناکان ئیبن و عبد السلامە کە شەیخی شافیعیەکانە، وە دەستەواژەی ئیبن و لحاجبی شەیخی مالیکیەکانە، وە دەستەواژەی حوصەیری شەیخی حەنەفیەکانە، وە یەکێ لە وتەکانی حافیزی ئیبن و عەساکیر کە حافیزی ئەو ئوممەتە بووەو باوەڕ پێکراوەو سەبتە، هەرچی لە شەرعزانەکانی حەنەفی و مالیکی و شافیعیە ئیللا هاوڕای ئەشعەری بوونە".

جا ناسناوی ئەشعەریەکان ئیمڕۆکە لە هەندێ وڵاتدا بووەتە ناسناوێك کەوا مانای بیدعەچیەتی دێ، هەتا تۆ پەناگرتن و ئیستیعازەو لاحولەو حسبنا الله لە هەندێ کەسەوە ئەوە ئەبیستی، کاتێ کە ئەگوترێ: فڵان کەس ئەشعەریە، وە پەل ئەکات بۆ لای زیهنی بەگوێرەی ئەوەی کە بەهەڵە پڕی کردووەتەوە کەوا پەکخستنی سیفاتە (واتە: ئەشعەریەکان سیفاتی خوا پەك ئەخەن بە حیسابی زیهنیان)، وە بە پێشخستنی عەقڵ بەسەر نەقڵدا (چونکە وا فێرکراون) وە بیدعەو خوڕافیات، تا کۆتایی ئەو تۆمەتانەی کە ئاڕاستەی ئەو کەسە ئەکات کە نازانێ ئەو مەزهەبە سوننیە قووڵە.

وە لێرەدا باسی یەکێکیان ئەکەم کە ئەشعەریەکانی عەیبدارکرد. منیش پێم گوت: ئایا دەیانناسی ئەشعەریەکان کێن؟

ئەویش گوتی: بەڵێ دەیانناسم تاقمێکم لە بیدعەچیەکان.

منیش پێم گوت: لەسەرخۆ، وەرە لەگەڵم، هێنامە لای کتێبخانەیەکی گەورەو فراوان، جا لە ڕیزی کتێبەکانی تەفسیرەوە دەستم پێ کرد، وە پێم گوت: ئەمە تەفسیری بەغەوی شافیعیە، ئەوەش تەفسیری قورتوبی مالیکیە، ئەوەش تەفسیری ئیبن و عەتیەی مالیکیە، ئەوەش تەفسیری ئیبن و کەپیری شافیعیە، ئەوەش تەفسیری سەمعانیە، ئەوەش تەفسیری ڕازیە، ئەوەش تەفسیری بەیزاویە، وە ئەمە ئەمە هەتا هەموو ڕیزەکەم پێ تەواو کرد، ئینجا پێم گوت: هەموو ئەوانە ئەشعەرین.

پاشان بردمە لای کتێبەکانی فەرموودەی نەبەوی و شەرحەکانیان، ئەمە بەیهەقیە خاوەنی سونەن و شیعەبی ئیمان ئەشعریە، وە ئەمەش ئیبن و حیببام خاوەنی صەحیح ئەشعەریە، وە ئەمەش ئیمامی حاکمە خاوەنی کتێبی

موستەدرەك ئەشعەریە، ئا ئەمانەش شەرحەکانی فەرموودەی نەبەویە، ئەمە شەرحی ئیبن و بەتتاڵە بۆ صەحیحی بوخاری ئەشعەریە، ئەمەش فەتحولباریە شەرحی صەحیحی بوخاریە هی ئیبن و حەجەری عەسقەلانی شافیعی ئەشعەریە، وە ئەمەشیان شەرحی صەحیحی موسلیمە هی ئیمامی نەوەوی شافیعی ئەشعەریە، وە ئەمە ئەوە، هەتا بردمە لای زۆربەی شەرحی فەرموودەکان، ئینجا پێم گوت: هەموو ئەوانە ئەشعەری بوون.

ئیتر بەو جۆرە کتێبەکانی ئوصولێ فیقهو کتێبەکانی زاراوەکانی فەرموودەو بەلاغەو نەحوو، هەتا هاتینە لای زۆربەی کتێبخانەکە، ئایا ئەمانەی کە سوننەتی پێغەمبەریان صلی الله علیه وسلم سەرخستووە، وە کتێبی خوای گەورەیان تەفسیر کردووە، وە شەرحی سوننەتی پێغەمبەری خوایان کردووە صلی الله علیه وسلم ئەوانە بیدعەچین؟ وە ئەهلی سوننە نین؟ ئەی کێیە ئەهلی سوننە؟

لە هەموو شتە عەنتیکەترەکان کە خوێندبێتمەوە ئەو نوسینەیە کەوا دکتۆرو زانا محمد حەسەن هیتۆ لە پێشەکی کتێبەکەی خۆیدا (أهل السنه الأشاعره شهاده علماو الأمه وأدلتهم) نوسیویەتی، کە ئەڵێ: "نامۆترین پرسیار لە ژیانی زانستیمدا کە لێم کرابێ ئەوەیە: ئایا ئەشعەریەکان بە ئەهلی سوننەو جەماعە دائەنرێن؟ جا شێوازی ئەو پرسیارە زۆر منی وەستاند، ئەوەبوو بۆم دەرکەوت کە بۆشە لە مانای پرسیاری زانستی صەحیح، کە بەڵگەیە لەسەر ساویلکەیی پرسیارکەرو جەهلەکەی بە مێژووی ئەو ئومەتەو عەقیدەکەی".

وە ئەو کەسانە پەی بەوە ئەبەن ئەزانن کە زانست بۆنی هەیە، بە درێژایی مێژووی ئوومەتی دوورو درێژمان کە ئەشعەریەکان ئەهلی سوننەو جەماعە

بوونە، جا هەر کاتێ وشەی ئەهلی سوننە لە کتێبەکانی زانستی گوترا ـ وێڕای جیاوازی زانستەکانیش، ئەوە مەبەستیان پێی ئەوانە.

ئەو کەسانەن کەوا ڕەددی خیلافەتەکانیان داواوەتە کە لە نێوان ئەوان موعتەزیلەکاندا هەیە، یاخود غەیری ئەمانیش لە تاقمە ئیسلامیەکان لە کتێبی عەقیدەددا، وە لە فیقهدا، وە لە ئوصولْ و تەفسیرو فەرموودەدا، بەڵکوو هەتا لە کتێبی لوغەشدا، وە غەیری ئەمانەش لە کتێبە زانستیەکان ئەوانەی کەوا دووچاری خیلاف بوونە لە عەقیدە.

جا ئەشعەریەکان ئەوانەن کە وەستان بەڕووی موعتەزیلەکان، ئەوەبوو وتەکانی ئەوانیان پووچەڵکردنەوە کەوا غەشی تێدایە ئەو وتانە، وە حەقیان گەڕاندەوە شوێنگەی خۆی لەسەر ڕێگای سەلەفی ئەم ئوممەتەو مەنهەجیان، هەر بۆیەش ئەوە صەواب بوو لە پرسیارەکەدا کە پرسیارکەر بیگوتایە: کێ لەگەڵ ئەشعەریەکانیشدا ئەچێتە نێو بازنەی ئەهلی سوننەو جەماعەدا؟ وەڵامیش بۆ ئەمە: هەموو ئەو کەسانەش ئەگرێتەوە کە لەسەر بەرنامەی ئەوان ئەڕۆن، وە ڕێگای ئەوانیشی گرتووەتە بەر، ئەگەرچی با ڕاجیاییش لە هەندێ بابەتەکان پەیدابێ لە نێوایاندا.

ماتۆریدیەکانیش ئەهلی سوننەن، وە ئەسەریەکانیش ئەهلی سوننەن، ئیللا ئەوە نەبێ ئەوانەی کە لە ئەهلی سووننەدا دەرکەوتوونەو نوێنەرایەتیان کردووە لە کتێبە زانستیەکاندا ئەوانە ئەشعەریەکانن، هەر بۆیەش هەر کاتێ وشەی ئەهلی سوننە گوترا ئەوە بەزۆری ئەدرێتە پاڵ ئەوان.

وە ئامۆژگاریشم بۆ ئەو کەسانە کە ئەیانەوێ تۆزە تێکەڵاوبووەکان لەخۆی لاببات سەبارەت (بە ئەهلی سووننە کە ئەشعەریەکانن) با ئەم کتێبانەی خوارەوە بخوێنێتەوە[٢٦].

---

[٢٦] ئەو مەقالەیە شێخی پایە بەرز دکتۆر سەیف عەصری نوسیویەتی و باوکی غەزالی وەریگێڕاوە، بڕوانە: (تبین کذب المفتري) هی ئیمامی حافیزی ئیبن و عەساکیر. (أهل السنة الأشعارة شهادة علماء الأمة وأدلتهم). (عقائد الأشاعرة في حوار هادئ مع شبهات المناوئين) هی دکتۆر صلاح الدینی کوڕی ئەحمەدی ئیدلیبی. (منهج الأشاعرة في العقيدة بين الحقائق والأوهام) للشيخ محمد صالحی کوڕی ئەحمەدی غەرەسی. کتێبەکەی خۆم (القول التمام بإثبات التفويض مذهبا للسلف الكرام).

# نوسراوەکەی

حەمەد سینان و فەوزی عەنجەری

## لەسەر ئەو گومانانەی کە لەسەر ئیمامی ئەبو لحەسەنی ئەشعەری و مەزهەبی ئەشاعیرەکان هەیە

وەرگێڕانی

باوکی غەزالی مەلا ڕەزوان

## ئایە ئیمامی ئەشعەری بە سێ قۆناغ تێپەڕیوە؟

بسم الله الرحمن الرحيم

هەندێ کەس وا ئەبینن کەوا ئیمامی ئەبو لحەسەنی ئەشعەری ڕەحمەتی خوای لێ بێ لە ژیانی خۆیدا بە سێ قۆناغاندا تێپەڕیوە:

یەکەم: قۆناغی موعتەزیلیێتی کە نزیکەی چلساڵێتی خایاندووە.

دووەم: قۆناغی شوێنکەوتنی عبد الله کوڕی سەعیدی کوللاب.

سێیەم: قۆناغی گەڕانەوەی بۆ عەقیدەی سەلەف و ئەهلی سوننە.

وە لەسەر ئەم بانگەشەیەش ئەوە بینا ئەکەن کەوا ئەشاعیرەکان شوێن ئیمامی ئەبو لحەسەنی ئەشعەری کەوتن لە قۆناغی دووەمیان بە تەنیا، واتە: ئەو قۆناغەی کەوا شوێن عبد الله کوڕی سەعیدی کوللاب کەوتووە. جا ئەشعەریەکانیش شوێن ئەو سەعیدی کوللابە کەوتن نەك ئیمامی ئەبولحەسەنی ئەشعەری، چونکە ئیمام گەڕایەوە لە عەقیدەی کوللابیەت بۆ قۆناغی سێیەم، وە کتێبێکیشی نوسیوە بەناوی (الإبانة عن أصول الديانة) وە لەگەڵ چەند کتێبێکی تری.

وەڵام:

ئەمە ڕوونکردنەوەیەکی ئەو بانگەشەیە بوو، جا بەر لە دەستپێکردنی سەلماندنی پوچێتی ئەو گومانە لە ڕووی مێژوویی و زانستیەوە هەندێ بابەت شی ئەکەینەوە، دواتر دەست بە پوچەڵکردنەوەی ئەکەین، ئەم بانگەشەیە سێ بابەتی لە خۆ گرتووە:

یەکەم: ئیمامی ئەشعەری بە سێ قۆناغاندا تێپەڕیوە لە ژیانیدا، کە ئیعتیزالە دواتر شوێنکەوتنی بۆ ئیبن و کوللاب پاشان لە کۆتی گەڕانەوەی بۆ مەنهەجی سوننەو جەماعە، ئەمەش بابەتە سەرەکیەکەیە کە دوو بابەتی تری لە خۆئەگرێ:

دووەم: عبد الله کوڕی سەعیدی کوللاب لەسەر مەنهەجی ئەهلی سوننەو جەماعە نیە.

سێیەم: کتێبی (الإبانة) تەمسیلی قۆناغی سێیەم ئەبینێ لە ژیانی ئیمامی ئەشعەریدا[٢٧]، کە قۆناغی گەڕانەوەیە بۆ ڕێگای سەلەفی صالح.

سەبارەت بە بابەتی یەکەم کە بریتیە لە ڕۆیشتنی بە سێ قۆناغاندا یاخود سێ حاڵەتاندا لە ژیانیدا ئەڵێین:

ئیمامی ئەشعەری ڕەحمەتی خوای لێ بێ زانایەکی دیارو بەرچاوە وەکوو زاناکانی موسڵمانان کە بە پەنجەی دەست ئاماژەی پێ ئەکرێ، کەسێکی شارەوە نیە لە نێو خەڵکی، وە پیاوێکی نەناسراویش نیە کە کاروبارەکەی لە خەڵکیەوە ون بێ بە تایبەتی بابەتێکی وەکوو ئەمە کە ئێمە لە خزمەتیداین، جا ئەگەر ئەو کارە ئەوها هاتبوو هەروەکوو ئەوەی کە بانگەشەی بۆ ئەکرێ کە لە ژیانیدا بە سێ قۆناغاندا تێپەڕیوە ئەوە پێویست ئەکات کەوا مێژوونووسەکان باسیان لێوە ئەکردو ڕوونیان ئەکردەوە، وە بێگومان بە حەتمی لێیەوە بڵاو ئەبوویەوە هەروەکوو

[٢٧] ئێمە لە ڕووی بابی موناقەشەوە ئەوە ئەڵێین، ئەگینا ئەوەی توێژەران و لێۆلەران تەحقیقیان کردووەو تەرجیحی ئەکەن ئەوە کۆتا کتێبی (اللمع) کە ئیمامی ئەشعەری لە دوای کتێبی (الإبانة) دایناوە. بڕوانە: (مقدمة كتاب اللمع) هی ئوستاز حەمودە غەڕابە. وە بڕوانە وتەی عەللامەی کەوسەری لە تەعلیقدانەکەی لەسەر (السيف الصقيل)(ل١٢٣). وە تەعلیقاتەکەشی لەسەر (تبين كذب المفتري)(ل٣٩٢)، وە ئەو پێشەکیەش کە دکتۆرە فەوقیە حوسێن نوسیویەتی لەسەر کتێبی (الإبانة)(ل٧٩ ـ ٨٠). دانەر

چۆن کاتێ وازی لە موعتەزیلەکان هێناو بڵاوبوویەوە، چونکە هیچ یەکێك نەماوە کە ئەوانەی باسیان کردووە ئەو بەسەرهاتەیان لێیەوە گێڕاوەتەوە کە چووەتە سەر مینبەرو بەری بوونی خۆی لە مەزهەبی موعتەزیلە کردووە، جا ئایە هیچ یەکێك لە مێژوونووسەکان هیچ شتێکیان باسکردووە کە وازی لە مەنهەجی عبد الله کوڕی سەعیدی کوللاب هێنابێ؟

لە کاتی گەڕانەوە بۆ کتێبەکانی مێژوو هیچ ئاماژەیەك بەوە نادۆزینەوە چ لە نزیك چ لە دوور، بەڵکوو ئەوە ئەدۆزینەوە کە هەموو مێژوونووسان هاوڕان لەسەر ئەوەی کەوا ئیمامی ئەبو لحەسەن دوای ئەوەی وازی لە ئیعتیزال و موعتەزیلێتی هێنا گەڕایەوە بۆ مەزهەبی سەلەفی صالح، وە کتێبی دانا لەسەر ڕێگای ئەوان کە دواتر کتێبی (الإبانة) وە غەیری ئەویش نووسی بۆ سەرختنی مەزهەبی حەقخوازان.

ئیمامی ئیبن و فورك ڕەحمەتی خوای لێ بێ فەرموویەتی: "شێخ ئەبو لحەسەن عەلی کوڕی ئیسماعیلی ئەشعەری ڕەزای خوای لێ بێ لە مەزهەبەکانی موعتەزیلە نەقڵ بوو بۆ مەزهەبی ئەهلی سوننەو جەماعە بە بەڵگە عەقڵیەکانەوە، وە کتێبیشی لەو بارەوە نوسی"[28].

وە ئیبن و خەلەکانیش لە بارەیەوە ئەفەرمووێ: "ئەو خاوەنی ئوصولەو وەستاوبوو بۆ سەرختنی مەزهەبی سوننە...، وە ئەبو لحەسەن یەکەمجار موعتەزیلی بوو پاشان تەوبەی لە وتە کرد بە دادپەروەری، وە لە خەلقبوونی قورئانیش، لە مزگەوتی جامیعی بەصرە لە ڕۆژی هەینی"[29].

[28] (تبين كذب المفتري للحافظ إبن عساكر الدمشقي)(ل١٢٧).
[29] (وفيات الأعيان)(ب٣/ل٢٨٤).

وە زەهەبیش لە بارەیەوە ئەفەرمووێ: "پێمان گەیشتووە کەوا ئەبو لحەسەن تەوبەی کردووەو بەرزبووەتە سەر مینبەری بەصرە، وە فەرموویەتی: من پێشتر ئەم گوت کە قورئان مەخلوقە....، ئەوە من تەوبەم کردو بڕوام بە ڕەددانەوەی موعتەزیلەکان هەیە"[30].

وە لای عەللامە ئیبن و خەلدونیش بەو جۆرە هاتووە ڕەحمەتی خوای لێ بێ: "تا شێخ ئەبو لحەسەنی ئەشعەری دەرکەوت و موناقەشەی هەندێ شێخەکانیانی کرد (واتە: موعتەزیلەکان) لە مەڕ بابەتەکانی (چاکی و چاکترێتی)، بۆیە ڕێگای ئەوانی ڕەفز کردەوە، وە ئەبو لحەسەن لەسەر ڕەئی و بۆچوونی عبد الله کوڕی سەعیدی کوللاب و ئەبو لعەباسی قەلانسی و حاریسی موحاسەبی بوو کە لە شوێنکەوتوانی سەلەف و ڕێگای سوننەت بوو"[31].

ئەوەی سەلماند کە ئیمام دوای گەڕانەوەی لە موعتەزیلێتی ئەوە لەسەر بۆچوونی عبد الله کوڕی کوللاب و قەلانسی و موحاسەبی بووە، هەموو ئەوانەش لەسەر ڕێگای سەلەف و سوننەت بوونە.

ئا بەم شێوازەیە هەموو کتێبە مێژوویەکان ئەوانەی پێناسەی ئیمامی ئەبو لحەسەنیان کردووە، وەکوو (تاریخ بغداد) هی خەتیبی بەغدادی، وە (وطبقات الشافعیة) هی تاج الدینی سبوکی، وە (شذرات الذهب) هی ئیبن و عماد الدین، وە (الکامل فی التأریخ) هی ئیبن و ئەپیر، وە (تبین کذب المفتري) هی ئیبن و عەساکیر، وە (ترتیب المدارك) هی قازی عیاز، وە (طبقات الشافعیة) هی ئین و قازی شوهبە، وە (طبقات الشافعیة) هی ئەسنەوی، وە (الدیباج المذهب) هی ئیبن

---

[30] (سیر الأعلام النبلاء)(ب١٥/ل٨٩).

[31] (المقدمة لإبن الخلدون)(ل٨٥٣).

و فەڕحون، وە (مرآة الجنان) هی يافعی، وە غەيری ئەمانەش، کە هەموويان يەکدەنگن کەوا ئيمامی ئەبو لحەسەن لە دوای تەوبە کردن لە موعتەزيلێتيەکەی گەڕايەوە بۆ مەزهەبی سەلەف و سوننەت.

وە ئەوەش زياد ئەکەين، ئەگەر گەڕانەوەی ئيمامی گومان پیٚ بردراو لەوەوە جێگيربوو ئەوە لە پێش هەموو خەڵکيەوە لە پێشتر بە ناسينی ئەو و نەقڵبوونی ئەو ئەوە هاوەڵان و قوتابيانی خۆيەتی، چونکە لە هەموو خەڵکی لە پێشتر بۆ ناسينی پياو ئەوە کەسە تايبەتيەکان و هاوەڵان و شوێنکەوتووەکانيەتی ئەوانەی کە لەگەڵێنە، چونکە ئەمانە لە هەموو خەڵکی زياتر لێيەوە نزيکترن، وە زاناتريشن بە ئەحواڵ و وتەو بۆچوونەکانی، بە تايبەتيش لە بابەتێکی وەها گرينگ وەکوو ئەو بابەتە کە بەس بوو بۆ بانگەشەکەران کە نەقڵی بکەن، وە بيستنەکانيش بازيان ئەدا لە خێرايدا، بە تايبەتی لە ئيمامێکی وەها گەورەی وەکوو ئيمامی ئەبو لحەسەن، وە لە کاتی گەڕانەوە بۆ وتەکانی هاوەڵەکانی وە هاوەڵانی هاوەڵەکانی بە هەمانشێوە هيچ ئاماژەيەك نادۆزينەوە کە لێدوان لەسەر ئەوە بدات، بەڵکوو ئەوە ئەدۆزينەوە کەوا هەموويان هاوڕان لەسەر ئەوەی کەوا ئيمام دوای پشتتێکردنی لە موعتەزيلێتی ئەوە لەسەر مەنهەجی سەلەف و سوننەت بووە ئەو مەنهەجەی کە موحاسەبی و ئيبن و کوللاب و قەلانسی و کەڕابيسی و غەيری ئەوانيش لەسەری بوونە، ئەمەش دانراوەکانی سەرخەری مەزهەبی ئەشعەری قازی ئەبو بەکر باقللانيە ڕەحمەتی خوای لیٚ بیٚ وەکوو کتێبی (الإنصاف) وە (التمهيد) وە غەيری ئەمانەش، وە دانراوەکانی ئوستاز ئيبن و فۆرك و ئەبو بەکری قەففالی شاشی و ئەبو ئيسحاقی شيرازی و ئەبو بەکری بەيهەقی و غەيری ئەمانەش لە هاوەڵانی ئيمام و هاوەڵانی هاوەڵەکانی کە هيچيان باسی ئەوەی نەکردووە ياخود ئاماژەيەکی پیٚ بکات لە کاتێکدا کە

پێگەکەی لەو پەڕی گرینگیدایە، ئایە ئەچێتە عەقڵەوە ئیمام لە مەزهەبەکەی خۆی گەڕایتەوەو پشتی تێکردووە پاشان ئەو ڕووداوە گرینگە هیچ باس و خواسێکی نەبێ لای یەکێك لە هاوەڵەکان و قوتابیەکانی وێڕای گەورەیی ڕێزداریەکەشی؟! یانیش ئەیبینن کە بە نهێنی لەوە گەڕاوەتەوە لە کاتێکدا بڕیاریدا کە پشت لە مەزهەبی موعتەزیلە بکات و چووە سەر مینبەری موعتەزیلە بە خودی خۆی بۆئەوەی ڕایبگەیەنێ لە نێو ئاپۆڕەی خەڵکدا ؟!

نەخێر کارەکە بەو جۆرە نیە وەك ئەوەی لەو بانگەشەیەدا هاتووە، بەڵکوو ئەوەی حەقەو کە هیچ گومانێکی تێدا نیە ئەوەیە کەوا ئیمام لە ژیانیدا تێنەپەڕیوە جگە لە دوو قۆناغ نەبێ، ئیعتیزال پاشان گەڕانەوە بۆ ڕێگای سەلەف، نەك ئەوەی کە بە پێچەوانەی ئەو توێژینەوە ئەیڵێ و دەستی پێوە گرتووە.

ئەو کەسەی کە ئەو بانگەشەیە ئەکات پشتی بە ئوسلوبی وتەی ئیمام بەستووە لە دانانی کتێبی (الإبانة) وە لەگەڵ هەندێ ریسالەی تر، لە کاتێکدا ئیمام لەوانەدا شوێن ڕێگای تەفویز کەوتووە کە ڕێگای زۆرینەی سەلەفە، جا ئەوانە بانگەشەکەیان لەسەر ئەو ئوسلوبە بیناکردووە کە ئیمامی ئەشعەری پێچەوانەی بۆچوونەکانی ئیبن و کوللابە ئەو زاتەی کە تۆمەتباری ئەکەن بەوەی لەسەر ڕێگای سەلەف نەبووە.

وا ئەبینرێ کە ئایا ئەوەی لە (الإبانة) دایە لەسەر ڕێگای زۆرینەی سەلەفە، کە لە کتێبە کۆتاییەکانی ئیمامە یاخود ئەوە کۆتا کتێبیەتی؟ وە دژو پێچەوانەی ئەوەیە کە عبد الله کوڕی سەعیدی کوللاب لەسەری بووە؟ یاخود بە دەستەواژەیەکی تر ئیبن و کوللاب پێچەوانەی ڕێگای سەلەف بووە کە ئیمامی ئەشعەری (الإبانەی) لەسەر داناوە؟

ئەمەش ئەمانباتە بابەتی دووەم:

ئایە عبد الله کوڕی سەعیدی کوللاب کەسێکی لادەر بووە لە ڕێگای سوننەت و سەلەف؟

وای دادەنێین کە ئیمامی ئەشعەری دوای وازلێهێنانی ئیعتیزالێتیەکەی ئەوە لەسەر ڕێگای عبد الله کوڕی سەعیدی کوللابووە، ئەمەش کارێکە خاوەنانی ئەو بانگەشەیە هاوڕان لەگەڵمان، بەڵام پێچەوانەی ئێمەن لەوەی کە ڕێگای ئیبن و کوللاب و ڕێگای سەلەف لە ڕاستیدا یەك ڕێگایە، لەبەرئەوەی ئیبن و کوللاب یەکێك بووە لە پێشەواکانی ئەهلی سوننەو جەماعە کە هەموویان لەسەر ڕێگای سەلەفی صالح بوونە.

ئیمامی تاج الدینی سبوکی ئەفەرمووێ: "ئیبن و کوللاب لە هەموو حالێکدا ئەوە لە ئەهلی سوننەیە...، وە ئیمامی (خەطیب الدین)ـم بینی کە دەکاتە باوکی ئیمامی فخر الدینی ڕازی کە باسی عبد الله کوڕی سەعیدی کردبوو لە کۆتایی کتێبەکەی (غایة المرام فی علم الکلام) کە ئەفەرمووێ: یەکێ لە موتەکەللیمی ئەهلی سوننە لە ڕۆژەکانی خەلیفە مەئمون ئەوە عبد الله کوڕی سەعیدی تەمیمیە کە موعتەزیلەی وێران کرد لە مەجلیسی مەئمون، وە فەزحی کردن بەهۆی ڕوونکردنەوەکانی"[٣٢].

وە حافیزی ئیبن و عەساکیر لە ئیمامی ئیبن و قابیسیەوە نەقڵی کردووە ڕەحمەتی خوایان لێ بێ کە لە گەورە پێشەواکانی مالیکیەکانە لە مەغریب وەك ئەفەرمووێ: "بە دەست و خەتی موحەدیسی میسری عەلی کوڕی بەقائی وەڕاق ریسالەیەکم خوێندەوە کە ئەبو محمد عبد الله کوڕی ئەبو زەیدی قەیرەوانی

---

[٣٢] (الطبقات الشافعیة)(ب٢/ل٣٠٠).

فیقهزانی مالیکی نوسی بووی، که یەکێکه له کەسه پێشخراوەکانی هاوەڵانی مالیك له مەغریبدا لەسەر دەمی ئەودا، بۆ عەلی کوڕی ئەحمەدی کوڕی إسماعیلی بەغدادی موعتەزیلی نووسی بووی که وەڵامێك بوو بۆ ئەو ریسالەیەی که بۆ مالیکیەکانی خەڵکی قەیرەوان نوسی بووی دیاربوو ئامۆژگاری ئەکردن کەوا بەهۆیەوە بێنه نێو وتەکانی موعتەزیلەکانەوە، وە ریسالەکەشی له بەشێکدا هێناوە هەروەکوو مەعروفه، پوختەی وەڵامی ئیبن و ئەبی زەید ئەوەیه که ئەڵێ: نیسبەتی ئیبن و کوللابت داوەته بیدعەوە، پاشان یەك وتەی ئەویشت باس نەکردووه که بزانرێ ئەوە بیدعەیه تاوەکوو نیشانەدار بێ پێیەوە، ئێمە نەمانزانیوه کەوا بیدعە درابێته پاڵ ئیبن و کوللابەوە، ئەوەی به ئێمە گەیشتووە کەوا ئەو تەقلیدی سوننەت ئەکات و ڕەددی جەهمیەو غەیری ئەوانیش له ئەهلی بیدعە ئەداتەوە (واته: عبد الله کوڕی سەعیدی کوللاب)"[٣٣]، یەکێکه له پێشەواکانی سەلەف و ئەهلی سوونەو جەماعە.

ئەمەش شایەتیدانێکی مەزنه له ئیمام ئەبو زەیدی قەیرەوانیەوە ڕەحمەتی خوای لێ بێ بۆ ئیبن و کوللاب بەوەی کەوا تەقلیدی سوننەت ئەکات و ڕەددی بیدعەچیەکان ئەداتەوە، وە نەشی زانیوە که بیدعە درابێته پاڵیەوە.

عەللامەی کەوثەری تەعلیقی لەسەر ئیبن و کوللاب داوە ڕەحمەتی خوای لێ بێ له هەمان سەرچاوەی پێشوودا که ئەفەرمووێ: "ئیمامێکی موتەکەللیمی سوننەت بووە له سەردەمی ئەحمەددا، وە یەکێك بووە که ڕەفیقایەتی حاریسی کوڕی ئەسەدی موحاسەبی کردووە، جا هەندێ له زەعیفەکان به ئوصوڵی دین

[٣٣] (تبين كذب المفتري)(ل١٢٣ ـ ٤٠٥).

ناشیرینی ئەکەن..." دواتر ئەو بابەتانەشی ڕوونکردووەتەوە کە بەهۆیەوە ناشیرینی ئەکەن، کە وتەکانی تیایدا دوور نیە لە شەرع و عەقڵدا.

وە ئیبن و قازی شوهبەش ئەفەرمووێ: "یەکێك بووە لە گەورەکانی موتەکەللیمین، وە لە ئەهلی سوننە، وە ئەبو لحەسەنی ئەشعەری شوێن ڕێگای ئەو و ڕێگای حاریسی موحاسیبی کەوت"[٣٤].

وە جەمال الدینی ئەسنەویش ئەفەرمووێ: "یەکێك بووە لە گەورەکانی موتەکەللیمین، وە لە ئەهلی سوننەیە...، عەببادی لە چینەکانی ئەبو بەکری صەیرەفی باسی کردووە کە فەرموویەتی: ئەو لە هاوەڵانی ئێمەی موتەکەللیمینە"[٣٥].

وە حافیزی زەهەبیش ئەفەرمووێ: "ئەو پیاوە نزیکترینی موتەکەللیمینەکانە لە سوننەتدا، بەڵکوو هاوشانیتیان"[٣٦].

شێخ شوعەیب ئەرنائوتیش تەعلیقی لەسەر ئەو وتانە داوە کە ئەفەرمووێ: "ئیمامی ئەهلی سوننە بووە لەسەردەمی خۆیدا، وە مەرجەعیش بووە بۆ گەڕانەوە بۆ لای، وە ئیمامی حەڕەمەینیش لە کتێبی (الإرشاد) بەوە وەصفی کردووە کەوا ئەو لە هاوەڵانی ئێمەیە".

وتەی ئیبن و خەلدونیش لە بارەیەوە باسکرا لە (المقدمة)(ل٨٥٣).

---

[٣٤] (طبقات الشافعية لإبن قاضي شهبة)(ب١/ل٧٨).

[٣٥] (طبقات الشافعية للأسنوي)(ب٢/ل١٧٨).

[٣٦] (سير الأعلام النبلاء)(ب١١/ل١٧٥).

"تا شێخ ئەبو لحەسەنی ئەشعەری دەرکەوت و موناقەشەی هەندێ شێخەکانیانی کرد (واتە: موعتەزیلەکان) لە مەڕ بابەتەکانی (چاکی و چاکترێتی)، بۆیە ڕێگای ئەوانی ڕەفز کردەوە، وە ئەبو لحەسەن لەسەر ڕەئی و بۆچوونی عبد الله کوڕی سەعیدی کوللاب و ئەبو لعەباسی قەلانسی و حاریسی موحاسەبی بوو کە لە شوێنکەوتوانی سەلەف و ڕێگای سوننەت بوو".

بە شوێنکەوتەی سەلەفی صالحی وەصفکردووە، وە ئیمامی ئەشعەریش لەسەر ڕەئی و بۆچوونی ئەو و قەلانسی و موحاسەبی و ئەوانە بووە کە شوێنکەوتووی سەلەف بوونە، وە لەسەر ڕێگای سوننەت بوونە.

وە عەللامەی کمال الدینی بەیازی ڕەحمەتی خوای لێ بێ ئەفەرمووێ: "بێگومان ماتۆریدی ڕوونکەرەوەی مەزهەبی ئیمام ئەبو حەنیفەو هاوەڵەکانیەتی کە دەرکەوتوونە پێش ئەشعەری بۆ سەرخستنی مەزهەبی ئەهلی سوننە، وە هیچ زەمانێکیش خاڵی نەبووە لە ڕاگیرانێك بۆ سەرخستنی دین و دەرخستنی دین...، وە هەروەها ئیمامی ئەبو محمد عبد الله کوڕی سەعیدی قەططان پێش (ئیمامی ئەشعەریش) کەوتووە لەو بوارەوە بۆ سەرخستنی مەزهەبی ئەهلی سوننە"[٣٧].

واتە: ئیمامی ئیبن و کوللاب پێش ئیمامی ئەبو لحەسەن ئەشعەری بووە بۆ سەرخستنی دین و دەرخستنی سوننەت.

وە شێخمان حافیزی ئیبن و حەجەر لە پێناسەکەی دوای ئەوەی کە وتەی ئیبن و نەدیمی نەقلّ ئەکات کەوا فەرموویەتی: ئیبن و کوللاب لە حەشویەکانە.

---

[٣٧] (إشارات المرام من عبارات الإمام)(ل٢٣).

ئینجا حافیزی ئیبن و حەجەر ئەفەرمووێ: "مەبەستی بەو کەسەیە کە لەسەر ڕێگای سەلەفەو وازی لە تەئویل کردنی ئایەتەکان و فەرموودەکان هێناوە ئەوانەی کە پەیوەندی بە سیفاتەوە هەیە، کە بەوانە ئەگوترێ تەفویزکەرەکان"[38].

ئیمامی شەهرستانی ڕەحمەتی خوای لێ بێ ئەفەرمووێ: "هەتا کۆتایی بە زەمان هات و گەیشتە عبد الله کوڕی سەعیدی کوللابی و ئەبو لعەباسی قەلانسی و حاریسی کوڕی ئەسەدی موحاسەبی، ئەمانە لە زمنی سەلەفن و لەوانن بەڵام ئەوەندە هەیە ئەوان دەستیان بە زانستی کەلام کردو پشتگیری عەقائیدی سەلەفیان کرد بە بەڵگە کەلامیەکان و بوڕهانە ئوصولیەکان، هەندێکیان کتێبیان داناو هەندێکیان وانەیان گوتەوە، هەتا لە نێوان ئەبو لحەسەن و مامۆستاکەی خۆی (ئەبو عەلی جوببائی موعتەزیلی) مونازەرە ڕوویدا لە بارەی بابەتێك لە بابەتەکانی چاك و چاکتر، ناکۆکی کەوتە نێوانیان و ئیمامی ئەشعەریش پاڵیدایە ئەو تاقمەی (سەرەوە کە ناویان هات) ئەوەبوو پشتگیری وتەکانیانی کرد بە مەنهەجەکانی کەلامی، ئیتر لەوەوە بوویە مەزهەبێکی ئەهلی سوننەو جەماعە، ئەم نیشانەو سیفاتانە نەقلبوون بۆ ئەشعەریەت"[39].

وە شێخمان حافیزی ئیبن و حەجەر ڕەحمەتی خوای لێ بێ ئەفەرمووێ: "بوخاری هەموو ئەو شتانەی کە لە تەفسیرە غەریبەکەی ئەهێنێ ئەوە لە ئەهلی ئەو فەننەوە نەقڵ ئەکات وەکوو ئەبو عوبەیدەو نەزری کوڕی شومەیل و فەڕڕاء و غەیری ئەوانیش، بەڵام بۆ توێژینەوە فیقهیەکانی بە زۆری پشتی بە شافیعی و ئەبو عوبەیدەو هاووێنەکانی ئەم دووانە بەستووە، بەڵام بابەتە کەلامیەکان

[38] (لسان الميزان)(ب٣/ل٢٩١).

[39] (الملل والنحل للشهرستاني)(ل٨١).

زۆرینەیان پشتی بە کەڕابیسی و ئیبن و کوللاب و هاووێنەی ئەم دووانەش بەستووە"[٤٠].

ئەم دەقانە ڕوون و ئاشکران سەبارەت بەوەی کەوا ئیمامی عبد الله کوڕی سەعیدی کوللاب لەسەر ڕێگای سەلەف و سوننەت بووە.

ئیبن و عبد البر لە پێناسەی ئیمامی کەڕابیسی ئەفەرمووێ: "لە نێوان (کەڕابیسی) و ئەحمەدی کوڕی حەنبەلدا هاوڕێتیەکی بەهێز هەبوو، جا کاتێ لە بابەتی قوڕئاندا پێچەوانەی کرد ئەو هاوڕێیەتیە بووە دوژمنایەتی، هەر یەکێك لەوان تانەی لە هاوەڵەکەی خۆی ئەدا، ئەحمەد ئەیگوت: هەرکەسێ بڵێت: قوڕئان دروستکراوە ئەوە جەهمیە، وە ئەوەیشی بڵێت: قوڕئان کەلامی خوایە وە نەڵێت دروستکراو نیە وە دروستکراوە ئەوە واقیفیە، وە ئەوەیشی بڵێت: لەفزی من بە قوڕئان دروستکراوە ئەوە بیدعەچیە. وە کەڕابیسی و عبد الله کوڕی کوللاب و ئەبو سەورو داودی کوڕی عەلی و هاوشێوەکانیان ئەیان گوت: ئەو قوڕئانەی کە خوای گەورە قسەی پێ کردووە سیفەتێکە لە سیفاتەکانی، دروست نیە دروستکراوێتی بێتە سەری و بەسەریدا گوزەر بکات، وە خوێندنەوەی ئەو کەسەی کە قوڕئان ئەخوێنێ و کەلامەکەی بەو قوڕئانە کەسب و بەدەستهێنان و کردەوەی ئەو کەسەیە ئەمەش دروستکراو مەخلوقە، وە حیکایەتە لە کەلامی خوای گەورە..، لەوەوە حەنبەلیەکان هاوەڵانی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل پشتیان لە

[٤٠] (فتح الباري)(ب١/ل٢٩٣).

حوسیەنی کەڕابیسی کردو بە بیدعەچیان داناو تانەیان لێدا، وە ئەوانەش کە ئەو وتەیان گوتووە"[41].

[41] (الإنتقاد لإبن عبد البر)(ل١٦٥). ڕاستیەك هەیە کە مەزهەبی ئەهلی سوننەو جەماعە ئەفەرموون: لە ڕووی دەق و عەقڵەوە قورئان کەلامێکی نەفسی ئەزەلی هەمیشەیی خوای گەورەیەو دروستکراو نیە، وە گوتنەوەو لەبەرکردن و نوسینەوەی لە موصحەفەکاندا ئەوانە گشتی دروستکراون، بۆ نمونە: مەنشاوی قورئان خوێن خۆ بە هەمیشەیی لەگەڵ خوای گەورە نەبووە، وە گوتنی قورئانەکەشی بە هەمیشەیی لەگەڵ خوا نەبووە بەڵکوو ئەمانە گشتی دروستکراون، هەروەکوو خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿وَٱللَّهُ خَلَقَكُمْ وَمَا تَعْمَلُونَ ﴿٩٦﴾﴾ سورە الصافات: ٩٦. واتە: خوای گەورە ئێوەو کردەوەکانی ئێوەی دروستکردووە، جا بۆ نموونە ئەو موصحەفانەی کە چ ئێستاکە لەبەردەستن چ ئەوانەی کۆن ئەو قورئانەی کە لە نێویدایە هەم حەقیقەتە هەم مەجازیشە، حەقیقەتە چونکە کەلامی خوایەو دروست نەکراوەو کەلامێکی نەفسی نەگۆڕی هەمیشەییە کە سیفەتێکی خودایە، وە مەجازیشە چونکە نوسراوەتەوە لە موصحەفەکان، وە خوێندراوەتەوە لە لەفزەکان، وە لەبەریش کراوە لە سینگەکان، جا ئەوەی خوێندراوەتەوە کەلامی هەمیشەیی خودایەو دروست نەکراوە، نموونە باڵاکان هەر بۆ خودایە بۆ تێگەیشتن ئەم نموونە ئەهێنینەوە: لە زیهنت وشەی الله هەیە، ئەتەوێ بینووسی: هەڵسای لەسەر کاغەزێك نوسیت الله، ئایە ئەو نوسینە هەمیشەیی و هەر هەبووە لە وجودی ئەو کاغەزەدا؟ بێگومان نەخێر دروستکراوە، جا ئەمە پێی ئەگوترێ دال، ئەمما خودی ناوی الله ئەوەی کە لە زیهنتە ئەوە دروستکراو نیە بەڵکوو هەمیشەییە ئەمەش پێی ئەگوترێ مەدلول. جا هەموویان لەسەر کوفری ئەو کەسە یەکدنگن ئەوەی بڵێن قورئان بەمانای مەدلول دروستکراوە، چونکە سیفەتێکی تازەی داوەتە پاڵ خودا، کە سیفەتێکی نوێیەو دروستکراوە، لەوەوەش خودا دووچاری کەم و کوڕی کراوە، هەر بۆیەش ئیمامی ئەحمەد ئەو کەسەی کە ئەو باوەڕەی هەبێ ئەوە قەولەکەی پێ کوفر بووە، ئەمما لە ڕووی دووەمەوە کە داللەکەیە ئەوە بابەتێکە ئەو باسکردنی پێ بیدعە بووە، تاوەکوو دەرگای دروست بوونێتی قورئان دابخات. ئەمما پێشەواکانی تری سەلەف و خەلەف لەوە هاوڕای ئیمامی ئەحمەد نین و لە کتێبەکانی خۆیاندا باسیان لێوە کردووە بە تایبەتی مەزهەبی ئەهلی سوننە لە ئەشاعیرەو ماتۆریدی. خوداش زاناترە. وەرگێڕ

جا ئەوەیە هۆکاری ناشیرینکردن و تانەدان لە عبد الله کوڕی کوللاب، وە وەصفکردنی بەوەی کە لەسەر ڕێگای سوننەت و سەلەف نەبووە، ئەبینین ئەو وتەیەی کە بەهۆیەوە بە بیدعەچی دانراوە ئەوە مانای ئەوە نیە کە وەصفی بکرێ بە بیدعەچی یاخود لەسەر غەیری ڕێگای سەلەفە، بە تایبەتی بابەتی لەفزکردن بە قورئان کۆمەڵێك لە گەورە پێشەواکانی ئیسلام گوتوویانە هەروەکوو ئەوەی ئیبن و عبد البر ناویانی هێنا، وە یەکێ لەوانەی کە ئەوەی گوتووە ئیمامی بوخاری و ئیمامی موسلیم و حاریسی موحاسەبی و محمدی کوڕی نەصری مەڕوەزی و غەیری ئەوانیش، وە ئەو فیتنەیەش کە لەنێوان بوخاری و شەیخەکەیدا ڕوویدا هەر بەهۆی ئەو بابەتەوە بوو، مەبەستمان (لەفزمان بە قورئان مەخلوقە)، ئیمامی بوخاری کتێبێکی دانا سەبارەت بەو بابەتەوە بەنێوی (خلق أفعال العباد) بۆ سەلماندی ڕەئی و بۆچوونی لەمەڕ ئەو بابەتەو ڕەددانەوەکیش بێ بۆ ئەوانەی کە پێچەوانەی ئەون.

سەبارەت بە ئیمامی موسلیم ئەوە وتەی لەفزی دەردەخست و نەی ئەشاردەوە[٤٢].

وە حافیزی ئیبن و کەثیریش ڕەحمەتی خوای لێ بێ لە پێناسەی ئیمامی کەڕابیسی ئەفەرمووێ: "ئەحمەدی کوڕی حەنبەل قسەی لەبارەوە کردووە بەهۆی بابەتی لەفزەوە، وە ئەویش قسەی لەبارەی ئەحمەدەوە ئەکرد، هەر بۆیەش خەڵکی وازیان لێ هێنا لە وەرگرتن لێی هەر لەبەر ئەمە، منیش ئەڵێم: ئەوەی لەوم بینیوە کە ئەڵێ: کەلامی خوای گەورە دروستکراو نیە لە هەموو ڕوویەکەوە ئیللا ئەوە نەبێ کە لەفزم بە قورئان دروستکراوە، وە ئەوەیشی نەڵێتن لەفزم بە قورئان دروستکراو نیە ئەوە کافرە، ئا ئەمەشە کە نەقڵکراوە لە بوخاری و داودی کوڕی

[٤٢] (سير الأعلام النبلاء)(ب١٢/ل٤٥٣)(ب١٢/ل٥٧٢).

عەلی زاهیری، ئیمامی ئەحمەد ئەم دەرگایەی دائەخست لەبەر بڕینی ماددەی وتەی دروستکراوێتی قورئان"[٤٣].

وە یەکێکی تر لەوانەی کە لەفزی ئەگوت ئەوە ئیمامی محمدی کوڕی جەریری تەبەریە ڕەحمەتی خوای لێ بێ، کە بەهۆیەوە هەندێ لە دەمارگیرە حەنبەلیەکان عەیبداریان کردو ڕقیان لێی بۆوە، حافیزی ئیبن و کەثیر ڕەحمەتی خوای لێ بێ ئەفەرمووێ: "لە نێوان تەبەری و حەنابیلەکان شتێك ڕوویدا پێم وابێ لەبەر بابەتی لەفز بوو، کە بەهۆیەوە تۆمەتبار کرا بە شیعەگەرێتی، وە داوای گرتنی مونازەرەیان لێ کرد لە نێوان خۆیی و ئەوان، ئیبن و جەریر هات و هیچ یەکێك لەوان نەهاتن، ئیتر حەنبەلیەکان زیادەڕۆییان لەو بابەتەدا کردو زۆر دەمارگیریان تیایدا کرد، کە بڕوایان وابوو ئەگەر ئەو وشەیە بگوترێ ئەوە سەرئەکێشێ بۆ دروستکراوێتی قورئان، ئەمەش وانیە هەروەکوو واگومانیان برد، چونکە حەق بە باتڵ ناپارێزرێت، خوداش زاناترە"[٤٤].

بەڵێ، بێگومان قورئان کەلامی خودایەو دروستکراو نیە، وە سیفەتێکە لە سیفاتی زاتی بەرزی، ئەوەندە هەیە پارێزگاری لەو حەقە ناکرێت بەهۆی باتڵەوە کە ئینکاری کردنی پەیدابوو دروستکردنە  کە پەیوەستە بە دروستکراوەوە، پاشان ناشیرینکردنی ئەو کەسەشە کە ئەوە بڵێتن.

لە هەموو بارەکاندا بێگومان لەو بابەتەدا حەق لەگەڵ کەڕابیسی و ئیبن و کوللاب و بوخاری و موسلیم و ئەبو سەورو داود موحاسەبی و تەبەری و غەیری

---

[٤٣] (طبقات الفقهاء الشافعيين)(ب١/ل١٣٣).

[٤٤] هەمان سەرشاوەی پێشوو (ب١/ل٢٢٦). وە (البداية والنهاية ـ محنة إبن جرير الطبري مع الحنابلة)(ب١١/ل١٤٥). وە (الكامل في التأريخ)(ب٧/ل٨). وە (السير الأعلام النبلاء)(ب١٤/ل٢٧٢). وە (الوافي بالوفيات)(ب٢/ل٢٨٤).

ئەوانەش کە لەسەر ڕێگای ئەواندایە (حەق بەلای ئەواندایە)، بەلام سەبارەت بە ئیمامی ئەحمەد ڕەزای خوای لێ بێ وە ئەوەیشی کە وتەی ئەوی بلێن ئەوە کەلامەکەی بارکراوەتە سەر داخستنی دەرگایە بۆ پارێزگاری کردن نەوەکا لە وتەی لەفزەوە سەر بکێشێ بۆ ئەو وتەیە کە بگوترێ قوڕئان دروستکراوە.

ئیمامی زەهەبی ئەفەرمووێ: "گومانی تێدا نیە ئەوەی کە کەڕابیسی دایهێناوە پوختی کردووەتەوە لە مەڕ بابەتی لەفزدا کە دروستکراوە ئەوە حەق و ڕاستە، بەڵام ئیمامی ئەحمەد ڕەتی کردووەتەوە تاوەکوو سەرهەڵنەکێشرێ بۆ وتەی دروستکراوێتی قوڕئان بۆیە دەرگاکەی داخستووە"[٤٥].

وە هەروەها ئەفەرمووێ: "کەڕابیسی ئەیفەرموو: قوڕئان کەلامی خوای گەورەیەو دروستکراو نیە، وە لەفزی من بە قوڕئان دروستکراوە، جا ئەگەر مەبەست پێی لەفز بێ ئەوە چاکە، چونکە کردەوەکانمان دروستکراوە، وە ئەگەر مەبەستیش پێی لەفز پێکراوەکە بێ ئەوە بەوەی کەوا دروستکراوە ئا ئەمەیە کە ئەحمەدو سەلەف ئینکاریان لێ کردووە، وە ئەوەی وای گوتووبێ بە جەهمی لە قەڵەم دراوە"[٤٦].

گومانی تێدا نیە کە مەبەستی کەڕابیسی و ئیبن و کوللاب و بوخاری و موسلیم و ئەبو سەورو داودی زاهیری و ئەوانەش کە لەسەر ڕێگای ئەوانن مەبەستیان پێی یەکەمە واتە لەفزەکە نەك لەفزپێکراوەکە، پوختەی وتە: بابەتەکە زۆر لەوە ئاسانترە کە بەهۆیەوە خەڵکی بە بیدعە دابنرێت.

---

[٤٥] (سير الأعلام النبلاء)(ب١٢/ل٨٢)(ب١١/ل٥١٠).

[٤٦] (ميزان الإعتدال)(ب١/ل٥٤٤).

وه هەروەها زەهەبی دوای ئەوەی کە وتەی حافیزی ئەبو بەکری ئەعیونی نەقڵ کردووه کە فەرموویەتی: "مەشایخەکانی خۆڕاسان سێنە: قوتەیبەو عەلی کوڕی حەجەرو محمدی کوڕی میهڕانی ڕازی، وە پیاوەکانیشیان چوارن: عبد الله کوڕی عبد الرحمانی سەمەڕقەندی و محمدی کوڕی إسماعیلی بوخاری بەر لەوە ئەوەی لێی دەرکەوێ کە دەرکەوت...".

حافیزی زەهەبی تەعلیقی لەسەر داوە کە ئەفەرمووێ: "ئەوەی لە محمد (واتە: بوخاری) دەرکەوتووە کارێکی سووك و ئاسانەو لەو بابەتانەیە کە پێشەواکان تێیدا ڕاجیاییان هەیە لەسەر گوتنی لە بارەی قوڕئانەوە، کە ناوبراوە بە بابەتی کردەوەی خوێنەرانی قوڕئان، جا زۆرینەی پێشەواکان و سەلەف و خەلەف لەسەر ئەوەیە کەوا قوڕئان کەلامی خوای گەورەیەو دابەزیوەو دروستکراو نیە، وە هەر بەوەشەوە ئێمە گوێڕایەڵی ملکەچی خوای گەورە ئەبین"[٤٧].

بە پشتکردنی ئیمامی ئەحمەد لەو پێشەوایانە ئەوە ناچار ناکات کەوا ئەوانە لەسەر غەیری ڕێگای سەلەف بن، بە تایبەتیش حەق لەگەڵ ئەوانە لەوەی کە ئەو بۆی چووە هەروەکوو ئیمامی زەهەبی لێدوانی لەبارەوە دا، وە ئێمەش لەوە دڵنیاین کەوا ئەوان ڕەحمەتی خوایان لێ بێ ئەم وتەیان نەگوتووە لە حاڵەتێکدا کەوا پێویستی نەکردووە ئەمە بڵێن، نەخێر، وە حاشا لەوانیش کە قسە لەسەر شتێك بکەن کە هاوەڵان و تابیعیەکان تێیدا بێ دەنگ بوونە لێی، بەڵام کاتێ ئەوان سەیری خەڵکیان کردووە بە لێشاو ڕوویان لەو دەرگایە کردووە، وە ڕۆچوونە تیایدا، وە بابەتەکەشیان بارکردووەتە سەر غەیری حەقیقەت و ئاڕاستەی خۆی،

---

[٤٧] (سير الأعلام النبلاء)(ب١١/ل٥١١).

ئیتر لەوەوە ناچار بوونە کەوا قسەی تێدا بکەن بۆ ڕوونکردنەوەی حەق، وە بۆ گرتنەوەی قسەی خەڵکیش لەو بابەتە[48].

وە عەللامەی کەوسەریش ڕەحمەتی خوای لێ بێ لە تەعلیقاتەکەی لەسەر کتێبی (تبين كذب المفتري) ئەفەرمووێ: "سەبارەت بە کەلامی ئەحمەد لە بارەی ئیبن و کوللاب و هاوەڵەکەیەوە لەبەر پێناخۆشبوونی بووە کە ڕۆبچن لە قسە کردن تیایدا، ئەمەش لەبەر وەرع و خۆپارێزی ئەو بووە، بەڵام ئەوەی حەق و ڕاست بێ ڕۆچوون لەو بابەتە لە کاتی پێویستیەتی دیاری ئەکرێت بە پێچەوانەی ئەوەی کە ئەحمەد بۆی چووە"[49].

کارەکە سوك و ئاسانە هەروەکوو ئەوەی حافیزی زەهەبی وەصفی کرد، وە ئەوەش لەو بابەتانەیە کە ڕاجیایی لە بارەوە هەیە، هەموویان هاوڕان لەسەر ئەوەی کەوا قورئان سیفەتێکی الرحمانە، وە کەلامی خوای گەورەیەو دروستکراو نیە.

---

[48] لە سەردەمی هاوەڵان و تابیعی ئەو باس و خواسانە نەبووە کە ئایە قورئان دروستکراوە یاننا، بەڵکوو کاتێ موعتەزیلەکان پەیدا بوون لەسەر دەمی خەلیفەی عەباسی مەئمون ئیتر ئەو فیتنەیە هاتە گۆڕێ و گوتیان قورئان دروستکراوە، ئیتر لەوەوە کۆمەڵێك خەڵك گیراو ئەشکەنجە درا، ئەم پێشەوایانەش ناچار بوونە حەق بۆ خەڵکی ڕوون بکەنەوە نە ئەکرا لێی بێ دەنگ بن، هەروەکوو چۆن ئێمە لەم سەردەمە کە فیتنەیەکی نوێ دێتە مەیدان لە لایەن ئەهلی بیدعەو عەلمانی و ئیلحادیەکانەوە زۆر بەخێرایی هەوڵی ڕەددانەوەیان ئەدەین بۆ پارێزگاری کردن لە دین ئەمەی ئەو پێشەوایانەش هەر وابوونە حەقەکەیان بۆ خەڵکی بەیان کردووە چونکە کاریگەری زۆر لەسەر خەڵکی ئەوکاتە دروستکردووە بۆیە ناچار بوونە حەقەکە وەکوو خۆی بەیان بکەن. بۆیە هەر قسە گوتنێك بە مانە پەشیمانی و نەدامەتە بۆیە ئاگاداربن!! وەرگێڕ

[49] (تبين كذب المفتري)(ل٤٠٦/ پەراوێزی ٢).

لەوەوە دەرکەوت کەوا ئیمامی ئیبن و کوللاب بە تەنیا نەبووە لەو کارە ئەوەی کە بۆی چووە، بەڵکوو گەورە پێشەوایەکانی دین لەسەر ڕەئی و بۆچوونی ئەو بوونە، وە لەوەشەوە ئەزانرێ کەوا ئەو داهێنانی نەکردووە یاخود پێچەوانەی مەنهەجی سەلەف و سوننەتی نەکردووە، بەڵکوو خۆی یەکێکە لە گەورەکانی ئەهلی سوننەو جەماعە کە گشتیان لەسەر خەتتی سەلەفی صاڵحدابوونە هەروەکوو وتەی زاناکان کە ڕابوورد تیایدا.

جا ئەگەر کارەکە بەو شێوەیە بێ، ئیتر لە کوێوە ئەو وتەیە هاتووە کەوا ئیمامی ئەشعەری وازی لە ڕێگای ئەو و بۆچوونەکانی هێناوە؟! ئەم پرسیارەش ئەمان بات بۆ قسە کردن لە بابەتی سێیەم.

ڕەددانەوەی بابەتی سێیەم:

کتێبی (الإبانە)یە، ئەو کەسەی کە دەڵێ ئیمامی ئەشعەری لە ژیانیدا بە سێ قۆناغدا تێپەڕیوە بە حیساب پشتی بەو کتێبە بەستووەو دەستی پێوە گرتووە، گومانی تێدا نیە کە ئیمام لەو کتێبەدا ئوسلوبێکی جیاوازی گرتووەتەبەر لە دانان سەبارەت بەو ریسالانەی کە دراوەتە پاڵ، لێرەدا لە موتەشابیهەکان (پێکچووەکان) بە زۆری ڕێگای زۆرینەی سەلەفی صاڵحی گرتووەتەبەر، مەبەستمان ئەوەیە کەوا ڕێگای تەفویزە، جا هەندێکیش وا لە ئیمام گەیشتوون کەوا گەڕاوەتەوەو وازی لە ڕێگای ئیبن و کوللاب هێناوە، ئەو ئیبن و کوللابەی کە لەسەر ڕێگای سەلەفە.

ئێمە سەبارەت بە قسە کردن بەمە ئەوەمان سەلماند لە بابەتی دووەم کەوا ئیبن و کوللاب پێچەوانەی سەلەف نەبووە بەڵکوو خۆی یەکێکە لە سەلەفی صاڵح و

لەسەر ڕێگای ئەوانە، ئەمەش بەسە بۆ ڕەددانەوەی ئەو کەسەی کە بیر دەکاتەوەو ئینصافی هەیە.

بەڵام ئێمە هەندێ زیاتر لەو بارەوە ئەدوێین

کتێبی (الإبانة) ئەوەی کە جێگای پشت بەستنە بۆ خاوەنانی ئەو بانگەشەیە ئەمە بەڵگەیە لە لای ئەوان کەوا ئیمام گەڕاوەتەوە لە ڕێگای ئیبن و کوللاب، ئێمەش ئەڵێین: ئەو کتێبە هەر لە خودی خۆیدا بانگەشەی گەڕانەوەی ئیمام لەو ڕێگایە هەڵئەوەشێنێتەوە، چونکە لەسەر ڕێگای ئیبن و کوللاب و مەنهەجەکەی دانراوە.

شێخمان حافیزی ئیبن و حەجەر وەك لە پێشتردا وتەکەی ئەو ڕابوورد کە تەعلیقی لەسەر وتەکەی ئیبن و نەدیمی دابوو بەوەی کە گوتووبووی: ئیبن و کوللاب لە حەشویەکانە.

ئینجا حافیزی ئیبن و حەجەر ئەفەرمووێ: "مەبەستی بەو کەسەیە کە لەسەر ڕێگای سەلەفەو وازی لە تەئویل کردنی ئایەتەکان و فەرموودەکان هێناوە ئەوانەی کە پەیوەندی بە سیفاتەوە هەیە، کە بەوانە ئەگوترێ تەفویزکەرەکان، جا ئیمامی ئەشعەریش لە کتێبی (إبانە) لەسەر ڕێگای ئیبن و کوللاب ڕۆیشت"[50].

ئەمەش یەقینمان زیاد ئەکات بەوەی کەوا ئیمامی ئیبن و کوللاب لەسەر ڕێگای سەلەفی صالح بووەو یەکێکە لە پێشەواکانیان، لەبەرئەوەی ئەو (إبانە)یەی کە ئیمامی ئەشعەری دایناوە لە کۆتایی ژیانیدا ـ تەبعەن ئەمەش بۆ ئەو کەسەی کە وا گومان ئەبات ـ لەسەر مەنهەجی سەلەف دایناوەو کە هەمان ڕێگای

---

[50] (لسان الميزان)(ب٣/ل٢٩١).

ئیمامی ئیبن و کوللابە، ئەمەش داخوازی یەکلاییکەرەوە ئەکات کەوا ڕێگای سەلەف و ڕێگای ئیبن و کوللاب لە ڕاستیدا هەردووکیان یەك ڕێگایان هەیە ئەوەی کەوا ئیمامی ئەشعەری دوای گەڕانەوە لە ئیعتیزالێتی لەسەری بووە، واتە: ئیمام بە سێ قۆناغاندا تێنەپەڕیوە لە ژیانیدا، بەڵکوو تەنیا دوو قۆناغە، قۆناغی ئیعتیزل، پاشان قۆناغی گەڕانەوە بۆ ڕێگای سەلەف بە دوایەوە هات ئەوەی کە ئیبن و کوللاب و موحاسەبی و قەلانسی و کەڕابیسی و بوخاری و موسلیم و ئەبو سەورو تەبەڕی و غەیری ئەوانیشی لەسەر بووە، ئەو قۆناغە بوو کە کتێبی (إبانە)ی تێدا نوسیەوە.

وە ڕیوایەتکراوە کاتێ ئیمامی ئەشعەری کتێبی (إبانە)ی دانا هەندێ لە حەنبەلیەکانی بەغدا ڕەفزیان کردەوە وەکوو دەمارگیریەك و لێیان قەبوڵ نەکرد[٥١].

[٥١] (سیر الأعلام النبلاء)(ب١٥/ل٩٠). (طبقات الحنابلة)(ب٢/ل١٨). (الوافي بالوفیات)(ب١٢/ل١٤٦). ئێمە قەیدێکمان دانا کە هەندێ لە حەنبەلیەکان ڕەفزیان کردووەتەوە ئەگینا بەردەوام تاقمێکی گەورە لە حەنبەلیەکان دۆستایەتیان بۆ ئیمامی ئەشعەری دەربڕیوەو خۆشیان ئەوێ و خۆیان ئەدەنە پاڵیەوە، حافیزی ئیبن و عەساکیر لە کاتی ڕەددانەوە ئەهوازی ئەوکەسەی کە شایەتی ئەو چیرۆکە ئەدات لەبەر ئیسپاتکردنی ڕەفزی حەنبەلیەکان بۆ ئیمامی ئەشعەری و کتێبەکەی (إبانە) ئەفەرمووێ: "ئەگەر کارەکە بەو جۆرە بێ کە ئەو نەقڵی کردووە ئەوە شێخەکانیان نەقڵیان ئەکردو دەریان ئەخست، بەردەوام گوێم لێ ئەبێ لەو کەسانەی کە جیگای باوەڕن کەوا ئیمامی ئەشعەری هاوەڵی تەمیمیەکان بووە پێشینەی ئەبو محمد رزق الله کوڕی عبد الوهابی کوڕی عبد العزیزی کوڕی حاریس کە ڕێزیان لە ئیمام ئەگرت، جا ئەسەری ئەو بەرەکەتە لەو هاوەڵایەتیەیان دەرکەوتووە لە پاشینەکانیان، هەتا نیسبەتی ئەبو خەتتابی کلوذانی دراوەتە پاڵ مەزهەبەکەیەوە کە هاوەڵانی ئەوانیشە، وە ئەمەش قوتابی ئەبو خەتتاب ئەحمەدی حەربیە هەواڵی ڕاستی ئەوە ئەدات کە من باسم لێوە کرد، وە بە هەمان شێوە لە نێوان ئەوان و نێوان هاوەڵەکەی ئەبو عبد الله کوڕی موجاهید وە هاوەڵی هاوەڵەکەی ئەبو بەکری کوڕی تەیبی باقللانی هاموشۆو

وه ئومێد وایه ئەمه پشتگیری ئەوه ئەکات کەوا ئیمام (إبانه)ی داناوه لەسەر ڕێگای ئیبن و کوللاب ئەو کەسەی که هەندێ له حەنبەلیەکان پشتیان تێ کرد لەبەرئەوەی هەندێ له پێشەواکان پشتیان تێکردووه لەسەر بابەتی لەفز به قورئان، وه زانستی کەلامیان وەرگرتووه بۆ ڕەددانەوەی پێچەوانکەرەکان له موعتەزیلەکان و غەیری ئەوانیش.

مەبەستی ئێمەش لەوەی که باسمان لێوه کرد دەربارەی کتێبی (إبانه) ئەوه ئەو (إبانه) ئەصڵیەیه که ئیمامی ئەشعەری دایناوه، نەك ئەو (إبانه)یەی که دەستاودەستی کردووەو چاپکراوه ئیمڕۆکه، چونکه دەستکاری و زیادو کەمی ڕووی لەو (إبانه)یەی ئێستا کردووه.

ئیمام کەوسەری ڕەحمەتی خوای لێ بێ له پێشەکی کتێبی (تبين كذب المفتري) ئەفەرمووێ: "ئەو نوسخەیەی که له (إبانه) چاپکراوه له هیند نوسخەیەکی دەستکاری کراو گۆڕدراوه، که هەندێ دەستی تاوانبار یاریان پێ کردووه، بۆیه واجبه دووباره چاپبکرێتەوه له ئەصڵی باوەڕپێکراوی خۆی".

وه له پێشەکی کتێبی (إشارات المرام من عبارات الإمام للعلامة البياضي)دا ئەفەرمووێ: "ئەوەی جێگای زۆر شکۆمەندی بێ ئەوەیه کەوا گەیشتنه به ئەصڵی صەحیحەکەی خۆی له کتێبه زۆرەکانی، وه چاپکردنی (إبانه) له ئەصڵێکی باوەڕپێکراوەوه چاپ نەکراوه، وه لەو مەقالاتەش که بلاْوکراوەتەوه بەناوی ئەو جێگای هەڵوەستەیه".

---

خواردن و خواردنەوه هەبووه که بەڵگەن لەسەر ئەو تێکەڵیەی ئەهوازی که کردوویەتی". بڕوانه: (تبين كذب المفتري)(ل١٦٣).

دکتۆر عبد الرحمان بەدەویش هەمان بۆچوونی هەیە پشتگیری وتەکانی کەوسەری ئەکات. وەك ئەفەرمووێ: "شێخ کەوسەری تێبینی ئەوەی کردووە دەرحەق بەو نوسخەیەی کە لە هیند چاپکراوە...، لە لایەن هەندێ دەستی تاوانبارەوە یاری پێکراوە"[٥٢].

شێخ وەهبی غاوجیش ریسالەیەکی هەیە سەبارەت بەم بابەتە بە ناونیشانی(نظرة علمية في نسبة كتاب الإبانة جميعه إلى الإمام أبي الحسن)، کە کۆمەڵە بەڵگەیەکی بابەتیانەی هێناوە کە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کەوا بەشێکی گەورەی لەو (إبانە)ی کە دەستاودەستی کردووە ئیمڕۆکە لە نێو خەڵکیدا ئەوە نیسبەت دانە پاڵی بۆ لای ئیمامی ئەشعەری ڕاست و دروست نیە.

ئەم جارە کتێبی (إبانە) چاپکراو بەراورد کرا بە چوار نوسخەی دەستنووس بە تەحقیقی دکتۆرە فەوقیە حوسێن، ئەمە چاپێکە ئەگەرچی حاڵەکەی چاکترە لەو چاپانەی پێشتر بەڵام ئەوەندە هەیە کەوا ئەویش خاڵی نیە لە دەستکاری و زیادم و کەمێتی، ڕەنگە ئەمە ئەوە صەحیح بکات کە عەللامەی کەوسەری بۆی چووە ڕەحمەتی خوای لێ بێ کاتێ کە فەرمووی: "ئەوەی جێگای زۆر شکۆمەندی بێ ئەوەیە کەوا گەیشتنە بە ئەصڵی صەحیحەکەی خۆی لە کتێبە زۆرەکانی".

حافیزی ئیبن و عەساکیر دوو فەصڵی لە کتێبی (إبانە) نەقڵ کردووە لە کتێبی (تبين كذب المفتري)، جا کاتێ بەراوردێك لە نێوان ئەو (إبانە) چاپکراوەو

---

[٥٢] (مذاهب الإسلاميين)(ب١/ل ٥١٧-٥١٦).

چاپەکەی دکتۆرە فەوقیەو دوو فەصلەکەی ئیبن و عەساکیر ئەکەین بە ڕوون و ئاشکرا ئەو دەستکاری و چەواشەکاریە ئەبینین کە بەسەر ئەو کتێبەدا هاتووە[٥٣].

---

[٥٣] هەموو ئەو نوسخانەی دەستیانەی (إبانە) کە لە میسرو بەغداو بەیروت و تورکیاو هیند هەیە هەموویان لە دوای هەزارەی کۆچیەوە دۆزراوەتەوە، لە کاتێکدا ئیمامی ئەشعەری لە (٣٢٤) کۆچی وەفاتی کردووە، واتە: لە دوای وەفاتی ئەو نوسخە دەستنووسانەی کە لە لامانن زیاتر لە حەوت سەدە نێوانیان هەیە، ئەمەش بە تەنیا کافیە کە وا ئەکات دڵنیا نەبین لەو کتێبە، بۆیە ئەپرسین: کوا دەقی شێخ؟ یاخود هی قوتابیەکانی؟ یاخود دوو سەدەش دوای خۆی؟ ئەوەی ئیعتیباری بۆ کراوە کە کۆنترین نوسخە بێ ئەو (إبانە)یە کە حافیزی ئیبن و عەساکیر دوو فەصڵی لە کتێبی (إبانە) نەقڵ کردووە لە کتێبەکەی خۆی (تبين كذب المفتري)، کە ئەم نوسخەیەش تەواو موافیقە لەگەڵ ئەوەی کە گەورەکانی ئەشاعیرە لەسەرینە، وە هیچ خیلافێکیشی تێدا نیە. بۆ نموونە ئەو نوسخە تەزویرەی کە چاپکراوە دەقی پێچەوانەو دژ بەیەکی تێدا کە پێچەوانەی ئیمامی ئەشعەریە بە جۆرێ وا هاتووە کە ئیمامی ئەشعەری نیسبەتی دروستکردنی شەڕی داوەتە پاڵ موعتەزیلەکان، لە کاتێکدا لە کتێبەکانی تریدا بە پێچەوانەی ئەوە نەقڵ ئەکات، وە نیسبەتی ئەو وتەیەشی داوەتە پاڵ موعتەزیلەکان کەوا خوای گەورە لە هەموو شوێنێکە لە کاتێکدا یەکدەنگی موعتەزیلەکان پێچەوانەی ئەو قسەیە، ئەمەش پێچەوانەی دیقەتی ئیمامی ئەشعەریە، لە کاتێکدا کە دەریایەك بووە لە زانست و لە ناسینی تاقمەکان لێرە بێ ئاگا دەبێ لە بابەتەکی وا هەستیاریش و بە هەڵە شت نەقڵ ئەکات؟! لە کتێبی (الوافي بالوفيات)(ب١٩/ل١١٧) ئیمامی صەفەدی ئەفەرمووێ: "هەندێ کەس داویانەتە پاڵ ئیمامی جوەینی کەوا گوتوویەتی: خوای گەورە زانیاری بە جوزئیاتەکان نیە، منیش حاشای لێ ئەکەم کەوا ئیمامی حەڕەمەین ئەو وتەیەی گوتووبێ سەبارەت بەو بابەتە، ئەوەی من گومانم بۆی دەچێ تێخراوەتە نێو کەلامیەوە دەسسە، کە حەسوودەکان دایانناوە لەسەر زمانی ئەو، هەروەکوو چۆن کتێبی (إبانە) دانرا لەسەر زمانی شێخ ئەبو لحەسەنی ئەشعەری". ئیمامی صەفەدی یەێکە لە قوتابیەکانی ئیبن و تەیمیەش بەڵام شایەتیەکی زۆر گەورەی دا کە هەر خودی کتێبەکە بەناوی ئەو دانراوە یاخود دەستکاری کراوەو وتەی تێخراوە. بۆیە ئەو کتێبە ڕۆڵی ئیمامی ئەبو لحەسەنی ئەشعەری ناگێڕێ، ئاگاداربن!! وەرگێڕ سوودی لە چەند پۆستێکی عەرەبی بینیوە

ئەمەش هەندێ لەو نموونانەیە:

ـ لە (إبانە) چاپکراوەکە (ل١٦) هاتووە (وأنکروا أن یکون لە عینان مع قولە تجری بأعیننا..) واتە: (ئینکاری ئەوەیان کرد کە دوو عەینی هەبێ لەگەڵ ئەوەش ئەفەرمووێ: ئەڕوا بە ئەعیونەکانی ئێمە. ئا بەو شێوازە (عینان) بە دووانەیی هاتووە.

ـ وە لای ئیبن و عەساکیر (ل١٥٧) هاتووە (وأنکروا لە عین...) واتە: ئینکاری ئەوەیان کرد کە عەینی هەبێ. لێرە (عەین) بە لەفزی تاك هاتووە.

ـ لە چاپکراوەکە لە (ل١٨) هاتووە (وأن لە عینین بلا کیف ...) واتە: دوو عەینی هەیە بەبێ چۆنیەتی. لێرە (عەینەین) بە دووانەیی هاتووە.

ـ لە چاپەکەی دکتۆرە فەوقیە لە (ل٢٢) هاتووە (وأن لە سبحانە عینین بلا کیف) واتە: پاکی و بێگەردی بۆ ئەو دوو عەینی هەیە بەبێ چۆنیەتی. عەینەین بە دووانەیی هاتووە.

ـ لای ئیبن و عەساکیر لە (ل١٥٨) هاتووە (وأن لە عینا بلا کیف...) واتە: عەینی هەیە بەبێ چۆنیەتی. لێرە عەینی بە لەفزی تاك هێناوە.

جا لەفزی تاکیش ئەوە موافیقی قورئان و سوننەت و وتەکانی سەلەفە، ئەمەش دەقێکی ڕوون و ئاشکرایە کە یاری بە نوسخەی کتێبەکە کراوە، چونکە لەفزی عەینەین بە دووانەیی نە لە قورئان نە لە سوننەتیش هاتووە، وە ئەوەیشی بیکاتە دووانەیی ئەوە خودای پێکچوواندووەو قیاسی کردووە بە دروستکراوە بەرهەستەکان ئەوانەی کە ئەیان بینین، خوای گەورەش پاك و بێگەردە لەوەی کە بە بوونەوەرانی خۆی بشوبهێندرێ.

ئیمامی کەوسەری ئەفەرمووێ: "دەستەواژەی دووانەیی لە قورئان و سوننەتدا نەهاتووە، ئەوەیشی لە ئەبو لحەسەنەوە گێڕدراوەتەوە ئەوە مەدسووسە لە کتێبەکانیەوە بە تیڕوانین بە نەقڵکردنی هەمووان لەوەوە (واتە: تێخراوەتە کتێبەکانیەوەو بە درۆ دراویانەتە پاڵی).[٥٤]

پاشان ئەفەرمووێ: "ئیبن و حەزم فەرموویەتی: دروست نیە بۆ هیچ کەسێك وەصفی خوای گەورە بکات بەوەی کە دوو عەینی هەیە لەبەرئەوەی هیچ دەقێك لە بارەیەوە نەهاتووە".

وە ئیبن و عەقیلیش تەعلیقی داوە لەسەر فەرموودەی دەجالی کە ئەفەرمووێ: "هەندێ جاهیل وا گومان ئەبەن کەوا پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم کاتێ نەفی کوێرێتی لە خوا کرد ئەوە ئیسپاتی کردووە لە بەڵگەی خیتابەکە کەوا دوو عەینی هەیە، ئەمەش دوورە لە تێگەیشتن، بێگومان ئەو نەفی کوێرێتی کردووە لە ڕووی نەفی کردنی کەم و کوڕیەوە"[٥٥].

وە ئیبن و لجەوزی حەنبەلیش ئەفەرمووێ: "ئەمە داهێنانەو هیچ بەڵگەیەکیان لەسەری نیە، بەڵکوو بۆیە دوو عەینیان بۆ چەسپاند لە دەرەنجامی خیتابەوە لە وتەی صلی الله علیه وسلم (إن الله لیس بأعور) واتە: خودا کوێر نیە، بێگومان مەبەستی نەفی کردنی کەم و کوڕیە دەرحەق بەخوای گەورە". نەك مەبەستی پێکچواندن بێ.

وە یەکێ لە نموونەی ئەو چەواشەکاریانەی کە تێیدا کراوە بریندار کردنی ئیمامی ئەعزەمە ئەبو حەنیفە ڕەزای خوای لێ بێ.

---

[٥٤] (الأسماء والصفات للبیهقي بتعلیق الشیخ الکوثري)(ل٣١٣).

[٥٥] (دفع شبهة التشبیه للحافظ إبن الجوزي الحنبلي)(ل١١٤).

له (إبانه)ی چاپکراودا له (ل٥٧) هاتووه: (هارونی کوری ئیسحاقی هەمەدانی باسی کردووه له ئەبو نوعەیمی کوری سلێمانی کوری عیسای قاری له سوفیانی سەوریەوه گێڕاویەتیەوه کەوا فەرموویەتی: حەممادی کوری ئەبو سلێمان بە منی گوت: بە ئەبو حەنیفەی موشریك بڵێ من بەریمە لەو، سلێمان گوتی، پاشان سوفیان فەرمووی: لەبەرئەوەی ئەڵێت قورئان دروستکراوه).

وه سوفیانی کوری وەکیع باسی کردووه کەوا عومەری کوری حەممادی کوری ئەبو حەنیفە گوتی: باوکم هەواڵی پێدام و فەرمووی: ئەو کەلامەی کە ئیبن و ئەبی لەیلا کە تەوبەی بە ئەبو حەنیفە کردووه ئەوه وتەی قورئان دروستکراوه، فەرمووی: تەوبەی لێ کردووەو گەڕاندوویەتی بە نێو خەڵکدا، باوکم فەرمووی: پێم گوت چۆن ئەوەت کرد؟ ئەویش گوتی: ترسام هەڵسێتەوه لێم، بۆیە وەك خۆپارێزی توقیەم پێدا.

وه هارونی کوری ئیسحاق باسی کردووه کەوا گوێم له إسماعیلی کوری ئەبو لحەکەم بوو کە باسی عومەری کوری عوبەیدی تەننافیسی ئەکرد کەوا حەماد (واته: ئیبن و ئەبی سلێمان) بۆ لای ئەبو حەنیفەی ڕەوانه کرد کەوا من بەریمە لەوەی کە تۆ ئەیڵێی، یانیش ئەوەتە تەوبەی ئەکەی، وه ئیبن و ئەبی عوقبەش له لای بوو کە گوتی: هاوسێکەت هەواڵی پێدام کە ئەبو حەنیفە بانگهێشت کراوە بۆ تەوبە کردن لێی دوای ئەوەش کە تەوبەی پێکرا.

وه له قازی ئەبو یوسفیشەوه باسکراوه کەوا فەرموویەتی: "دوو مانگان موناقەشەم لەگەڵ ئەبو حەنیفە کرد هەتاوەکوو گەڕایەوه له دروستکراوێتی قورئان".

ئەبینی، ئایە ئێمە پێویستمان بەوە هەیە ئیسپاتی درۆ بکەین وەکوو ئەو هەوالانە کە تێخراوەو مەدسووسە لە کتێبی ئیمامی ئەشعەری، یاخود ئەوەندە بەسە کە بدرێتە پاڵ (إبانە) چاپکراوەکە تاوەکوو بزانرێ کە دەستکاری کراوەو بە دەستەکان یاری پێکراوە تیایدا ؟!

ـ لە چاپی دکتۆرە فەوقیە لە (ل٩٠ ـ ٩١) لە دوای هەواڵی یەکەم دوای وتەی سلێمان کە دەڵێ: لەبەرئەوەی ئەو ئەڵێ قورئان دروستکراوە، ئەو دەقەش هاتووە (حاشا لە ئیمامی ئەعزەم ئەبو حەنیفە ڕەزای خوای لێ بێ لەو وتەیە، بەڵکوو ئەوە درۆیەو باتڵە، چونکە ئەبو حەنیفە لە چاکترینی ئەهلی سوننەتە).

ـ وە لە دوای وتەی ئیبن و ئەبی عوقبەش کە ئەڵێ: هاوسێکەت هەواڵی پێدام کەوا ئەبو حەنیفە بانگهێشت کراوە بۆ تەوبەکردن دوای ئەوەی کە تەوبەی پێکرا. ئەو دەقەش هاتووە (ئەمەش درۆیەکی ڕووتە بەسەر ئەبو حەنیفەدا ڕەزای خوای لێ بێ).

وە ئیمامی کەوسەری ڕەحمەتی خوای لێ بێ لە تەعلیقاتەکەی لەسەر کتێبی (الإختلاف في اللفظ لإبن قتيبة) ئەفەرمووێ: "یەکێ لە دەستکاریە نامۆکان کە تێخراوەتە نێو هەندێ لە نوسخەی (إبانە)ی ئەشعەری هەروەکوو چۆن شتانێکی تریشی تێخرا بەوەی کەوا حەمادی کوڕی ئەبی سلێمان گوتویەتی: "بە ئەبو حەنیفەی موشریك ڕابگەیێنە کەوا من بەریمە لە دینەکەی"، کە ئەیگوت قورئان دروستکراوە، بێگومان لەفزی حەماد "بە باوکی فلان ڕابگەیێنە"، نەك "ئەبو حەنیفە"، هەروەکوو چۆن لە سەرەتای دروستکراوێتی کردەوەکان هی بوخاری. جا

ئەو کەسەی لە خوا ناترسێ لەفزی "ئەبو حەنیفەی" داناوە لە شوێنی "ئەبو فلان"، خوداش زاناترە بەوەی کەوا ئەو ئەبو فلانە کێیەو بابەتەکە چیە"[٥٦].

وە شێخ وەهبی غاوجی خودا بیپارێزێ ئەفەرمووێ: "خراپ نیە کە بڵێین: ئەگەر ئیمامی ئەشعەری ڕەحمەتی خوای لێ بێ حەقێکی داوەتە پاڵ ئیمامی (واتە: ئەبو حەنیفە) کە وتەی دروستکراوێتی قورئانە، لەبەر ئەو مەکانەت و پایە بەرزەی کە ئیمامی ئەشعەری هەیەتی لای حەنەفیەکان شوێنکەوتەی ئەبو حەنیفە ڕەحمەتی خوای لێ، بۆیە ئەی خوێنەر لامەکەوە بەلای ئەو نەقڵە بڕاوانە هەر لە ئەساسدا، وە باتڵیشە لە ڕووی سەنەدەوە، وە گومانی چاکیش بە ئیمامی ئەشعەری ببە هەروەکوو چۆن گومانی چاك بە ئیمامە پێشەواکان و فوقەهاکان و تێکڕای پێشەواکان ئەبەی ڕەزای خوایان لێ بێ، ئەوە بێنەوە یادت کە زۆرێك لە باتڵەکان تێخرانە سەر فەرموودەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم، کە سەنەدەکانێکی باتڵیشی بۆ ڕێکخرا، بۆ چەند وشەیەکی باتڵ بە هەمان شێوە، وە ئەوەش لە بیر مەکە کە وشەو دەستەواژێنێك لە کتێبی زۆرێك لە زاناکان کۆکرانەوەو وشەو دەستەواژێنێکیشی تیایدا ڕەشکرانەوە هەتا لە ژیانی خاوەنەکەشیدا"[٥٧].

ـ وە هەروەها یەکێ لەو نموونانە هەروەکوو لەو چاپەی کە دەستاودەستی کردووە لە کاتی باس کردنی ئیستیوادا هاتووە: (إن قال قائل: ما تقولون فی الإستواء؟ قیل له نقول: إن الله عز وجل مستو علی عرشه کما قال: (الرحمن علی العرش استوی). واتە: گەر کەسێ بڵێتن: چی ئەڵێن دەربارەی ئیستیوا؟ پێی ئەگوترێ:

---

[٥٦] (الإختلاف في اللفظ لإبن قتيبة)(ل٤٩).

[٥٧] (نظرة علمية في نسبة كتاب الإبانة)(ل٢٠).

خوای گەورە عز وجل ئیستیوای کردووە لە عەرشەکەی خۆی هەروەکوو فەرموویەتی: (الرحمن ئیستیوای کردووە لە عەرشا).

جا لە چاپەکەی دکتۆرە فەوقیەدا لە (ل١٠٥) هاتووە: (نقول: إن الله عز وجل إستوای علی عرشه إستواءا یلیق به من غیر حلول واستقرار) واتە: ئەڵێین: خوای گەورە ئیستیوای لە عەرشەکەی خۆیدا کردووە بە ئیستیوایەك کە شایەن بێ بەو بەبێ تێکەڵ و جێگیربوون (واتە: بەبێ ئەوەی تێکەڵ بە عەرش بێ یاخود لەسەری جێگیر بێ). جا ئەو دەستەواژەی (بەبێ تێکەڵ و جێگیربوون) لە چاپە بەردەستەکە ڕەشکراوەتەوە.

ـ وە لەو (إبانە)یەی کە چاپکراوە لە (ل٧٣) هاتووە: (فکل ذلك یدل علی أنه تعالی في السماء مستوي علی عرشه، والسماء بإجماع الناس لیست الأرض، فدل علی أن الله تعالی منفرد بوحدانیته مستو علی عرشه). واتە: هەموو ئەمانە بەڵگەن کەوا لە ئاسمانەو ئیستیواشی کردووە لە عەرشەکەی خۆی، وە ئاسمانیش بە یەکدەنگی خەڵکی ئەوە ئاسمانی زەوی نیە، بۆیە بەڵگەیە کەوا خوای گەورە .... لاحول ولا قوه الا بالله

بەڵام لە چاپی دکتۆرە فەوقیە لە (ل١١٣) هاتووە: (فدل علی أنه تعالی منفرد بوحدانیته مستوي علی عرشه استواءا منزها عن الحلول والإتحاد). واتە: بەڵگەیە کەوا خوای گەورە تاکە بە تەنهایەتی خۆی و ئیستیوای کردووە لە عەرشەکەی خۆی بە ئیستیوایەك کە پاك و بێگەرد بێ لە تێکەڵبوون و یەکبوون یەکگرتن.

غەیری ئەمانەش بە دەیەها نموونە کە بەڵگەن بە بەڵگەیەتی قەتعی لەسەر دەستکاری ئەو کتێبە، ئەوەی بڕاوەتەوە ئەوەیە کەوا ئیعتیبار بە دروستیەتی زۆربەی ئەوەی لەو کتێبەیە نەکرێت و ڕۆڵی عەقیدەی ئیمامی ئەشعەری ناگێڕێ

ئیللا ئەوانە نەبێ کە موافیقی وتەی هەموو ئەهلی عیلمن، وە لەویشەوە نەقڵیان کردووە.

جا ئەگەر ئەوە ئیسپات بوو لەوەی کە ڕابوورد لەگەڵمان لە ڕووی مێژوویەوە کەوا ئیمام دوای گەڕانەوەی لە ئیعتیزالیێتی ئەوە لەسەر مەنهەجی سەلەف و ئەهلی سوننە بووە، وە هەروەها ئەگەر ئیسپات بوو کەوا ئیمامی ئیبن و کوللاب یەکێکە لە پێشەواکانی سەلەف و لەسەر ڕێگای سوونەیە، وە هەروەها ئەگەر ئیسپات بوو کەوا کتێبی (إبانە) ئەوەی ئەو بانگەشەیەی لەسەر دامەزراوە لە ئەساسەوە ئەوە لە حەقیقەتدا دانراوە لەسەر ڕێگای ئیبن و کوللاب کە هەر خودی ڕێگاکەی ڕێگای سەلەفە، کەوایە ئەوە ئیسپات بوو، وە ئیسپات بوونی بیناکردنیشی لەسەر درا بەوەی کەوا ئیمام بەسێ قۆناغاندا تێنەپەڕیوە لە ژیانی خۆیدا، بەڵکوو دوو قۆناغە، یەکێکیان ئیعتیزالیێتیە کە لە سەرەتای ژیانیەوە دەست پێ ئەکات پاشان قۆناغی گەڕانەوەی بۆ ڕێگای سەلەف.

ئەو کەسەی کە ئەو بانگەشەیە ئەکات ئێمە نازانین کەوا بەڵگەی بە دەستەوە بێ جگە لە پشت بەستن بە ئوسلوبی (إبانە) وە هەندێ ریسالەی تریشی، وە لەگەڵ ئەو شێوازەی کە لەسەری نوسیویەتی، لەبەرئەوەی ئیمام لە (إبانە)دا ڕێگای تەفویزی گرتووەتەبەر، کە بریتیە لە ڕێگای زۆرینەی سەلەف، وە لە حەقیقەتدا دژایەتی نێوان ئەو و نێوان ڕێگای تەئویل ناکات بە مەرجی خۆی، ئەشاعیرەکان بڕوایان وایە هەموو ئەوەی کە لە (إبانە)دا هەیە ـ مەبەستمان (إبانە)ی ڕاست و صەحیحە ئەوەی کە ئیمام نوسیویەتی نەك ئەو (إبانە) داستکاری کراوە ـ پەنجاکانی خۆیان لەسەری گرێ ئەدەن، چونکە هەر یەکێك لە تەفویزو تەئویل حەق و ڕاستەو هیچ ئیعتیڕازێکی لەسەر نیە، وە هەردوو ڕێگاکە کۆکن لەسەر بە پاکڕاگرتنی خوای گەورە دوای ئەوەی کە خوای گەورە بۆ خۆی ئیسپاتی کردووە،

هەردووکیان کۆکن لەسەر دوورکەوتنەوە لە ڕووکەشی زاهیری[58]، وە ئەوەیشی کە دروستکراوان لە جیهانی خۆیاندا هەیە.

---

[58] بۆ نموونە: وشەی (یەدو وەجهو استوی هتد) ئەمانە لە زمانی عەرەبیدا لەفزانێکی هاوبەشن کە هەر یەکەو چەند مانایەك لە خۆ ئەگرێ، جا ڕێگای زۆرینەی سەلەف بڕوایان بە ئایەتەکان هەیەو ئاوا دەیخوێننەوەو زیهنی خۆشیان بە پاکڕائەگرن لەوەی کە بڵێن: یەدێك لە خوا بوەشێتەوەو ئەوانی تریش هەروا، بەڵکوو بەسەریدا ئەڕۆن و لە چۆنیەتی و تەفسیرکردنی خۆیان ئەپارێزن، ماناکەی حەواڵەی خواو پێغەمبەرەکەی ئەکەن کە هەر خۆیان بە مانای ئەمانە ئەزانن، ڕێگای دووەم ئەمانەی کە نوسرا تەئویل ئەکرێ بە مانایەك کە شایەنی خوا بێ، چونکە چەند ئایەتێك هەیە هەموو ئەو سیفەتانە دێنە ژێر یاسای ئەو ئایەتانە لەوانە: (ليس كمثله شيء وهو السميع البصير) واتە: هیچ شتێك وەکوو خودا نیە، لەگەڵ ئەوەش بیسەرو بینەرە، (ولم يكن له كفوا أحد) واتە: هیچ شتێك لەم وجودە هاوتاو هاوشانی خودا نیە، (والله غني عن العالمين) واتە: خودا بێ ئیحتیاجە بە هەموو خەڵکی، ئەم ئایەتانە موحکەمن جا ئەو ئایەت و فەرموودە پێکچوانە موحکەمات نین بەڵکوو موتەشابیهاتن بۆیە هەموویان دێنە ژێر تەفسیری ئایەتە موحکەمەکان. وە بەگوێرەی هاوبەشی لەفزەکانیش لە زمانی عەرەبی ئیتر تەفسیرو مانایەکی بۆ لێك ئەدرێتەوە کە شایستەی خوایەتی پەروەردگار بێ جل جلالە. جا حەشویەکان هاتن تەفویزیان بەوە تەفسیر کرد کەوا مەبەستی سەلەف ئەوەیە کەوا ئێمە یەدو وەجهو ئیستیوا بەمانای زاهیریان وەرگرتووەو بڕوایان بە ڕووکەشەکەی هەیە کە پێکچووە لەگەڵ بوونەوەران بەڵام ئەوەندە هەیە دەڵێن ئێمە چۆنیەتیەکەی نازانین، با نموونەیەکتان لەسەر گومڕایی ئەوان بۆ بێنینەوە کە ئەوان و سەلەف ئاسمان و ڕێسمان لێك دوورن، ئەڵێ: خودا یەدی هەیە واتە دەستی هەیە بەس دەستێك لە خۆی بووەشێتەوە، ئەوانی تریش هەروا، ئەمەش یەکێکە لە تەجسیم و بەجەستەکردنی خودا چونکە سەلەف کە تەفویزیان کردیە ئەو تەفسیرەیان نەداوەو ئەو لێکدانەوەشیان بۆ نەکردووە، چونکە ئیسپاتکردنی دەست و قاچ و ڕوو بۆ خودا بە مانای زاهیریەکەی ئەوە جەستە دانانن بۆ خوداو دەرچوونە لە لەفزی هاوبەشی قوڕئان سەبارەت بەو ئایەت و فەرموودانە، ئەمەی ئەوان ئەیڵێن وەکوو ئەم قسەیە کە بڵێم: فیل دەست و چاوی هەیە بەس دەست و چاوەکەی لە خۆی دەوەشێتەوە، بێگومان دەست و چاوی منیش لە خۆم دەوەشێتەوە ئەوەی تۆش هەروایە،

حافیزی ئیبن و عەساکیر ئەفەرمووێ: "بەڵکوو ئەشاعیرەکان بڕوایان بەوە هەیە کە لە (إبانە)دا هەیە بە باوەڕێکی پتەویش، وە پشتیشی پێ ئەبەستن بە پشت بەستنێکی بەهێزیش، سوپاس بۆ خوا چونکە ئەوان موعتەزیلە نین، وە نەفیکەری سیفاتی خواش نین تا موعەطلیلەو پەککخەر بن، بەڵکوو ئەوان ئەوەی خوای گەورە لە سیفاتەکان بۆ خۆی جێگیری کردبێ ئەوان جێگیری ئەکەن، وە وەصفیشی ئەکەن بە وەصفێك کە لە موحکەمی ئایەتەکاندا وەصفی خۆی پێ کردووە، وە بەوەش کە پێغەمبەرەکەی صلی الله علیه وسلم وەصفی پێ کردووە لە ڕیوایەتە صەحیحەکاندا، وە بە پاکیشی ئەگرن لە سیفەتەکانی نەقص و دەردو ئافاتەکان"[٥٩].

ئەمەی حافیزی ئیبن و عەساکیر ئەفەرمووێ ڕێکە لەگەڵ کتێبی (إبانە) ئەوەی کە ئیمام دایناوە، بەڵام ئەو (إبانە)ی کە ئیمڕۆکە لەبەردەستی خەڵکایە ئەوە جێگای باوەڕپێکردن نیە، وە صەحیحیش نیە تا ڕۆڵی بیروباوەڕی ئیمام یاخود ئەشاعیرەکان بگێڕێ هەروەکوو ئەوەمان سەلماند، جگە لەوە نەبێ کە هاوڕای وتەی هەموویان بێ.

وە هەروەها دووبارە ئەفەرمووێ: "بەردەوام کتێبی (إبانە) صەواب و پێکاو بوو لای خەڵکی دیانەتەکان، گوێم لە شێخ ئەبو بەکری أحمدی کوڕی محمدی إسماعیلی کوڕی محمدی کوڕی بەشاری بوشنجی بوو کە ناسراوە بە خەسرۆجوردی کە فیقهزانێکی زاهید بوو ئەیگێڕایەوە لە هەندێ لە شێخەکانی خۆی کە ئیمامی ئەبو عوسمان إسماعیلی کوڕی عبد الرحمانی کوڕی إحمدی صابونی نەیسابووری کە

---

ئەمەش زاناکانی ئەهلی سوننە ئەڵێن: جەستە دانانە بۆ خوداو دوورکەوتنەوەیە لە مەنهەجی تەفویزو تەئویل. بۆیە ئاگاداری ئەو گومڕاییەی حەشویەکان بن! وەرگێڕ

[٥٩] (تبين كذب المفتري)(ل٣٨٨).

دەرنەئەچوو بۆ مەجلیسی دەرسەکەی ئیللا (إبانە)ی ئەبو لحەسەنی ئەشعەری بە دەستیەوە بووە، وە سەرسامی خۆیشی بۆ دەرئەبڕی، وە ئەیفەرموو: ئەو کەسە ئینکاری چ شتێکی ئەو کتێبە ئەکات کە شەرحی مەزهەبەکەیەتی، ئەمەش وتەی ئیمامی ئەبو عوسمانە کە لە ناودارەکانی ئەهلی ئەسەرە لە خۆراسان"[٦٠].

بڕوانە قەدرو ڕێزی کتێبی (إبانە) وە خاوەنەکەشی لای ناودارانی ئوممەت، ئەمە شێخی ئیسلام ئەبو عوسمانی صابوونیە ڕەحمەتی خوای لیّ بیّ کە کەسێکی ئەوەندە گەورە بووە لە ڕووی زانست و زوهدەوە[٦١]، ئەم ستایشە بۆن خۆشەی لەسەر ئیمامی ئەبو لحەسەن و کتێبەکەی (إبانە) کرد، وە لەوەوە شێخو لئیسلام ئەبو عوسمانی صابوونی فێربووە کە لەسەر ڕێگای ئیمامی ئەشعەری بووە، چۆن نا لە کاتێکدا کە خۆی ئیمامی ئەبو تەیبی سەهلی کوڕی ئەبو سەهلی صەعلوکی پەروەردەو پاڵفتە کردووە، کە ئەبو تەیبە لە چینی هاوەڵانی هاوەڵانی ئیمامی ئەشعەریە، واتە: لە چینی دووەمە، کە پێشەواکانی ئەو کاتە لە مەجلیسی ئەبو عوسمان ئامادە ئەبوون وەکوو ئوستاز ئەبو ئیسحاقی ئیسفەڕاینی و ئوستازو ئیمام ئەبو بەکری کوڕی فۆرك و هەموو پێشەواکان. ئەمانەش هەموویان لە زانا ناودارەکانی ئیسلامن لە گەورەکانی ئەشاعیرەن، جا ستایشکردنیان بۆی وە

---

[٦٠] (تبين كذب المفتري)(ل٣٨٩).

[٦١] ئیمامی تاج الدینی سبوکی ئەفەرمووێ: ناسناوی شێخو لئیسلامە، کە ئەهلی سوننە لە ولاتی خۆراسان ئەو ناسناوەیان لێناوە، جا کاتێ کە ئەیلێن مەبەستیان جگە لەو هیچ کەسێکی تر نیە.

ستایشی ئەویش بۆیان بەڵگەیە کەوا ئەوان لەسەر یەك ڕێگا بوونە ڕەحمەتی خوایان لێ بێ، وە لێشیان ڕازی بێ[٦٢].

دوای هەموو ئەوەی کە ڕابوورد، وە دوای هەموو ئەو بەڵگانە، ئایە ڕاستە بەگوێرەی مەنهەجی زانستی بۆ توێژینەوە هەموو ئەو بەڵگە مێژوویی و عەقڵی و زانستیانە ئیهمال بکرێ، پاشان وتەیەکی هەڵهەێنجراوی وەربگیرێت کە ناگاتە ئاستی زەننیش، وە هیچ شتێکیش پشتگیری ناکات چ لە نەقڵ چ لە عەقڵ؟!

وصلى الله على سيدنا محمد وآله وصحبه أجمعين

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين.

---

[٦٢] (السير الأعلام النبلاء)(ب١٨/ل٤٠). (تاريخ دمشق)(ب٩/ل٣). (الطبقات الشافعية للسبكي)(ب٤/ل٢٧١).